تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
کەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5907) پێنج شەممە 9ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

نێچیرڤان بارزانی:

لە بەرژەوەندیی عێراقدا نییە بکەوێتە ناو ناکۆکیی ناوچەکە



دوای کۆبوونەوەکانی هەرسێ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی سەرۆکایەتییەکان لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، پاشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەمە 2020/1/8 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە سەر دوا پێشهات و ڕووداوەکانی دۆخی عێراق بەگشتی و چەند پرسێکی دیکە. سەرەتا بەڕێزیان لە وتەیەکدا باسی لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان کرد و گوتی: " ئەمڕۆ لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دوو کۆبوونەوەمان هەبوو. یەکەمیان هەرسێ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و حکوومەت، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان لەسەر ئەو پێشهاتانە هەبوو کە ئەمڕۆ لە عێراق هەیە. دواتر کۆبوونەوەیەکی دیکەمان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی هەبوو کە هەموو لایەکیان بە سوپاسەوە بانگهێشتی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیان قبوڵ کرد و تەشریفیان هێنا". "لەم کۆبوونەوەیەدا بە شێوەیەکی گشتی تیشکمان خستە سەر ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ لە عێراقدا هەیە. بە شێوەیەکی گشتی هەرێمی کوردستان نیگەرانە لە پەرەسەندنی ئالۆزییەکان بۆ عێراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە و جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پێویستە هەموو لایەک هەوڵی جددی بدەن بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە لە هەموو ڕوویەکەوە. ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان، خۆشبەختانە فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق هەموویان بە سوپاسەوە بە یەکگرتوویی هەڵوێستیان هەیە و بەیەکەوە کار دەکەن و لە هەرێمی کوردستانیش هەموو ئەو لایەنانە کۆک بووین لەسەر ئەوەی کە مەرجی سەردەکی دەبێت کارکردنی ئێمە بەیەکەوە بێت. هەوڵی جددی دەدەین کە هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی نەبێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ئەو ململانێیانەی ئێستا هەیە. خۆم وەک سەرۆکی هەرێم و هەروەها بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمیش لەسەر هێڵێن لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی دەردەوە و ناوەوە کە پەیوەنددارن بەو پرسە و هەوڵەکانی ئێمە بەگشتی وەک سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و حکوومەت ئەوەیە بتوانین ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بپارێزین و بێگومان لەسەر ئەم هەوڵانە بەردەوام دەبین".


زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە



سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان لەبارەی پێشهاتە سیاسییەکان کۆبوونەوە

ئەنجوومەنی وەزیران دواین پەرەسەندنەکانی بارودۆخی عێراق و ناوچەکەی تاوتوێکرد

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە گفتوگۆکانی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بۆ پاراستنی مافە دەستوورییەکان و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان



دوێنێ چوارشەمە 2020/1/8 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەکەدا، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، تیشکی خستە سەر دواینی پەرەسەندنەکانی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە. سەرۆک وەزیران رایگەیاند: ئێمە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ گرژی و ناڵۆزبوونی زیاتری بارودۆخی عێراق و ناوچەکەدا نین، چونکە زەمینە بۆ سەرهەڵدانەوەی تووندوتیژی زیاتر و چالاکیی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەرەخسێنێت بە تایبەتی داعش، هەرێمی کوردستانیش بە هاوکاری هاوپەیمانان بەردەوام دەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر.

سەرۆک وەزیران جەختی لەوەش کردەوە کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێورکردنەوەی دۆخی عێراق و ناوچەکەیە. گوتیشی: هیوادارین هەموو لایەنەکان ڕێز لە ڕۆڵی هاوسەنگانەی هەرێمی کوردستان بگرن. سەرۆک وەزیران هەروەها ئاماژەشی بەوەدا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دوا پێشهاتەکانی عێراقیان تاوتوێکرد



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و مایک پەمپێیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دوا پێشهاتەکانی عێراقیان تاوتوێکرد. بەرەبەیانی دوێنێ چوارشەمە 2020/1/8 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و مایک پەمپێیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، گفتوگۆیان دەربارەی دوا پێشهاتەکانی عێراق کرد و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوای هێورکردنەوەی بارودۆخەکەی کرد.

وەزارەتی ناوخۆ: کەوتنە خوارەوەی مووشەکەکە هیچ زیانێکی لێ نەکەوتووەتەوە



وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە کەوتنە خوارەوەی مووشەکەکەی ئێران لە سنووری پارێزگای هەولێر ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کەوتنە خوارەوەی مووشەکەکە هیچ زەرەر و زیانێکی نەبووە.

هەر سەبارەت بەو پرسە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر لیوا عەبدولخالق تەڵعەت بە مانگەڕی پارتی ڕاگەیاندووە ئەو مووشەکەی کەوتووەتە خوارەوە 5کیلۆمەتر لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە دوورە و هیچ زیانی مادیی و گیانیی نەبووە و تەنها یەک مووشەکیش بووە، هاوکات قایمقامی قەزای بەردەڕەش، خەلیل مەحمود، ڕایگەیاندووە: زیانی گیانی نەبووە و تەنیا جامی هەندێک ماڵ و دووکان بەهۆی دەنگی مووشەکەکەوە شکاون.



مەترسییەکانی دەوڵەتی خاوەن نەوت

وردبوونەوە لە پارادۆکسی زۆری

تێری لێین کارڵ و : نەژاد عزیز سورمێ

سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان لەبارەی پێشهاتە سیاسییەکان کۆبوونەوە

ڕێکاری سەربازی بە هیچ شێوەیەک کێشەکان چارەسەر ناکات



هەرێمی کوردستان پشتیوانیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە پێویست دەزانێت

لە چوارچێوەی کۆبوونەوە دەورییەکانی خۆیدا، دوێنێ چوارشەمە 2020/1/8 هەر سێ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا دوا پێشهاتەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە خرانە بەر باس و هەڵسەنگاندنی ورد بۆ ڕووداوەکان و هەڵوێستی هەرێمی کوردستان کرا. لەم چوارچێوەیەدا هەر سێ سەرۆکایەتی، نیگەرانیی قوواڵی خۆیان بۆ تەشەنەسەندنی ڕووداوەکانی ناوچەکە دەربڕی لە کاتێکدا کە مەترسیی تیرۆر فراوانتر بووە و هەڕەشەی ڕاستەقینەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، عێراق و ناوچەکە هەیە.

دەربارەی ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووش، بە تایبەتی پێشهاتەکانی ئەم بەرەبەیانییە، هەرێمی کوردستان جەخت دەکاتەوە کە ڕێکاری سەربازی بە هیچ شێوەیەک کێشەکان چارەسەر ناکات. هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێزردکردنەوەی دۆخەکە و دیالۆگ و چارەسەری دیپلۆماسیانەی کێشەکان و سەقامگیری و ئارامییە، داوای لە هەموو لایەک دەکات هەرێمی کوردستان لە ململانێکانیان بەدوور بگرن.

هەرێمی کوردستان پشتیوانیی هێزی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێزردکردنەوەی تیرۆر و ڕووبەڕووبوونەوەیان بە پێویست دەزانێت، بەتایبەتی کە لە چەند مانگی ڕابردوودا جووڵە و کردەوە تیرۆریستییەکانیان هەڵکشاون، بۆیە داوا دەکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نەدات تیرۆر سەرهەڵبداتەوە.

بۆ بەردەوامیی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و داعش، هەرێمی کوردستان پشتگیریی لە هەوڵەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش دەکات و پێویستی بە بەردەوامبوونی هاوکاریی سەربازی و هەواڵگریی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و داعش.




مەسرور بارزانی: هەموو هەوڵێک دەدەین ئارامی بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە

خەبات: مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیدا دوێنێ چوارشەمە ڕایگەیاند: ئێمە نیگەرانین لە ڕەوشی ئێستای ناوچەکە و کەشێکی ناسەقامگیریی دروستکردووە. هەروەها سەرۆکوەزیرانی کوردستان ڕاشیگەیاند: هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ ئەوەی ناوچەکە ئارامی بۆ بگەڕێتەوە و هەرێمی کوردستانیش لە گرژییەکان بە دوور بخەین و بە پارێزراویی بیهێڵینەوە.

سەرۆکوەزیرانی کوردستان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوتیشی: هەروەک دەزانن ئێستا لە ناوچەکە هەندێک ڕووداوی ناخۆش ڕوویانداوە لە عێراق و لە هەرێمی کوردستان، ئێمە بە نیگەرانییەکی زۆرەوە سەیری ئەو ڕووداوانە دەکەین کە ئێستا لەو ناوچەیە ڕوودەدەن، ئەو گرژی و تونددوتیژییانەی لەناوچەکەدا هەن، ناوچەکەی نائارام و ناسەقامگیر کردووە، بۆیە ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین و ئەوەی توانیومانە و ئەوەی دەتوانین کردوومانە و دەیکەین، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو لایەنەکان کە بارودۆخەکە بەرەو هێوری بڕوات و ئارامی و سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە، بەڵام ئەرکی هەرە لەپێشی ئێمە پاراستنی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستانە، هەموو هەوڵێکیش دەدەین بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان تێکەڵی ئەو کێشانە نەبێت و ئەو گرژی و تونددوتیژیانە بەرەو کۆتایی بڕوات، هەروەها سەرۆکوەزیرانی کوردستان مەسرور بارزانی گوتیشی: لەگەڵ هەموو لایەنەکان لە پەیوەندی بەردەوامدا دەبین و دەمەوێت خەڵکی کوردستان دڵنیا بکەمەوە کە ئەوەی لە تواناماندا بێت دەیکەین بۆ ئەوەی کوردستان هەر پارێزراو بمێنێتەوە.

ئەنجوومەنی وەزیران دواین پەرەسەندنەکانی بارودۆخی عێراق و ناوچەکەی تاوتوێکرد

سەرۆک وەزیران: هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێورکردنەوەی دۆخی عێراق و ناوچەکەیە



دوێنێ چوارشەمە 2020/1/8 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، تیشکی خستە سەر دوایین پەرەسەندنەکانی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە. سەرۆک وەزیران ڕایگەیاند: ئێمە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ گرژی و ئاڵۆزبوونی زیاتری بارودۆخی عێراق و ناوچەکەدا نین، چونکە زەمینە بۆ سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی زیاتر و چالاکیی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەرەخسێنێت بە تایبەتی داعش، هەرێمی کوردستانیش بە هاوکاری هاوپەیمانان بەردەوام دەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر.

سەرۆک وەزیران جەختی لەوەش کردەوە کە هەرێمی کوردستان هیواداراین هەموو لایەنەکان ڕێز لە ڕۆڵی هاوسەنگانەی هەرێمی کوردستان بگرن. سەرۆک وەزیران هەروەها ئاماژەشی بەوەدا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە گفتوگۆکانی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بۆ پاراستنی مافە دەستووریی و مووچە و شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان.

پاشان ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی دەربارەی ئەنجامی سەردانەکەی بۆ بەغدا و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ سەرۆک وەزیران و بەرپرسانی باڵای عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەو ڕێککەوتنانەی کە لە سەردانەکەدا ئەنجامدران، کرد.

ئەنجوومەنی وەزیران دوای ڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان، دوو بڕگەی نوێی بۆ پڕۆژە یاساکە پەسەند کرد کە تایبەت بوون بە پاراستنی گشت شایستە داراییەکانی مووچەخۆران لە ئەژمێرێک کە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە ڕێنماییەک ڕێکیدەخات. بڕگەی دووەم تایبەت بوو بە ئەولەویەتدانی حکوومەت بە پێدانی ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە ٦٠ ساڵ سەروترە و ئەو کەسانەی کە نەخۆشی جۆراوجۆریان هەیە و پێویستیان بە چارەسەری تایبەت هەیە.

ئابووری پەرلەمانی کوردستان و چەند پێشنیارێکی تایبەت بە پڕۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرمانە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر لە هەرێمی کوردستان کرد، کە پێشتر لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیران پەسەند کرا و ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کرا.

هیواداراین هەموو لایەنەکان ڕێز لە ڕۆڵی هاوسەنگانەی هەرێمی کوردستان بگرن

حکوومەتی عێراق: ئێران لە ئەنجامدانی هێرشەکە ئاگاداری کردبوونەوە

حکوومەت هەرچی هەوڵ و توانای هەیە خستوویەتەگەڕ بۆ ئەوەی ڕەوشەکە لەوە زیاتر خراپ نەبێت



سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاند لە ماوەیەکی کەمدا، ئێران ئاگاداری کردبوونەوە کە هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکەکانی سوپای ئەمەریکا لە عێراق ئەنجام دەدات، بێ ئەوەی شۆێنی بنکەکان دیاری بکات.

دوێنێ چوارشەمە نووسینگەی عادل عەبدولمەهدی ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا هاتووە دەرنگانی شەو، پەیامێکمان لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەدەست گەیشت کە تیایدا ڕایگەیاندبوو دوای کەمێکی دیکە دەست دەکرێت بە تۆڵەسەندنەوەی کوشتنی قاسم سولەیمانی. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە ئێران لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بەوەیشکردبوو هێرش دەکاتە سەر بنکەکانی سوپای ئەمەریکا لە عێراق، بێ ئەوەی شۆێنی بنکەکان دیاری بکات. ڕاشگەیاندراوە لە هەمان کاتدا، لایەنی ئەمەریکی پەیوەندی پێوەکردین کە ژمارەیەک مووشەک لە بنکەی هێزەکانی لە عەین ئەسەد لە ئەنبار و هەولێر و بنکەکانی دیکە کەوتوونەتە خوارەوە. هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە بێگومان لەگەڵ ئەنجامدانی هێرشەکەدا، فەرماندە سەربازییەکانمان ئاگادار کردبوویەوە بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر تا بەهۆی هێرشەکەوە زیانی گیانی بەر هێزە عێراقییەکان نەکەوێت، جگە لەوەیش تا ئێستا ئاگادار نەکراوینەتەوە لەوەی ئایە زیان بەر هێزەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژبە داعشەوە کەوتووەتە یان نا. ئاماژە بەوەیشکراوە کە عادل عەبدولمەهدی هەر لە سەرەتای ئەنجامدانی هێرشەکە، چاودێری ڕەوش و پێشهاتەکانی کردووە، هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەورەوە لە پەیوەندییدا بووە بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکە. لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە لە کاتێکدا عێراق ڕەتی دەکاتەوە سەروەریەکەی پێشێل بکرێت و هێرش بکرێتە سەر خاکەکەی، حکوومەت هەرچی هەوڵ و توانای هەیە خستوویەتەگەڕ بۆ ئەوەی ڕەوشەکە لەوە زیاتر خراپ نەبێت و هەموانیش ڕێز لە سەروەری عێراق بگرن.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/1/9 ژمارە (5907)



نێچیرڤان بارزانی:

لە بەرژەوەندیی عێراقدا نییە بکەوێتە ناو ناکۆکیی ناوچەکە



دوای کۆبوونەوەکانی هەرسێ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی سەرۆکایەتییەکان لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، پاشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەمە 2020/1/8 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە سەر دوا پێشهات و ڕووداوەکانی دۆخی عێراق بەگشتی و چەند پرسێکی دیکە.

سەرەتا بەڕێزیان لە وتەیەکدا باسی لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان کرد و گوتی: "ئەمڕۆ لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دوو کۆبوونەوەمان هەبوو. یەکەمیان هەرسێ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و حکوومەت، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان لەسەر ئەو پێشهاتانە هەبوو کە ئەمڕۆ لە عێراق هەیە. دواتر کۆبوونەوەیەکی دیکەمان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی هەبوو کە هەموو لایەکیان بە سوپاسەوە بانگهێشتی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیان قبوڵ کرد و تەشریفیان هێنا".

"لەم کۆبوونەوەیەدا بە شێوەیەکی گشتی تیشکمان خستە سەر ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ لە عێراقدا هەیە. بە شێوەیەکی گشتی هەرێمی کوردستان نیگەرانە لە پەرەسەندنی ئاڵۆزییەکان بۆ عێراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە و جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پێویستە هەموو لایەک هەوڵی جددی بدەن بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە لە هەموو ڕوویەکەوە. ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان، خۆشبەختانە فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق هەموویان بە سوپاسەوە بە یەکگرتوویی هەڵوێستیان هەیە و بەیەکەوە کار دەکەن و لە هەرێمی کوردستانیش هەموو ئەو لایەنانە کۆک بووین لەسەر ئەوەی کە مەرجی سەرەکی دەبێت کارکردنی ئێمە بەیەکەوە بێت. هەوڵی جددی دەدەین کە هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی نەبێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ئەو ململانێیانەی ئێستا هەیە. خۆم وەک سەرۆکی هەرێم و هەروەها بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمیش لەسەر هێڵین لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی دەڕەوە و ناوەوە کە پەیوەندارن بەو پرسە و هەوڵەکانی ئێمە بەگشتی وەک سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەت ئەوەیە بتوانین ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بپارێزین و بێگومان لەسەر ئەم هەوڵانە بەردەوام دەبین".

"ئاگاداری ئەو ڕووداوەن کە بەردەبەیانیی ئەمڕۆ لە بنکەی سەربازیی عەینولئەسەد ڕوویداوە، هەروەها ئەو موشەکانەی بەرەو هەرێمی کوردستان هاتن، خۆشبەختانە لە هەرێمی کوردستان هیچ زیانێکیان نەبووە و ئەمە جێگەی دڵخۆشییە. هێوادارین و هەموو هەوڵێکیشمان بۆ ئەوەیە ئەم دۆخە لەم حەددە ڕابگیرێت و لەمە زیاتر تەشەنە نەکات و پەرە نەسێنێت. هەموو لایەکمان کۆک بووین لەسەر نیگەرانیی جددیی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو بڕیارەی کە یەکلایەنە لە پەرلەمانی عێراق سەبارەت بە هێزی هاوپەیمانان درا. لە هەرێمی کوردستان پێمان وایە عێراق بە شێوەیەکی گشتی پێویستی بە هێزەکانی هاوپەیمانان هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستان. ئەوەی ئێمە دەیبینین و بەپێی ئەو هەواڵ و زانیارییە هەواڵگرییانەی ڕۆژانە بەدەستمان دەگات، دەبینین بە شێوەیەکی سیستماتیک کردارەکانی گرووپە تیرۆرستییەکان لە عێراق بەرەو زیادبوون دەڕوات و ئەمەش جێگەی نیگەرانییە بۆ هەرێمی کوردستان و هەموو عێراق".

دواتر لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە قسەکردن لەگەڵ هاوپەیمانان و کۆماری ئیسلامیی ئێران بەمەبەستی پارێزراوبوونی هەرێمی کوردستان لە هەر هێرش و پێکدادانێکدا، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی گوتی: "کوردستان بەشێکە لە عێراق، هەر لەو چوارچێوەیەشدا لەگەڵ هاوپەیمانان قسەمان کردووە و بێگومان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەسەر ئەم بابەتە قسە دەکەین و دووپاتیشی دەکەینەوە کە هەموو هەوڵێکی جددیی ئێمە بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە".

دەربارەی ئەوەی کە پێشتر هەرێمی کوردستان لە هێرشەکان ئاگادار کرابێتەوە، بەتایبەت لەلایەن عێراق و هاوپەیمانانەوە و پێویستیی ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی فراوان لەسەر ئاستی عێراق بە بەشداریی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە، بەڕێزیان ڕایگەیاند: "لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیارمان داوە شاندێک بۆ بەغدا بنێرین بەمەبەستی گفتوگۆ و قسەکردن لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندارەکان و هەر لەو چوارچێوەیەدا بەردەوام لەگەڵ جەنابی سەرۆک کۆمار و بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق د. فوئاد حسێن و لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە لەسەر هێڵین و ئەو کۆبوونەوەیەش ئەنجام دەدەین. بە شێوەیەکی گشتی ئێمە هیچ هۆشداریەکمان وەرنەگرتووە لەوەی کە بە ئێمە بڵێین لەم کاتە و لەم دۆخەدا موشەکەکان دێن، ئێمە هۆشداریی فەرمیی لەم شێوەیەمان لە هیچ لایەک وەرنەگرتووە".

هەر دەربارەی بارودۆخی عێراق و دوا پێشهاتەکان و لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئاشکرای کرد: "هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک بەشێک نییە لەو ناکۆکییەی ئێستا هەیە و ئێمە نامانەوێ عێراق بەگشتی بەشێک بێت لەو ناکۆکییانەی ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا هەیە، بەتایبەتی بەشێک بێت لەو ئاڵۆزیانەی لەنێوان ئەمەریکا و ئێراندا هەیە، ئێمە نامانەوێت عێراق بەشێک بێت لەو ئاڵۆزییە. ئێمە تا ئێستا بە فەرمی بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ لایەک ئەوەمان وەرنەگرتووە کە سەربازەکان ئەگەر لە شوێنەکانی دیکەی عێراق نەمان دێن بۆ هەولێر، سەبارەت بە ئێمەش هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و ئێمە بەشێکین لە سەروەری و حکوومەتی عێراق".

سەبارەت بەو دەنگۆیەش کە گوایە شاندێکی هەرێمی کوردستان لەم نزیکانە سەردانی تارانی پایتەختی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات، بەڕێزیان گوتی: "لەوانەیە لە چوارچێوەی شاندی حکوومەتی عێراقدا بۆ بەشداریکردن لە پرسە، شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی تاران بکات، بەڵام ئەم سەردانە تەنها بۆ سەرەخۆشییە".

دەربارەی چۆڵکردنی بارەگاکانی حەشدی شەعبی دوای بۆردومانکردنیان لەلایەن ئەمەریکاوە و چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو شوێنانە بەتایبەت لە ناوچە جێناکۆکەکان، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ئاشکرای کرد: "هیچ داواکارییەکی وا لە ئێمە نەکراوە بچێن ئەو شوێنانە بگرینەوە، بێگومان یەکڕیزیی ئێمە بەتایبەتی ئەوەی کە جێی دڵخۆشییە لەم ماوەیەدا ئەو هەڵوێستەی کورد بەیەکەوە یەکدەنگ بوون لە بەغدا، سەلماندوویەتی زۆر کاریگەر بووە و جێی خۆی گرتووە. وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەناوی هەردوو جێگرانی سەرۆکی هەرێمەوە سوپاسی هەموو لایەنەکان دەکەم، بەتایبەتی سوپاسی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق دەکەم کە زۆر بەیەکەوە و بە یەک هەڵوێست بۆ بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان کاریان کرد. بێگومان هەرچەند ئەم هەڵوێستانە یەکگرتوو بن، پێگەی هەرێمی کوردستانیش زیاتر دەبێت. ئێمە نیگەرانین لەو هەڵوێستەی کە یەکلایەنە لە پەرلەمانی عێراقدا بڕیاری لەسەر درا، چونکە ئەمە دەستپێکردنێکی زۆر جێگەی نیگەرانییە بۆ هەرێمی کوردستان، نەک تەنها کورد، بەڵکو بۆ پێکهاتەکانی دیکەش کە بەداخەوە بگاتە ئەو ئاستەی یەکلایەنە بڕیار لەسەر شتەکان بدرێت. ئەو عێراقەی ئێمە پێکەوە بنیاتمان ناوە، عێراقێکە لەسەر بنەمای شەراکەت و سازان و یەکترقبووڵکردن بەپێی دەستوور بەڕێوە بچێت، نەک لایەنێک تەنیا بڕیار لەسەر داهاتوویەکی وا بدات کە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری دەبێت. ئێمە لە هەڵوێستی سۆزداری تێدەگەین و دەزانین دۆخەکە چۆنە، بەڵام هیوادارین عەقل حاکم بێت لەسەر ئەو بڕیارانە، چونکە بڕیاری یەکلایەنە لە هەر لایەکەوە بێت، بێگومان کاریگەری لەسەر هەموو پێکهاتەکان دەبێت و لە ئەنجامیشدا کاریگەری لەسەر هەموو عێراق دەبێت".

دەربارەی ئەگەری کشانەوەی هێز و کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت لە عێراق، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕوونی کردەوە: "ئەوەی تا ئێستا لە عێراقدا ڕوویداوە سەبارەت بە هێزەکان زیاتر خۆڕێکخستنەوەیە نەک دەرچوون لە عێراق، جارێ ئێمە هیچ شتێکی وا نابینین کە هێزەکانی هاوپەیمانان بیانەوێت لە عێراق دەربچن، بەڵام هێزەکانی هاوپەیمان لە هەموو عێراق دەسیتان بە خۆڕێکخستنەوە کردووە، لە هەندێک شوێن کە بۆ نموونە هێزی کەمیان هەبووە، هێزەکانیان بردووەتە شوێنێکی دیکە و ئەمە لە هەموو عێراق هەیە، نەک تەنیا لە هەرێمی کوردستان و لەوانەیە ئەو شوێنانەی نزیکن لە هەرێمی کوردستان هێزەکانیان هێنابێتە ئەوێ. لە شوێنەکانی دیکەش وایە، بۆ نموونە هێزەکانیان بردووەتە سەربازگەی تاجی ئەوەی نزیکە لە بەغدا، واتە ئەم پرسە پەیوەندی بە خۆڕێکخستنەوەی هێزەکانی هاوپەیمانانەوە هەبووە، نەک دەرچوونیان لە عێراق. کۆمپانیا نەوتییەکانیش وەک خۆیان ماونەتەوە و لەوانەیە ئەم دۆخە کاریگەری هەبێت. وەک گوتم ئێمە لەگەڵ هەموو لایەنەکان لە دەرەوە و ناوەوە لەسەر هێڵین بۆ ئەوەی هەموو شتەکان لەم ئاستەی ئێستا هەیە بوەستێ و هیوادارین لەمە زیاتر تەشەنە نەکات".

سەبارەت بە چارەسەری بۆ دۆخی ئێستای عێراق، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی گوتی: "پێمان وایە کە بێگومان بژاردەی سەربازی هیچ کێشەیەک لە عێراق چارەسەر ناکات و پێویستە هەموو کێشەکان لە ڕێگەی دیالۆگ و لێکگەیشتنەوە چارەسەر بکرێن".

دەربارەی هۆکاری دواکەوتنی مووچەش بۆ چەند ڕۆژێک بەڕێزیان ئاشکرای کرد: "دابەشکردنی مووچە بەردەوام دەبێت، چەند ڕۆژێک دواکەوتنی مووچە مانای ئەوە نییە کە مووچە نادرێت و تا ئێستا هیچ کێشەیەک لە پرسی مووچە لە هەرێمی کوردستاندا نەبووە. ئێمە داوای گرێنتی تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان ناکەین، بەڵکو داوای گرێنتی بۆ هەموو عێراق دەکەین و لەو باوەڕەداین هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق، لە بەرژەوەندیی عێراقدا نییە بە هەرێمی کوردستانیشەوە بکەونە ناو ئەو ناکۆکییانەی لە ناوچەکەدا هەیە".

نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی و مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کۆبوونەوە

ڕەوشی سیاسیی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان و عێراقیان تاوتوێکرد



دوێنێ چوارشەمە 8/ 2020/1 نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان پێشوازی لە بەڕێز و ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرد. سەرەتا تەها بەرواری بەڕێوەبەری نووسینگەی جێگری سەرۆک، بە ناوی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی و نووسینگەوە بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێزانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرد و سڵاو و ڕێزی جێگری سەرۆکی پێڕاگەیاندن و سوپاسی ڕۆڵ و کار و چالاکییە بەردەوامەکانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کرد بۆ گەیاندن و سەرخستنی بەرنامە و نەهجی پەیوەندی و دیپلۆماسییەتی دەرەوەی پارتی و خزمەتکردنی پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و پشتیوانی و پشتگیری نووسینگەی جێگری سەرۆکی بۆ سەرخستنی بەرنامە و کار و چالاکییەکانیان دووپاتکردەوە.

لە تەوەرێکی دیکەدا تیشکی خستە سەر دوا گۆڕانکارییە سیاسی و ئەمنییەکانی عێراق و ناوچەکە و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان بە تایبەتی هێرشەکانی شەوی ڕابردووی ئێران بۆ سەر بنکە سەربازیەکانی سوپای ئەمەریکا لە عێراق و ئالۆزبوونی بارودۆخەکە، تیشکیشی خستە سەر یەکگرتوویی و یەکڕیزی هەڵوێستەکانی کوتلە کوردییەکان لە پەرلەمانی عێراق، هەروەها هەوڵەکانی ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان و هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پێشهاتێک سەبارەت بە ئالۆزتربوونی بارودۆخی ناوچەکە. دواتر هۆشیار سێوەیلی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی ، خۆشحاڵیی خۆی و هەڤاڵانی دەربڕی بۆ ئەو پێشوازی و دیدارە و سوپاسگوزاری پێشکەش بە ڕێزدار جێگری سەرۆک و نووسینگەکەی کرد. باسی لە کار و چالاکییەکانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە کرد، لەگەڵ میکانیزمەکانی زیاتر بەهێزکردنی ئۆرگانەکانی حزب و کاری پارتایەتی و هاوکاریکردن لە سەرخستنی پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا کە لە سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان و دامودەزگا فەرمییەکاندا خۆی دەبینێتەوە. هەروەها ئاماژەی بە بارودۆخی ئالۆزی عێراق و ناوچەکەدا لەگەڵ خراپتربوونی بارودۆخی ناوچەکە بە گشتی . لە دانیشتنەکەدا جەخت لەسەر ئەو جۆرە دیدارانە کرایەوە لەنێوان نووسینگەی جێگری سەرۆک و ئۆرگانەکانی پارتیدا بە مەبەستی گۆڕینەوەی بیر و ڕا و هەماهەنگیی زیاتر و دەرگای گفتوگۆی هەفالانەش کرایەوە و بیرورا ئالۆگۆڕکرا.

ژمارەی چەکدار و توانا سەربازییەکانی ئێران

کۆی گشتیی خەرجییە سەربازییەکانی ئێران ناگاتە 4٪ی خەرجییە سەربازییەکانی سعوودییە





ڕاپۆرتی/مەریوان نەقشبەندی: دوای کۆژرانی یەکێک لە سومبۆلە نەتەوەیی و سەربازی و هەواڵگرییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ژەنەراڵ قاسم سولەیمانی لە نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا لەلایەن ئەمەریکاوە و هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئەمەریکا، ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و ستراتیژیەتی سەربازی چەند زانیارییەک لەسەر توانا سەربازییەکانی ئێران بڵاو دەکەنەوە. یەکێک لەو ناوەندانە پەیمانگای نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانە کە بارەگای سەرەکی لە بەریتانیایە و ئاماژە بە ژمارەی هێزە چەکدارەکانی ئێران دەکات و دەڵێت: حاڵی حازر ئێران خاوەنی 523 هەزار چەکدارە کە نزیکەی 350 هەزار کەسیان لە هێزە نیزامییەکانن و نزیکەی 150 هەزاریش لە چەکدارەکانی سوپای پاسدارانن، نزیکەی 20 هەزاریش وەک هێزە دەریاییەکانی ئێران لە کەناراکانی کەنداو و گەرووی هورمزن بۆ چاودێری و هێرشکردنی دەریایی ئامادەن، جگە لەمانەش سوپای قودس هەیە کە هێزێکی 5هەزار کەسی تۆکمە و پڕچەک و مەشقپێکراون بۆ کردەوە سەربازییە تایبەتەکان لە دەرەوەی ئێران بەکاردەهێنرێن.

بەپێی ڕاپۆرتێکی کەنالی BBC بەریتانی هێزەکانی سوپای پاسداران کۆنترۆڵی تەواوی هێزە چەکدارەکانیان کردووە و تەنانەت هێزە ئەمنییەکانی بەسیج کە تایبەتن بە سەرکوتکردنی هەر جموجوڵێکی سیاسی ناوخۆ و بەرپەرچدانەوەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، ئەمانەش هەر لەژێر کۆنترۆڵی سوپای پاسدارانن و ئەمانە دەتوانن بۆ هەر خۆپیشاندانێک لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی ئێران بەسەدان هەزار کەس کۆبکەنەوە و ئیستیعرازیان پێبکەن.

سوپای پاسداران کە نزیکەی 40 ساڵ لەمەوپێش دروستکراوە تەنها هێزێکی سەربازی نین، بەڵکو هێزێکی سیاسی و ئابووری گەورەی ناو هێزە چەکدارەکانی ئێرانن و چەندین پرۆژەی بازرگانی و ستراتیژیی بەرێوەدەبەن.

ئێران توانای خەرجکردنی پارەی زۆری نەماوە بۆ هێزە چەکدارەکانی، بۆیە کۆی گشتیی خەرجییە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ناگاتە 4%ی ئەو خەرجیانەی کە عەرەبستانی سعوودییە بۆ هێزە سەربازییەکان و بەهێزکردنی توانا سەربازییەکانی خەرجی دەکات. لە بواری هێزی ئاسمانیشدا ئێران توانایەکی ئەوتۆی نییە تەنها لە بواری فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکاندا نەبێ کە لەم چەند ساڵەی دواییدا تەکنەلۆژیای ڕووسی و چینی پەرەپێداوە و چەند هێرشێکیشی لە ڕێگەی ئەو فڕۆکە بێ فڕۆکەوانانەوە لە ئیسرائیل و یەمەن و سعوودییە و عێراق ئەنجامداوە. ڕەنگە توانا مووشەکییەکانی ئێران خاڵی بەهێزی کۆماری ئیسلامی ئێران بن لە مللانێ سەربازییەکانیدا بە تایبەتی مووشەکەکە مامناوەند و کورتمەوداکان کە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ هەموو ووڵاتانی کەنداو و ڕەنگە چەند ناوچەیەکی ئیسرائیلیش بکاتە ئامانج. لەم بەرنامە موشەکییەدا ئێران سوودی لە شارەزایی ڕووسەکان و بە پلەی دووەمیش چینییەکان وەرگرتووە.

میلیشیاکانی سەر بە ئێران ئامادەکاری دەکەن بۆ هێرشکردنە سەر ئیدلب

نەتەوە یەکگرتووەکان: ئیدلب لە ڕەوشێکی نالەبارایە و لێشاوێکی نوێی کۆچ دەستپێکردووە

هەزاریش لە چەکدارەکانی سوپای پاسدارانن، نزیکەی 20 هەزاریش وەک هێزە دەریاییەکانی ئێران لە کەناراکانی کەنداو و گەرووی هورمزن بۆ چاودێری و هێرشکردنی دەریایی ئامادەن، جگە لەمانەش سوپای قودس هەیە کە هێزێکی 5هەزار کەسی تۆکمە و پڕچەک و مەشقپێکراون بۆ کردەوە سەربازییە تایبەتەکان لە دەرەوەی ئێران بەکاردەهێنرێن.

بەپێی ڕاپۆرتێکی کەنالی BBC بەریتانی هێزەکانی سوپای پاسداران کۆنترۆڵی تەواوی هێزە چەکدارەکانیان کردووە و تەنانەت هێزە ئەمنییەکانی بەسیج کە تایبەتن بە سەرکوتکردنی هەر جموجوڵێکی سیاسی ناوخۆ و بەرپەرچدانەوەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، ئەمانەش هەر لەژێر کۆنترۆڵی سوپای پاسدارانن و ئەمانە دەتوانن بۆ هەر خۆپیشاندانێک لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی ئێران بەسەدان هەزار کەس کۆبکەنەوە و ئیستیعرازیان پێبکەن.

سوپای پاسداران کە نزیکەی 40 ساڵ لەمەوپێش دروستکراوە تەنها هێزێکی سەربازی نین، بەڵکو هێزێکی سیاسی و ئابووری گەورەی ناو هێزە چەکدارەکانی ئێرانن و چەندین پرۆژەی بازرگانی و ستراتیژیی بەرێوەدەبەن.

ئێران توانای خەرجکردنی پارەی زۆری نەماوە بۆ هێزە چەکدارەکانی، بۆیە کۆی گشتیی خەرجییە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ناگاتە 4%ی ئەو خەرجیانەی کە عەرەبستانی سعوودییە بۆ هێزە سەربازییەکان و بەهێزکردنی توانا سەربازییەکانی خەرجی دەکات. لە بواری هێزی ئاسمانیشدا ئێران توانایەکی ئەوتۆی نییە تەنها لە بواری فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکاندا نەبێ کە لەم چەند ساڵەی دواییدا تەکنەلۆژیای ڕووسی و چینی پەرەپێداوە و چەند هێرشێکیشی لە ڕێگەی ئەو فڕۆکە بێ فڕۆکەوانانەوە لە ئیسرائیل و یەمەن و سعوودییە و عێراق ئەنجامداوە. ڕەنگە توانا مووشەکییەکانی ئێران خاڵی بەهێزی کۆماری ئیسلامی ئێران بن لە مللانێ سەربازییەکانیدا بە تایبەتی مووشەکەکە مامناوەند و کورتمەوداکان کە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ هەموو ووڵاتانی کەنداو و ڕەنگە چەند ناوچەیەکی ئیسرائیلیش بکاتە ئامانج. لەم بەرنامە موشەکییەدا ئێران سوودی لە شارەزایی ڕووسەکان و بە پلەی دووەمیش چینییەکان وەرگرتووە.

جێگری ڕێکخەری کاروباری مرۆیی هەرێمیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کێشەی سووریا، مارک کەتس لەبارەی دواین پێشهاتە مرۆییەکانی پارێزگای ئیدلب باکووری ڕۆژئاوای سووریا ڕوونکردنەوەیەکی نووسراوی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە، دوای هەڵکشانی پێکدادانەکان و لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمەوە تا ئێستا زیاتر لە 300 هەزار کەس ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشتووە.

مارک کەتس جەختی لەوەیش کردووەتەوە کە بەهۆی وەرزی زستان و سەرما و سۆڵەوە ئاوارەکانی ئیدلب لە ڕەوشێکی نالەباردان و لێشاوێکی نوێی کۆچ ڕەوشی شارەکەی خراپتر کردووە و هاتنی ڕاپۆرت لەبارەی خراپی دۆخەکەوە بەردەوامە، نووسیویشیەتی هەموو ڕۆژێک هەواڵی دڵتەزێن لەبارەی ئەو خێزانانەوە دەبیستین کە ڕووبەڕووی تووندوتیژی بوونەتەوە و لە کەمپە قەرەباڵغەکاندا بۆ گەیشتن بە خزمەتگوزاری شارستانی داوای مافی پەنابەری دەکەن.

کەسانێکی زۆریش لە بینای گشتی وەک قوتابخانە و مزگەوتەکاندا دەمێننەوە.


جێگری ڕێکخەری کاروباری مرۆیی هەرێمیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کێشەی سووریا، مارک کەتس تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی کە ڕۆژانە گوند و شارۆچکەکانی سەربە ئیدلب بۆردوومان دەکرێن، تەنانەت قوتابخانە و مزگەوتەکانیش دەکرێنە ئامانج، هەروەها بەهۆی نەبوونی ئاسایشەوە زیاتر لە 13 بنکەی تەندروستی ئیدلب بەشێوەیەکی کاتی کارکردن تیاپاندا وەستاوە.

مارک کەتس ئاماژەی بەوەیشدا کە ڕێکخراوە مرۆییەکان گوشارێکی زۆریان لەسەرە بۆ دابینکردنی پێداویستی ئاوارەکان و لە ڕاپۆرتەکاندا باس لە کەمی پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەک خۆراک، دەرمان و گەرمکەرەوە کراوە. لە دوای زیادبوونی پێکدادانەکانیشەوە لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمەوە تا ئێستا زیاتر لە 300 هەزار دانیشتووی ئیدلب ماڵ و حاڵیان بەجێهێشتووە.

جێگری ڕێکخەری کاروباری مرۆیی هەرێمیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کێشەی سووریا، مارک کەتس ئەوەشی وەبیرهێنایەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لایەنگری چارەسەری سیاسییە و بەردەوام داوا لە لایەنەکان دەکات ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی هاوواڵتیانی مەدەنی بگرنەبەر. هەروەها سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنتۆنیۆ گوتیرێس لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمدا داوای دەستبەجێ وەستاندنی پێکدادانەکانی کردووە.

پارێزگای ئیدلب لە 2015وە تا ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریادایە و لەمیانی ڕێککەوتنی سێقۆڵی ئاستانا لە نێوان تورکیا، ڕووسیا و ئێران بڕیار درا چەند بەشێکی پارێزگاکە بکرێتە ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکان، بەڵام ڕژێمی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی پابەند نەبوون بەم بڕیارەوە و بەردەوامن لە بۆردومانکردن و هێرشی چڕ بۆسەر شارەکە. ئەمەیش وای کردووە سەدان هەزار هاوواڵتی مەدەنی ماڵ و حاڵیان جێبهێڵن و ڕوو لە ناوچە سنووربییەکانی نێوان تورکیا-سووریا بکەن. لە دەستپێکی ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا ژمارەی ئەو هاوواڵتییە مەدەنییانەی لە پارێزگای ئیدلبەوە بۆ ناوچە سنووربییەکان کۆچیان کردووە یەک ملیۆن و 300 هەزار کەسی تێپەڕاندووە، بەهۆی بۆردومان و پێکدادانەکانیشەوە یەکگرتووەکان، ئەنتۆنیۆ گوتیرێس لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمدا داوای دەستبەجێ وەستاندنی

پێویستە پارتی چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخی ئێستای عێراق بکات؟



د. مەیادە نەجار

لای هەمووان ڕوونە ئەم ڕووداوانەی بەمدواییە لە عێراق و لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران بە تایبەت دوای هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق و وەڵامی ئەمەریکا بە کوشتنی قاسم سولەیمانی دۆخەکە چۆتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، هەرەکو سەرۆک بارزانی لە ڕوونکردنەوەکەی بڵاویانکردووە، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆخەدا پێویستی بە ئارامی و عەقڵێکی سیاسیی گەورە هەیە و پێویستە ئەم عەقڵە سیاسییە گەوردیە (دیوی دووەمی ڕووداوەکان) بخوێنێتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، سوپاس بۆ خودای گەورە لە ئێستادا (سەرۆک بارزانی) جێگەی ئومێدی من و تەواوی پارتی و خەڵکی کوردستانە کە دەتوانێت بە حەکیمانە پشتی ڕووداوەکان بخوێنێتەوە، ڕەنگە ئەمە بۆ جیلی نوێ و ئێمە کاریگەری قورس بێت، بەڵام بۆ سەرۆک بارزانی، کە نیو سەدە زیاترە لەنێو ئەم کێشمەکێش و ملمالێیی نێودەوڵەتی و جەمسەرەکانی جیهاندا سیاسەت دەکات، کاریگەری قورس نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت هەموو لایەک لەنێوخۆی کوردستان و تەنانەت دەرەوەی کوردستانیش هاوکاری سەرۆک بارزانی بین، ئەویش بە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەشدار لە حکوومەتی هەرێم و تەواوی لایەنەکانی تر و پێکهاتەکانی هەرێم، هەروەها ئیستفزازنەکردنی لایەنەکان بە هیچ شێوەیەک بۆ ئەوەی خوانەخواستە جۆرە تەشەنوجێکی سیاسی دروست نەبێت و نەبێتە کەلێنێک بۆ دەستدرێژیکردنی ناحەزانی کوردستان، جگە لەمانە پێویستە ئێمە هەمیشە شانازی بە میژووی ڕابردووی گەلی کورد و وڵاتی ئێران بکەین بە تایبەت لەو کاتانەی ئێران هاوکاری هەرێم و گەلی کوردیان کردووە، جا ئەو هاوکاری و یارمەتییە لەپێناو هەر شتێک بووبێت وەکو هاوکاریکردنی قوربانییانی شاری هەڵەبجەی شەهید و کۆڕەوە گەورەکەی جەماوەری کوردستان و هاوکارییەکانی وڵاتی ئێران لە کاتی شەڕی داعشدا، هەر چەندە لە هەندێ مەوقیفی زۆر ناخۆشدا ئێران پشتی لە گەلی کورد کردووە، بەڵام لە ئێستادا دەبێت ئێمە کار لەسەر خاڵە هاوبەشەکانمان بکەین و هەوڵەکان بە ئامانجی دروستنەبوونی گرژی زیاتر بێت، لە هەمانکاتدا نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، کە ئەمەریکا نە دوژمن و نە دۆستی تاسەری هیچ وڵات و نەتەوەیەک نییە، بەتایبەت ئیدارەی سەرۆک ترەمپ. ئەوەندەی پەیوەستە بە بازرگانی، نیو ئەوەندە گوێ بە عورفی دەوڵی و بنەما ئەخلاقییەکان و دۆستایەتیی نادات، لەبیریشمان نەچێت ماوەیەکی زۆر دوور نییە کاتێک ئەمەریکا پشتی لە هاوپەیمانە کوردەکانی کرد لە ڕۆژئاوای کوردستان و ئەوکات سەرۆک بارزانی وەکو هۆشدارییەک بۆ ئەمەریکا گوتی خوێنی کورد لە پارە و چەک بە نرختر.

بە بڕوای بەندە هەرچەندە مانەوەی کوردستان بە بێلایەنی لەنێوان ئەمەریکا و ئێران کاریگەری زەحمەتە و دەرچوونمان بەبێ زیان لە کاتێکدا تەرەفداری بکەین ئەمەش کاریگەری زەحمەتترە، بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشی و ئومێد لەسەر هەڵچنینە دوو شتە یەکەمیان هەبوونی سەرۆک بارزانی و دووەمیان لە سیاسەتدا شتێک نییە بە ناوی مەحاڵ، ڕەنگە ئەوەی ئێمە پێمان وابێت مەحاڵە لە سیاسەتدا (مومکینە)، بۆیە ئەگەر بە هەڵە لێم وەرنەگرن، دەڵێم بە دووری نازانم ئەو ڕووداوانە دوای خاوبوونەوەی گرژییەکان هەڵبەتە، پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و ئێران بچێتە قۆناغێکی زۆر باشتر لە جاران، کاتێک تورکیا فڕۆکەیەکی ڕووسیای خستەخوارەوە چاودێرێکی زۆر پێیانوابوو، ئەمە نزیکبوونەوەی مەرگی تورکیایە، کەچی دواتر تورکیا گرێیەستی زۆر زەبەلاحی لەگەڵ ڕووسیا واژووکرد و تارادەی نیگەرانی ئەمەریکای لێکەوتەوە، لە سیاسەتدا دوور نییە ئەمە شۆیەکی نێوان ئەمەریکا و ئێران بێت بۆ کۆمەڵێک ستراتیژیی دوورمەودا! لە کۆتاییدا ئەو خاڵەی ڕوونکردنەوەکەی سەرۆک بارزانی زۆر سەرەنجی ڕاکێشام، ئەوەیە گوتی: ئێمە شەڕی بەوەکالەت ناکەین.

ئامارێەک لە وەرگێڕەوە

(تێری لێین کارل Terry Lynn Karl) پرۆفیسۆری ئەمەریکایی بواری زانستە سیاسیەکان، 21ی نۆڤێمبەری 1947 لەدایک بووە. ئەم لێکۆڵینەوەیەی کاتی خۆی سالی 2007 لە لایەن – پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی عێراق– کەخوالێخۆشبوو نووسەری ناسراو فالح عەبدوڵجەببار سەرپەرشتی دەکرد کراوە بە عەرەبی و وەکات لە بەغدا و هەولێر و بێرووت بڵاوکراوەتەوە.

نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیدا بە ڕاشکاوی باسی گرفتە پەنهان و ئاشکراکانی نەوت و مەترسییەکانی لە وڵاتانی خاوەن نەوت دەکا کە چۆن ئەگەر پسپۆڕی دڵسۆز و لێزانی حیکمەتدار لە پشت ئیدارەدانییەوە نەبن لە باتی خێر دەبێتە بەڵا بەسەر خودی دەوڵەتەکەوە ونەک هەر گەشەی دەوەستێنن یا دوای دەخا، بەڵکو دەیخاتە ژێر باری قەرزی قورسیشەوە. لەم بوارەشدا نموونە و داتای حاشاهەڵنەگر و هەندێ جار بەڵگەنەویست دێنێتەوە بەتاییەتی لە دەوڵەتە دواکەوتووەکاندا.

بەهۆی گرینگی لێکۆڵینەوەکە و بۆ بەرچاوڕوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە پێویستم زانی بیکەم بە کوردی، دەنا ڕەنگە بابەتی لەم چەشنە کاری ئابووریزانان بێ تا خوێندەر و بەدواداچوویەکی ئەدەب و هونەر).

وەرگێـــڕ



مەترسییەکانی دەوڵەتی خاوەن نەوت

وردبوونەوە لە پارادۆکسی زۆری

5-5

تێری لێین کارل

و : نەژاد عزیز سورمێ

یان با لەباتی پاک کردنەوە، مەرجەکانی سندووقی نەختینەی نێودەوڵەتیی وەربگرین کە لە ژمارەیەک لە وڵاتانی پەرەسێن هێزی بە سەقامگیریی گەورەی ئابووری دا. پسپۆرانی نەوت وای دەبینێ ئەو ڕەچەتانەی ڕوویان لە کەم کردنەوەی خەرجی و سنوور دانان لە پالپشتی کردنی نرخی شمەک- واتە بەرەنگاربوونەوەی فریوخواردن بە ئاراستە کردنی دۆلارەکانی نەوت بۆ بەکاربردنی تایبەتی و ڕازی کردنی کاتی- ئەمەش لە لایەنی سیاسییەوە، لە هەر کوێیک دانیشتووانەکەی فێری خێروبێر بوون و وایان لێ دێ ڕقیان لە هەموو دیاردەیەکی دەستگرتنەوە دەبێتەوە، بۆیە دەسەلاتدارانی دەوڵەتانی خاوەن نەوت مەیلیان بە لای بەرەهەڵستی کردنی ئەم جۆرە چاکسازیانە دایەو تا بۆیان بلوێ بۆ ماوەیەکی درێژتر، بە ویستی خۆپاراستن لە تۆمەتبارکردنیان لە لایەن دانیشتووانەوە کە بێگومان بە دوای هەر چاکسازییەکەوە دێ.

بەرز بوونەوەی نرخی نەوت دەگاتە کەشێک تێکچوونی دەمودەستی سەقامگیری لێ دەکەوێتەوە، بە هەندەی دابەش کردنی دۆلارەکانی نەوت بنکەکانی تری دەسەلات لەباڵ یەک دەردێنێ، لە کاتێکیشدا لێشاوی دۆلارەکانی نەوت فتیلی کێشەی لەبارەی چۆنیەتی داروبەش کردنەوە ئاگر دەدا، ئەوا بەهێز بوونی پشێویەکانی پێشتری دوای ئەوەی دابەش کردنی قازانجی بە تەواوی دادەپۆشی ئاڵۆزتر دەبوو.

لەدەستدانی پشتیوانی سیاسی کە لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی چاکسازی ئابووری نامیللیەوە دێ. ئەو دەسەلاتدارانە بە پێچەوانەی دەوڵەتانی هاوکووفیان کە نەوتیان نییە دەتوانن ماوەیەکی درێژتر بەرەنگاری چاکسازی ببنەوە.

بەرنامەی دەستگرتنەوە- بە تایبەتی ئەوەی زیادبوونی نرخی سووتەمەنی لەخۆ دەگرێ، زۆرجار لەگەڵ جێبەجێ کردنیدا ئاژاوەگێڕی و توندوتیژی هەڵدایسێنێ. بەداخەوە مێژوو خۆی بەڕاستی دووبارە دەکاتەوە، تەنانەت ئەو کاتەیش کە ڕەچەتەکان بانگمان دەکەن بۆ گۆڕینی ئاراستەکان ڕوونن و زۆربشن، ئەمەش زیاتر لەوانی دیکە بەسەر دەوڵەتانی نێردەکاری نەوتدا جێبەجێ دەبێ، چونکە زۆری داهاتی نەوت حساباتی تەنانەت زۆربەی سیاسییە باش و بەحیکمەتەکانیش دەگۆڕێ، ئەمەش توانای وانە لێ وەرگرتن گرانتر دەکا، نەک هەر لە نێوان وڵاتێک و ئەویدی سەرباری ئەوەش مادەم ئایندە هەرێی خرۆشانی تری نەوتی هەڵگرتووە کەواتە داهاتی زۆرتر دەهێنێ، چاکسازی بە دەستگرتنەوە لە چاوی دەسەلاتدارانەوە پەسندتر دەردەکەوێ باش نییە، بەڵکو پێویستیش نییە بەوەی دەتوانن داهاتی داهاتووی نەوت وەک مەروونە بەکاربهێنن کە دەتوانرێ قەرزی پێ بکرێ، لەجیاتی ئەوەی سەرەڕۆیی لە بەرز بوونەوەی نرخی نەوت دەگاتە کەشێک تێکچوونی دەمودەستی سەقامگیری لێ دەکەوێتەوە، بە هەندەی دابەش کردنی دۆلارەکانی نەوت بنکەکانی تری دەسەلات لەباڵ یەک دەردێنێ، لە کاتێکیشدا لێشاوی دۆلارەکانی نەوت فتیلی کێشەی لەبارەی چۆنیەتی داروبەش کردنەوە ئاگر دەدا، ئەوا بەهێز بوونی پشێویەکانی پێشتری دوای ئەوەی دابەش کردنی قازانجی بە تەواوی دادەپۆشی ئاڵۆزتر دەبوو.

سەرباری ئەوەش مادەم ئایندە هەرێی خرۆشانی تری نەوتی هەڵگرتووە کەواتە داهاتی زۆرتر دەهێنێ، چاکسازی بە دەستگرتنەوە لە چاوی دەسەلاتدارانەوە پەسندتر دەردەکەوێ باش نییە، بەڵکو پێویستیش نییە بەوەی دەتوانن داهاتی داهاتووی نەوت وەک مەروونە بەکاربهێنن کە دەتوانرێ قەرزی پێ بکرێ، لەجیاتی ئەوەی سەرەڕۆیی لە هەبێ ئاسان دەکا، بەتایبەتی لە بنیاتنانی دامودەزگەیەکی کارگێڕیی بەهێز و ملکەچی لێپرسینەوە کە دەتوانێ ئەو ڕۆڵە ببینێ.

دواجار، بەهێزکردنی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە کەرتەکانی دی جگە لە نەوت، ئەوەی توانای هێواش کردنەوەی شێوەی گەشەی بە پەلەپەل و زیادەڕۆیی لە بەرزخوازایەتی کە هەمیشە لەگەڵ خرۆشانی نرخی نەوتەوە دێ، هیچ نەبێ، لانی کەم بۆ خۆپاراستن لە کاری بێ بەهای قەوارە گەورە کە سەردەمی خرۆشانی نەوتی لە سەدەی بیستەمدا پێ دەناسرێتەوە، ئەمەش دیارە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بێجگە لە نەوت لە وڵاتێک بۆ ئەویتر جیاواز دەبێ، لە ئێراندا دەبینین ئەو هێزانەی لە بازاڕدان (بازاڕی ئاسایی) هەروەها لە بوارە بنیاتنانی گەورەترین فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی لە سعوودیە یا دروست کردنی گەورترین مزگەوت لە میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبیدا نابێ، هاندانی کۆمپانیاکانی نەوتیش بۆ پێویستی بەهێز کردنی ڕێکخراوەکانی بەرگریکار لە مافی مرۆڤ و لە حوکمی قانوون و لە ژینگە دیارە کارێکی ساویلکانەیە لەگەڵ ئەوەی هەندێ بەرپرسیاری کۆمپانیاکانی نەوت لە هەوەڵەوە بەڕاستی بیریان لەمە کردبێتەوە، هەروەها فشاری ناوخۆ و دەرەوە لەسەر هەندێ لە حکوومەتە ناوەندگەرایی کەم بکەنەوە هیچ ئاکامێکی دەموودەستی لێ بەرهەم نایێ، بەڵام ئەلتەرناتیف ڕوونە: دەکرێ هەنارەدەکارانی نەوت ڕێڕەوی ئیسپانیای سەدەی شازدەم بگرن دوای گەشانەوەی بە هۆی زێڕ و زیوەوە تا ئایینیەکان.

بەڵام لە نەرویج، لە نەرویج ژووڕەکانی بازرگانی دەسەلاتدارو بزاقە کۆمەڵایەتییەکانیش پیشەی ماسیگری و ژینگە دەپارێزن، کەچی لە ئوکوادۆر و نایجیریا بەرەنگاربوونەوەی بەرهەمهێنانی پشت بە هەناردەکردنی نەوت بەستوو لە لایەن دانیشتووانی خۆجێی و بزووتنەوە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤەوەیە، کە سوورن لەسەر پارێزگاری کردن لە جێی ژیانی کەمەنەتەوەکان و بزاقە جیهانییەکانی ژینگە کە زۆرایان لە پیسبوونێکی بەرباد چووە بەهۆی نەوتەوە، ئاکامی لەبەر ڕۆیشتنی پەلەی چەورایی زەبەلاح بۆ ناو دەریا کە ڕەنگە ڕوو بدا وەک ئەوەی لە پێشهاتی ترسناکی ئیکسۆن فالدیزدا بوو.

بەڵام ئەوەی لە نێوان ئەو هێزانەدا هاوبەشە باوەڕیانە بە گەشەی خێرا کە بەهۆی نەوتەوە و بە نرخێکی گران کە ئەو چالاکییە ئابووریانەو ئەوان بەهایانە و شێوازی ئەو ژیانەی خۆشەویستە لایان وێران دەکا، ئەو بەرژەوەندیانەیش لە شێوەی سیاسیداندا چالاک دەکرێنەوەو بە وروژاندنی مشتومڕ لەبارەی بەنموونە گەشەپێدانەوە، پشکدار دەبن لە خاو کردنەوەی پرۆسێسی دروست کردنی بڕیار، ئەوەشیان ڕەنگە لانی کەم یارمەتی پارستنی ڕەوڕەوەی زیانبەخش بدا کە بڕیار وەرگرتنی کاتی گەشانەوەی نەوتی پێ دەناسرێتەوە، هەروەها یارمەتی خۆپارێزیش دەدا لە هەندێ

هەندێ وڵات وەک فەنزوێلا لەوە گەیشتن کە هەڵڕژانی پارەی نەوت بەسەر دەوڵەتەکانیاندا گرفتی بەڕاستی لێ پەیدا بوو بۆیە دەستی دایە دروست کردنی سندوقی وەبەرهێنان لە دەرەوەی وڵات بۆ لەخۆگرتنی دۆلارەکانی نەوت کە کاریگەری پاشقەبڕی پێچەوانەی لێ ناکەوێتەوە.

پێکراو بەڕێوە بچێ و پێویستیشە لە پێش هەموو شتێکدا چاکسازیخواز بێ، پێشخستنی دامودەزگای ئیدارەی حکوومەتێک کە بە سازەندەیی و لێهاتوویی پێک هێنرابێ، پارێزراو لە سیستەمی خزمخزمێنە و پێشخستنی ئەو سیستەمی باجانەی پشت بە نەوت نابەستێ، هەروەها دامودەزگای دیموکراسی ڕووبەدەر کە بایی ئەوەندە بەهێز بێ ڕێگیری لە هاوپەیمانیایەتی نێوان بەرژەوەندییە بەهێزەکانی نێوتن کە ڕەنگە سەرچاوەی ژیانیان پیس بکا. هەروەها بنیاتنانی توانای دەوڵەت لە بەرەنگار بوونەوەی بەرژەوەندییە بەهێزەکانی گرێدراو بە نەوت.

ئەم جۆرە چاکسازیانەیش پێویستە ئامانجی سنوور دانان بێ بۆ مەیلی هاوچەق بوون و داکوتان کە وەبەرهێنانی نەوت بۆ سیستەمی سیاسی دەرخستێنێ، ئەوە سەرەڕای سنوور دانان بۆ هاوپەیمانییەتی بەهێزی نێوان دەسەلاتداران وکۆمپانیاکانی نەوت کە سەرەتا کاتێ داهاتی نەوت وردبینییەکی ئەوتۆی توندی نەبووە پێک هێنراوە (34).

بەرەنگاربوونەوەی خولقێنەر- مەبەستیشمان لەوە بەهێز کردنی فشاری توند کە بایی ئەوە بکا پالنەری قازانجی پێ ڕابگیرێ- دەخوازێ لە هەردوو ئاستی ناوخۆ و جیهانی، لە ناوخۆ و دەرەوە یەک یەک لە دەوڵەتانی ئاماژە پێکراو بەڕێوە بچێ و پێویستیشە لە پێش هەموو شتێکدا چاکسازیخواز بێ، پێشخستنی دامودەزگای ئیدارەی حکومەتێک کە بە سازەندەیی و لێهاتوویی پێک هێنرابێ، پارێزراو لە سیستەمی خزمخزمێنە و پێشخستنی ئەو سیستەمی باجانەی پشت بە نەوت نابەستێ، هەروەها دامودەزگای دیموکراسی ڕووبەدەر کە بایی ئەوەندە بەهێز بێ ڕێگیری لە هاوپەیمانیایەتی نێوان بەرژەوەندییە بەهێزەکانی نێوتن کە ڕەنگە سەرچاوەی ژیانیان پیس بکا. هەروەها بنیاتنانی توانای دەوڵەت لە بەرەنگار بوونەوەی بەرژەوەندییە بەهێزەکانی گرێدراو بە نەوت.

ئەم جۆرە چاکسازیانەیش پێویستە ئامانجی سنوور دانان بێ بۆ مەیلی هاوچەق بوون و داکوتان کە وەبەرهێنانی نەوت بۆ سیستەمی سیاسی دەرخستێنێ، ئەوە سەرەڕای سنوور دانان بۆ هاوپەیمانییەتی بەهێزی نێوان دەسەلاتداران وکۆمپانیاکانی نەوت کە سەرەتا کاتێ داهاتی نەوت وردبینییەکی ئەوتۆی توندی نەبووە پێک هێنراوە (34).

بەرەنگاربوونەوەی خولقێنەر- مەبەستیشمان لەوە بەهێز کردنی فشاری توند کە بایی ئەوە بکا پالنەری قازانجی پێ ڕابگیرێ- دەخوازێ لە هەردوو ئاستی ناوخۆ و جیهانی، لە ناوخۆ و دەرەوە یەک یەک لە دەوڵەتانی ئاماژە پێکراو بەڕێوە بچێ و پێویستیشە لە پێش هەموو شتێکدا چاکسازیخواز بێ، پێشخستنی دامودەزگای ئیدارەی حکومەتێک کە بە سازەندەیی و لێهاتوویی پێک هێنرابێ، پارێزراو لە سیستەمی خزمخزمێنە و پێشخستنی ئەو سیستەمی باجانەی پشت بە نەوت نابەستێ، هەروەها دامودەزگای دیموکراسی ڕووبەدەر کە بایی ئەوەندە بەهێز بێ ڕێگیری لە هاوپەیمانیایەتی نێوان بەرژەوەندییە بەهێزەکانی نێوتن کە ڕەنگە سەرچاوەی ژیانیان پیس بکا. هەروەها بنیاتنانی توانای دەوڵەت لە بەرەنگار بوونەوەی بەرژەوەندییە بەهێزەکانی گرێدراو بە نەوت.

ئەم جۆرە چاکسازیانەیش پێویستە ئامانجی سنوور دانان بێ بۆ مەیلی هاوچەق بوون و داکوتان کە وەبەرهێنانی نەوت بۆ سیستەمی سیاسی دەرخستێنێ، ئەوە سەرەڕای سنوور دانان بۆ هاوپەیمانییەتی بەهێزی نێوان دەسەلاتداران وکۆمپانیاکانی نەوت کە سەرەتا کاتێ داهاتی نەوت وردبینییەکی ئەوتۆی توندی نەبووە پێک هێنراوە (34).

بەرەنگاربوونەوەی خولقێنەر- مەبەستیشمان لەوە بەهێز کردنی فشاری توند کە بایی ئەوە بکا پالنەری قازانجی پێ ڕابگیرێ- دەخوازێ لە هەردوو ئاستی ناوخۆ و جیهانی، لە ناوخۆ و دەرەوە یەک یەک لە دەوڵەتانی ئاماژە پێکراو بەڕێوە بچێ و پێویستیشە لە پێش هەموو شتێکدا چاکسازیخواز بێ، پێشخستنی دامودەزگای ئیدارەی حکومەتێک کە بە سازەندەیی و لێهاتوویی پێک هێنرابێ، پارێزراو لە سیستەمی خزمخزمێنە و پێشخستنی ئەو سیستەمی باجانەی پشت بە نەوت نابەستێ، هەروەها دامودەزگای دیموکراسی ڕووبەدەر کە بایی ئەوەندە بەهێز بێ ڕێگیری لە هاوپەیمانیایەتی نێوان بەرژەوەندییە بەهێزەکانی گرێدراو بە نەوت.

ئەم جۆرە چاکسازیانەیش پێویستە ئامانجی سنوور دانان بێ بۆ مەیلی هاوچەق بوون و داکوتان کە وەبەرهێنانی نەوت بۆ سیستەمی سیاسی دەرخستێنێ، ئەوە سەرەڕای سنوور دانان بۆ هاوپەیمانییەتی بەهێزی نێوان دەسەلاتداران وکۆمپانیاکانی نەوت کە سەرەتا کاتێ داهاتی نەوت وردبینییەکی ئەوتۆی توندی نەبووە پێک هێنراوە (34).

بەرەنگاربوونەوەی خولقێنەر- مەبەستیشمان لەوە بەهێز کردنی فشاری توند کە بایی ئەوە بکا پالنەری قازانجی پێ ڕابگیرێ- دەخوازێ لە هەردوو ئاستی ناوخۆ و جیهانی، لە ناوخۆ و دەرەوە یەک یەک لە دەوڵەتانی ئاماژە

بەڕاستیش ئەم وەختانە ڕەنگە تاکە هەل بن بۆ دەرهێنانی دەوڵەتانی نەوت لە بازنەی گەشەسەندنێکی بەتاڵ بۆ بازنەی گەشەیەکی پێشکەوتوو.

ئێنجا چونکە ئەمە دەزگای ڕاژەی مەدەنی دەوێ، واتە کاربەڕێوەبەرییەک بە سازندەیی و لێهاتوویەوە پێک هێنرابێ و جێی سیستەمی دامەزراندنی خزم و پەیڕەوکاران بگرێتەوە، لە توانادایە پالپشتی سیاسی بۆ چاک کردنی دامودەزگای کارگێڕی لە کاتی دابەزینی نرخدا لەسەر بنیات بنرێ، بەڵام **وەختێ نرخ بەرز دەبێتەوە پالنەری گلدانەوەی باشترین کاری دەوڵەت بۆ خزم و دۆستان بەهێزترە لەوەی ڕەت بکرێتەوە.**

سەرباری ئەوەش دابەزینی نرخ هەوڵ بۆ (نامەرکەزی) سیستەمی سیاسی لە ڕێی دانانی کۆسپ و لەمپەر کە توانای ڕێگری دەسەلاتدارە بەرزخوازەکانی لایەنی کەموکوڕی پلاندانان و خۆپارێزی نەبوونی هاوئاهەنگی پێویستی نێوان سیاسەتی هەمەچەشن و خۆ بەدوورگرتن لە پرۆژەی زەبەلاح کە ئەنگیزەی سەرشێتیی خرۆشانی نەوتی لەگەڵدا دێ.

ئەو پرۆژە هەڵەشانە لە بنیاتنانی پیشەسازی فرۆکەوانی ئەندەنوسیا، یاخود بنیاتنانی پایتەختێکی نوێ لە نایجیریا، یا لێدانی ڕووبارێکی دەستکرد لە لیبیا، یان بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلی تایبەتی نوێ لە ئێران نموونەن کە هەموویان بە بەهەدەردانی نابەجێی دەرامەت تەواو دەبن.

هاندانی ڕێکخراوە جیهانییەکان و حکوومەتەکانی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت بۆ سنووردانان بۆ قەرز کردن بە بارمتەی نەوت لە کاتی بنیاتنانی دەزگای کارگێڕی مەدەنی و لەنگەر پێگرتنی سیستەمی باج هەمان ڕەوتی وەک ئەویش چەندان سەدە بۆ بن دواکەوتوویی هەرێمایەتی شۆڕ ببنەوە. لە بەرابەردا دەبێ بۆ ئەو قەیرانانەی لە ناوخۆی ئەو وڵاتانەدا سەرهەڵدەدەن ببێتە هۆی کەم بوونەوەی فریاگوزاریەکانی نەوت کە شۆکی ناوەناوەی لە بەرز بوونەوەی نرخی لێ پەیدا دەبێ ئینجا لە دواییدا دابەزین کە شێوەیەکی هەڵگەڕاوە وەردەگرێ و سەقامگیری جیهان تێک دەدا، نرخی لە خوارەوەی ئەمڕۆش (پاییزی 1999) هەڵێکی شایان پێک دێنێ بۆ داهێنانی گەشەیەکی تەواو جیاواز. بەڵام کە نرخ لە سەروبەندی بەرزبوونەوە دایە، ئەو هەلە تەمەن درێژ نابێ. **سەیرایەتییەکە، لەوەدایە نرخی بەرز بە لای داخستنی پەنجەرەی چاکسازیدا دەشکێتەوە. ئا ئەمەیە پارادۆکسی زۆری.**

پەراوێز:

(31) گەیشتە ئەوەی دەسەلاتداریەتی مەکسیک پارێزێکی زۆر وەربگرێ دوای ئەوەی ئەنجامی کارەساتباری بینی کە لە سیاسەتەکانی خەرجی فەنزەوێللای هاوسێی کەوتبووەوە. بەرپرسان بە نووسەری ئەم چەند دێڕەیان گوت ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی (لە سیناریۆی فەنزوێللا دوور بکەونەوە) کەچی لە دواییدا هاتنەوە سەر هەمان ڕێگا ئەوان هەر خەرجیان دەکرد، مادەم داهات هەڵدەڕژا، Karl (1979).

(32) بۆ گفتوگۆی ئاسۆی سەرچاوەی تازە لە گۆلی دەریای ڕەش، تەماشای کتێبەکەمان: پارادۆکسی زۆری بکەThe Paradox of the Plenty.

(33)

Karl (1979) pp. 44-70

(34) گرینگە ئامازە بەوە بدەین کە ئەو هاوپەیمانیەتە دواجار فشاری مەترسیدار پەیدا دەکا، بەتایبەتی دوای ئەوەی گەشەی لە نەوت سەرچاوەگرتوو دەبێتە هۆی دروست بوونی چینێکی ناوەندی گەشەکردوو، بەڵام ئەوە چەندان دەیەی دەوێ و باشترین وەسف کردنیش بۆ گۆڕانی هاوپەیمانیەتەکانی نێوان کۆمپانیا و دەسەلاتداران ئەوەیە فرانکلین توگوێڵ F. Tugwell نووسیویەتی وەختێ ڕێککەوتنی نێوان سەرکردە سیاسیەکان و کۆمپانیاکانی نەوتی فرەڕەگەز وا باس دەکا کە بە تێپەڕینی کات گەشە دەکا و کەرتی کۆمەڵایەتی نوێ پەردەدەسێنن بەرەو زەمینە خۆشکردنێک کە دان و ستانی سەخت بۆ دیاریکردنی ڕێگەکانی دابەشکردنی قازانجی نەوتی لە دەوردا دەخوولێتەوە، بڕوانە:

Franklin Tugwell, the Politics of Oil in Venezuela (Stanford, CA: Stanford University Press, 1975).

(35) ئا ئەمەیە ئەو وانەیەی لە بەڕێوەبردنی نەرویج لە خرۆشانی نەوتیدا، وەرگیراوە Karl (1979) pp . 213-221

پەیام و هەنگاوەکانی سەرۆک بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکە بەبایەخەوە باسکرا



بۆ گرینگیدان بەپەیوەندی هەماهەنگی نێوان هەردوولا، عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاماژەدبونی بەرپرسی دیسکی پارتە کوردستانیەکان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی کرد لەشاندێکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، کە پێکهاتبوون لە سەعد خالید جێگری سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی. لە دیدارێکدا ئەو پەیام و هەنگاوانەی سەرۆک بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکەو دووبوونی ناوچەکە لە ململانێی سەربازی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە کوردستان و عێراق و یەکخستن و یەکگوتاری پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەهەمبەر ئەم ڕەوشە نالەبارەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق بە گشتی هاتۆتە ئاراوە بەبایەخەوە باسی لێوەکرا، پاشان پرسە سیاسیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دوایین پێشهات و گۆڕانکارییەکان و هەنگاوەکانی پەیوەندی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق و ڕەوشی ناجێگیری حکومرانی لەبەغدا تیشکی خرایەسەر، هاوکات هەماهەنگییەکانی نێوان هەردوولاو پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەپێناو سەرخستنی ئامانجەکانی گەلی کوردستان و هۆشیاری زیاتر لە پاڵپشتیکردنی ئەرک و بەرپرسیارەتی نیشتمانی و نەتەوەیی هەموولایەک بۆ داکۆکیکردن و سەرکەوتنی ئەم قۆناغەکە تەئکیدی لەسەر کرایەوە.

بەرپرسێ لقێ ئێک: کوردستان بوویە سمبولا موزایکا جوان یا تەباییا ئول و نەتەوان



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجوومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازی ل قەشە گورگیس خزمەتکارێ کەنیسا ڕۆژهەلاتا کەڤن ل دهوکێ و دەروبەرا کر. د ڤێ ڕوینشتنێ دا هەردوو ئالیان گەنگەشە و گفتوگو ل سەر ڕەوشا پێکڤەژیانا ئول و ئایین و نەتەوەیی ل هەرێما کوردستانێ نەخاسمە ل پارێزگەها دهوکێ کر. بەرپرسێ لقێ گوت: کوردستان بوویە سمبولا وێ موزایکا جوان یا تەباییا ئول و نەتەوان نەبەس بۆ کوردستانێ بەلکۆ بۆعیراقێ و ڕوژهەلاتا ناڤەراستژی.

پەروەردەی مووسڵ کێشە بۆ دەرچوانی سنووری ماددەی 140 دروستدەکات

خەبات- ئالان شەهاب: ماوەی 20 ڕۆژە ناوی زیاتر لە 200 دەرچووی قەزای شێخان و ناحیەی ئەلقوش و باشیک و شەنگال بە ڕێگای ئونلاین دەرچووە بۆ ئەوەی دامەزرێن لە سەر پەروەردەی مووسڵ بە خەباتی ڕاگەیاند:20 ڕۆژ لەمەو بەر پەروەردەی مووسڵ منیان ئاگەدارکردەوەتەوە کە هاتوومەتە دامەزراندن بە پێکەکە لەو مامۆستایانەی کە ناوی بە ڕێگای ئونلاین هاتۆتەوە لە سەر پەروەردەی مووسڵ بە خەباتی ڕاگەیاند: ڕۆژ لەمەو بەر پەروەردەی مووسڵ منیان ئاگەدارکردەوەتەوە کە هاتوومەتە دامەزراندن بە بژیان دورست کردووە بە هۆی نەبوونی کارتی زانیاری مووسڵ. کاروان حەجی کە دەرچووی قەزای ئونلاین هاتۆتەوە بۆ ئەوەی دامەزرێن لە سەر پەروەردەی مووسڵ بە خەباتی ڕاگەیاند: ڕۆژ لەمەو بەر پەروەردەی مووسڵ منیان ئاگەدارکردەوەتەوە کە هاتوومەتە دامەزراندن بە ڕێگای ئونلاین سەر بە وەزارەتی پەروەردەی عێراق، پەروەردەی مووسڵ ئاگەداری دەرچوونی خۆمیان ڕادەست بکەم، کارتی زانیاری من سەر بە دهوکە و من کارتی زانیاری مووسڵم نیە، پێویستە کێشەمان بۆ دورست نەکەن، چونکە ئەو ڕێژەیەی دەستنیشانکراون بۆ دامەزراندن حەقی قەزای شێخانە. هەروەها گوتی پێویستە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ ئەوانەی کوردن هەوڵ بدەن ئەو کەسانەی ناویان بۆ دامەزراندن گەڕاوەتەوە کێشەیان بۆ دورست نەکرێت. هەروەها گوتی: ئەو کەسانەی ناویان گەڕاوەتەوە بۆ دامەزراندن زیاترن لە 200 کەسن.

چاودێریی بازرگانیی هەولێر دەست بەسەر نانی ماوەبەسەرچوودا دەگرێت

خەبات- فاتیح: هێمن سەید مراد بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند: بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی هەولێر لەڕێگەی تیمەکانیەوە ڕۆژانە بەدواداچوون بۆ شوێنە گشتیەکان و خواردنگەکان و چێشتخانەو سەمونخانەکان و سوپەرمارکێتەکان دەکات و دوێنی تیمەکانمان لەچوارچێوەی بەدواداچوونەکانیان بەهەماهەنگی لەگەل لیژنەکانی قایمقامیەتی قەزای دەشتی هەولێر توانیان بڕێک نان لە کۆگاکانی نزیک قەزای دەشتی هەولێرو بنەسڵاوە دەست بەسەردابگرن، کە بەروارەکەی لە ڕۆژی 1/7 کرابوو بە 1/15.



بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى اله وصحبه اجمعين

خامة إبن العم العزيز السيد النويس مسعود بارزاني المحترم

اسلام عليكم ورحمة الله وبركاته ...

باسمنا أصالة . ونيابة عن إخواننا : وأبنائنا : نقدم لسيادتكم أسمى التحيات . داعين الله تعالى ان يمن عليكم بالصحة و السلامة .

تلقينا بكل تقدير واعتزاز تعازيكم بوفاة المغفور لها باذن الله تعالى عقيلتنا طيبت الله ثراها اننا إذ نشكركم متمنين من الله تعالى ان يحفظكم وينأى عنكم كل سوء ومكروه .

يجزيكم الله تعالى الجزاء الأوفى في الدنيا والأخرة ... و الحمد لله رب العالمين...

اخوكم

الدكتور عبد الغني السيد شاكر الدوري

گەرمیان... حەوت تاوانباری ماددە هۆشبەرەکان سزادران

خەبات- سەبیریە یوسف: ئاسایشی گەرمیان، دوێنێ سزادانی کۆمەڵێ لەبەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکانی ڕاگەیاند، جگە لەخەڵکی گەرمیان و دەربەندیخان، ئێرانییان تێدایە. عوسمان عەبدولکەریم، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی ئاسایشی گەرمیان بە خەباتی ڕاگەیاند: پاش ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا توانرا لە لایەن هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیانەوە بە تۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر حەوت تۆمەتبار دەستگیربکرێن و پاش ئەوەی دۆسیەکەیان خرایە بەردەم دادوەری لیکۆڵینەوەو دانپیادانانی تاوانباران بە تاوانەکانیاندا سەرەنجام لە لایەن سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کەرکووک/گەرمیانەوە سزا دران. ئەوەشی خستەڕوو دواتر بۆ بەرسەربردنی ماوەی سزاکانیان هەر حەوت تاوانبار ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی کران.

بەرنامەی چەند پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت لە ئامادەکردندایە

خەبات- سەید فاتیح
بەرزنجی: سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر بە (خەبات)ی ڕاگەیاند، دەستەی وەبەرهێنان خەریکی بەرنامەیەکە، بۆ ئەوەی یەکەی نیشتەجێ بۆ خەڵکی کەمدەرامەت دروست بکرێ، گوتی: مۆڵەت بەو پڕۆژانەی نیشتەجێبوون دەدەین، کە بۆ خەڵکی کەمدەرامەت دەکرێت، بە تایبەت بۆ ئەو تۆژانەی کە باری داراییان باش نییە. ئاشکراشی کرد، چەند پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت دروست دەکرێن، گوتیشی: ئەو پڕۆژانە پێیان دەگوترێت لۆ کۆست، بە هەماهەنگیی چەند کۆمپانیایەک و وەبەرهێنەرێک دروست دەکرێن، لەمسااڵدا ئەو پڕۆژانە دەست پێ دەکرێن.


لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە 140 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون کراوە و حکوومەتیش تەنیا 8 هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی کردووە. سامان عارەب، جەختی کردەوە، ئەو کارەیان بۆ جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون، بە تایبەت خەڵکی کەمدەرامەت، گوتیشی: خەڵکێکی زۆر پڕۆژەیان پێشکەش کردووە، بۆ جێبەجێکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەمدەرامەتان، ئێمە لای خۆمانەوە لە ڕووی یاسایی ئامادەکاری دەکەین، هەروەها ڕێنمایی تایبەتیش دەردەکەین بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵکی کەمدەرامەت سوودمەند بن.



ئەوەیان هەیە، سندووقی نیشتەجێبوون ببوژێننەوە، بۆ ئەوەی حکوومەت بە بڕێک پارە تەمویلی ئەو پڕۆژانە بکات، گوتیشی: بە لێکدانەوەی ئێمە، هەر شوقەیەکی نیشتەجێبوون بەبێ قازانج تاوەکوو 30 بۆ 40 هەزار دۆلار تێچووی دەبێت، ئەگەر تەمویلی حکوومەتی لەگەڵدا بێت، کەوا بیرۆکەیەکی لەم جۆرەمان هەیە سندووقی نیشتەجێبوون ببوژێنینەوە، ئەگەر ئەو سندووقە ببوژێتەوە، هاوواڵتی بە بڕە پارەیەکی کەم دەتوانێت ببێتە خاوەنی یەکەیەکی نیشتەجێبوون و ئەوەی تریش بە قیستی درێژخایەن بداتەوە.

لە پەرلەمان، یاسای ژمارە 7ی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێکردن بۆ کەمدەرامەتان دەرچووە، بەڵام بە گوتەی بەرپرسەکەی وەبەرهێنان، کارەکەی ئەوان پەیوەندیی بەو یاسایەوە نییە، گوتیشی: ئێستا 9 هەزار شوقە لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دروست دەکرێن، بابەتەکەی ئێمە جیاوازە و لە ڕێگەی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەتەوە دەبێت نەک حکوومەت.

وەزارەتی شارەوانی: هاوینەهەواری جوندیان بە دیزاینێکی نوێ نۆژەندەکرێتەوە



لەڕاگەیاندراوێکدا وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان بڵاوی کردەوە، کە بەشێکی هاوینەهەواری جوندیان لەسەر شێوازێکی مۆدێرن و بەدیزاینێکی نوێ و بە سەرپەرشتیی بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری سۆران و بنکەی گەشتوگوزاری ڕواندز، نۆژەن دەکرێتەوە، ئەمەش لەپێناو بایەخدانی زیاتر بەو شوێنە گەشتیارییە تا ببێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی گەشتیاران. ڕاشیدەگەیەنن، هاوینەهەواری جوندیان دەکەوێتە سنووری قەزای ڕواندز لە دەڤەری سۆران، وێڕای ئەوەی کە لە وەرزی هاویندا پڕ لە گەشتیار دەبێت، هاوکات لە زستانیشدا گەشتیاران سەردانی دەکەن، بۆ ئەوەی زیاتر لای گەشتیاران سەرنجڕاکێشتربێت و بۆ ئەوەی کاتێکی خۆشتری لێ بەسەربەرن، بڕیاری نۆژەنکردنەوەی هاوینەهەوارەکە دراوە، بەمەبەستی جوانکاری و دابینکردنی خزمەتگوزاری باشتر بۆ گەشتیاران، نۆژەنکردنەوە و جوانکارییەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری سۆران و بنکەی گەشتوگوزاری ڕواندز سەرپەرشتی دەکرێت.

وەزارەتی شارەوانی ئاماژە بەوەش دەکات کە دیزاینی پڕۆژەکە لە لایەن ئەندازیاری بەڕێوەبەرایەتییەکە کراوە کە پڕۆژەکە پێکدێت لە چەندین کەپری گەشتیاری و چێشتخانەی کراوە و بحیرەیەکی بچووک بۆ بەلەم و تاقگەی دەستکرد، لەگەڵ بوونی چەندین WCلەو شوێنەدا. لەکۆتادا ڕایدەگەیەنن، پڕۆژەکە لەبەردەم کانی و سەروچاوەی جوندیان دەکرێت و ئێستاش لە قۆناغی جێبەجێکردندایە کە پڕۆژەکە دەبێتە هۆی لابردنی ئەو بینا کۆنکرێتیانەی لە ئێستادا بەردەمی کانی جوندیانیان گرتووە و دیمەنی هاوینەهەوارەکەیان ناشیرین کردبوو، جێبەجێکردنی پڕۆژەکە لەپێناو زیاترکردنی ڕێژەی گەشتیارانە، بەوپێیەی ئەو شوێنە بایەخێکی زۆری گەشتیاری هەیە.

کەرکووک... بە هۆی تەقینەوەی دوو بۆمبەوە شەش کەس بوونە قوربانی

خەبات- ئارام شێرکۆ: دوێنێ سەرچاوەیەکی تایبەت لە هێزە ئەمنیەکانی شاری کەرکووک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت لە لێدوانێکی تایبەتی گوتی: لە سنووری قەزای داقوق لە باشووری کەرکووک بە هۆی بۆمبێکی چێنراو ئامرلیوای 45 هێزەکانی مغاویری فرقەی 11 هێزەکانی سوپای عێراقی کران بە ئامانج لە ئاکام ئامر لیواکە بە پلە عەقید ڕوکن و 4 لە پاسەوانەکانی بریندار بوون. پاشتر بۆ چارەسەرکردنی برانە نەخۆشخانەکانی کەرکووک. سەرچاوەکە گوتیشی: ماوەیەکە تیرۆرستانی داعش دەستیان کردوە بە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆرستی هەر جاری شوێنێک دەکەن بەئامانج ئەوەی دوێنیش عەقید ڕکن مازن عبود جواد ئامرلیوای 45 مغاویر و چوار لە پاسەوانەکانی کران بە ئامان لە ڕێگای بۆمبێکی چێنراو پاش تەقینەوەکەیش هەر 5 بریندارەکە گوازرانەتەوە بۆ نەخۆشخانەی فێرکاری شاری کەرکووک بۆ چارە سەرکردن. سەرچاوەکە گوتیشی: هەر دوێنی سەر لە بەیانی لە ڕێگای بۆمبێکی لاستیکیەوە کارمەندێکی فەرمانگای هەواڵ لە نێو شاری کەرکووک کراوە بەئامانج و بەسووکی بریندار بووە زیانێکی زۆریش بە ئۆتۆمبیلەکەی گەیشتوە.

لە سەرتاسەری جیهاندا 183ملیۆن کەس ئاڵوودەی مادە هۆشبەرەکانن

"بەپێی ڕاپۆرتێکی UNODCڕێژەی بەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان لە ئەفغانستان گەیشتۆتە 12%ی دانیشتووان و 9%ی ئەو بەکارهێنەرانە منداڵانن"





بەدواداچوون: سەردار حوسێن

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵانە ئاماری ورد و گشتگیر سەبارەت بە مادە هۆشبەرەکان بڵاودەکاتەوەو بەبەردەوامیش هۆشداری دەدات لەوەی ڕۆژبەڕۆژ بەکارهێنەری ئەو ماددانە لەزیادبوونداں. لەریزبەندی ئەو وڵاتانەیش کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەیانخاتە لیستی ئەوانەی بە بەرهەمێنەر و بەکارهێنەری سەرەکی مادە هۆشبەرەکان دادەندرێن لەوانەش: بەرازیل و کۆڵۆمبیا و ئەفغانستان و مەکسیک و ئێران و میسر و بۆلیڤیا و میانمار و سعودیە و پیرۆ و تونس و مەغریبی عەرەبی هەن. هاوکات هەریەک لە سوریا و عیراق بەهۆی هاوسنووربوونیان لەگەڵ ئێران لە ئێستادا وەک ڕێڕەوێک بۆ بازرگانیکردن و گوستنەوەی مادە هۆشبەرەکان دادەندرێن.

ئاژانسەکانی هەواڵ بەردەوام ئەو ئامار و داتایانە بڵاودەکەنەوە، کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان تۆڕێنەوەو بەدواداچوون سەبارەت بە مادە هۆشبەرەکان و ڕێژەی بەکارهێنەران و بازرگانیکردن پێیەوە ئامادە دەکەن.

مادە هۆشبەرەکان بەچەندین قۆناغدا تێپەڕ دەبن و سەرەتا بە بەرهەمهێنان دەست پێدەکەن و دواتر ئامادەکردن و هاوردەکردن و بازرگانی پێوەکردن و بەکارهێنان، کۆتاییەکەشی بە دەستگیرکردنی بەکارهێنەر و بۆ بازرگان و هەنارەکارەکانیش کەمترین سزا بەندکردنی هەتاهەتایی و تونديترینیشی بە جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان کۆتایی دێت.

بەپێی هەندێک لەو ئامارە مەترسیدارانەی ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان بڵاویان کردۆتەوە، ئاماژەی ترسناک، تۆڕێنەوەیەکی مەیدانی UNODCلەساڵی 2017 دا 17ملیۆن کەس بەکارهێنەری کۆکایین و 18 ملیۆن کەس بەکارهێنەری مۆرفین و هیرۆین و کۆدین هەن، هەروەهاش 22ملیۆن کەس ئوکستاسی و 35ملیۆن کەس ئەو مادانە بەکار دەهێنن کە مۆرفینیان تیایەو 37 ملیۆن کەس ئەمیفیتامین و مادە چالاککەرەکان ئێدزن و ساڵانەش 60هەزار کەس بەهۆی تووشبوون بە ئێدز گیان لەدەست دەدەن. هاوکات لەگەڵ ئەم ئامارەدا ڕێکخراوەکە باس لە بەرهەمهێنانی مادە هۆشبەرەکانیش دەکات و دەڵێت: لە ساڵی 2015دا 7500تەن حەشیش و ماریجوانا، 900تەن کۆکایین، 600تەن ئەفیون، 140تەن کریستاڵ بەرهەم هاتووە، وێڕای هەبوونی سەدان تەن لەو مادە هۆشبەرانەی بۆ مەبەستی چارەسەری نەخۆشی و لەژێر چاودێری ڕێکخراوە بەئاگاداری و ڕێنمایی پزیشکی بەکاردەهێنن، بەڵام لە هەموو ئەو ژمارانەیش مەترسیدارتر 183ملیۆن کەس لەسەرتاسەری جیهاندا ئەو مادە هۆشبەرانە بەکاردەهێنن کە لە ڕووەکی خەشخاش و ماریجوانا بەرهەم دەهێندرێت و 12ملیۆن کەسیش لەڕێگەی دەرزییەوە مادە هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن، کە ئەوەیان بە گواستنەوەی ڤایرۆسی ئێدزبیشەوە پەیوەستە.

ڕێکخراوی UNODCهەر لەو ڕاپۆرتەیدا بۆ هەمان ساڵی 2017باس لەوەش دەکات کە دوو ملیۆن کەس بەهۆی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەرەوە هەڵگری ڤایرۆسی تەندروستییە جیهانییەکان بەرهەم هاتوون، کە هەندێکجار بەهۆی بازرگانیکردن یاخود لە ناگاییی کارمەندانی تەندروستی و دەرمانسازەکانەوە ئەم مادانە گەیشتوونەتە دەستی بەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان و بەگوتەی ئێکخراوەکە کەڵکی خراپیان لێ وەرگیراوە.

هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی UNODCڕێژەی بەکارهێنەری مادە هۆشبەرەکان لە ئەفغانستان گەیشتۆتە 12%ی دانیشتووان، کە 9%ی ئەو بەکارهێنەرانە بە منداڵ هەژمار دەکرێن و نەگەیشتوونەتە تەمەنی 18ساڵییەوە، حەشیش و هیرۆین و ئەفیون لە زۆرترین ئەو ماددانەن لەم وڵاتە بەرهەم دەهێندرێت و بەکارهێنەر دەهێندرێت، لە ئێران ڕێژەکە کەمێک نزمتر دەبێتەوە بۆ 4%ی کۆی دانیشتووان و کریستاڵ و حەشیش و ئەفیون زۆرترین بەکارهێنەری هەیە و لە ساڵی 2017شدا بەهۆی زیاد بەکارهێنانی ئەو مادە هۆشبەرانەوە لە ئێران 3000 کەس لە هەمان کاتی بەکارهێناندا گیانیان لەدەست داوە.

بەپێی نوێترین زانیاریش کە لە پارێزگای سیستان و بەلوچستان باشووری خۆرهەڵاتی ئێران سەر سنووری پاکستان، دوو تەن و 605 کیلۆگرام مادەی هۆشبەر دەستی بەسەردا گیرا.

بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان لە وڵاتانی جیهاندا سزای جیاوازی لەسەرە، بەڵام کەمترین سزا بەندکردنی هەتا هەتاییە و لە زۆربنەی ئەو وڵاتانەیش کە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان تیایاندا بەرکارە، بازرگانیکردن و دابەشکردنی مادە هۆشبەرەکان بە سزای لەسێدارەدان حوکم دەدرێن و سزاکە جێبەجێش دەکرێت، لەوانەیش هەریەک لە بەرازیل و سعودیە و سەنگافورە و مالیزیا و ئیندۆنیسیا.

هیومان رایتس ووچ ئاشکرای کردووە لە ساڵی 2018دا شانشینی سعودی 48کەسی بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان لەسێدارە داوەو هێشتا کەسانی دیکەش لە زیندانەکانی ئەو وڵاتە هەن، کە ئەو سزای لەسێدارەدانیان لەلایەن دادگاوە بۆ دەرچووەو چاوەڕێی جێبەجێکردنی سزاکەیان دەکەن.

لە هەندێک وڵاتدا بازرگانیکردن و دابەشکردنی مادە هۆشبەرەکان بە سزای لەسێدارەدان حوکم دەدرێن و سزاکەش جێبەجێ دەکرێت

خۆراک و دەرمانی ساختە و ماوەبەسەرچوو هەڕەشە لە ژیانی هاونیشتمانیان دەکات

دەبێ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاشکراکردنی کەیسەکان بە ئەرکی خۆیان بزانن





ل. ڕیپۆرتاژ

هەمیشە باس لە هەبوون و دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەل و خۆراک و دەرمانی ماوە بەسەرچوو دەکرێت و دەزگاکانی چادێری بازراگانی و لیژنەکانی پشکنین و هۆبەی ئابووری ئاسایش بە بەردەوامی ئەو هەواڵانە ڕادەگەیەنن کە باس لە دەستبەسەرداگرتنی ئەو کەلوپەلە ماوەبەسەرچووانە دەکات، یاخود لە مەرز و خاڵە سنوورییەکاندا ڕێگری لە هاوردەکردنیان دەکرێت.

لە بەرانبەردا دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەو هەواڵانە بەچڕی بڵاودەکەنەوەو هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێ هاونیشتیمانیان وشیاربکرێنەوەو ڕێنمایی تایبەتیش بدرێت سەبارەت بە چۆنیەتی خۆپاراستن لەو کەلوپەلە کوالیتی نزمانە و خۆراکی ماوەبەسەرچووە بگیرێت. ئێستا دەبێ بزانین 375تەن خۆراکی ئێکسپایەر کە شیاونەبووە بۆ خواردن لە کوێ هاتووەو چۆن هاتووەو ئەگەریش دەستی بەسەردا نەیگیرایە چۆن ساغ دەکرایەوەو دەرخواردی کێ دەدرا..؟! ئەو پرسیارانە هەمووی زادەی ئەو مەترسییەن، کە ئەگەری هەیە بەرۆکی هەموو هاونیشتیمانییەکی ئەم وڵاتەو تەنانەت گەشتیارانیش بگرێت، کە سەردانی ئێرە دەکەن، بەڵام چارەسەری بنەڕەتی چییە و دەبێ چی بکرێت تا بۆ ساڵی تازەو بۆ ساڵانی دیکەیش ئەو مەترسییە بڕەوێندرێتەوەو خۆمانی لێ بپارێزین..؟

ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێت لەنێو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا زۆرتر بڵاوکردنەوەی داتا و ژمارەیە، ئەو ژمارانە سوودی بۆ هاونیشتیمانی ئاسایی نابێت جگە لە ئاگادارکردنەوە، بەڵام گرنگە بەدواداچوونی زیاتر بۆ ئەو ژمارانە بکرێت و ئەوەیش بڵاوبکرێتەوە کە کامە کۆمپانیا و چ بازرگانێک و لە چ کۆگایەک ئەو خۆراکانە دەستیان بەسەرداگیراوەو چۆن سزای ئەو کەسانە دراوە، چونکە نەبوونی سزایەکی توند بۆ ئەوانەی یاری بە قووت و خۆراک و دەرمانەوە دەکەن، هۆکاری سەرەکی بەردەوامیدانە بەو ڕەشەکوژییەی لە ڕێگەی دەرمان و خۆراکەوە دەرحەق بە هاونیشتیمانیان دەکرێت.

بەپێی لێدوانی قائیمقامی قەزای ناوەندی هەولێر، لە سنووری شاری هەولێرو دەوروبەری توانراوە 312 شوێنی دەرمان دابخرێت و ئەوانەیش کە سەرپێچی زۆریان لەسەر کەیسی دەرمان کردووەو بریتی بووە لە 238 کەس لەو ژمارەیەش 120 کەس دراونەتە دادگاو بەبڕیاری دادگاش بەندکراون و بەپاڵپشتی ئەوان توانراوە دەست بەسەر 78تۆن دەرمان دابگیرێت. ئەو ژمارە زۆرەی دەرمانی ساختە و ماوەبەسەرچوو، کە قائیمقامی قەزای ناوەندی هەولێر باسی لێوە دەکات مەترسییەکی یەکجار کوشندەیە و ئەگەر ڕێگری لەو مەترسییە نەکرێت کارەساتێکی تەندروستی دەستکردە و ژمارەی ئەوانەیش کە دەبنە قوربانی ئەو بازرگانییە ڕەشە، هێندە کەم نابێت کە هەڵوەستەی جددی لەسەر نەکرێت. بۆیە دەبێ بۆ لەمەودوا دەزگا پەیوەندیدارەکان بەگشتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی بەدواداچوونی زیاتر بۆ هەبوونی خۆراک و دەرمان و کەلوپەلی ساختە و ماوەبەسەرچوو بکەن و پەردەش لەرووی ئەو بازرگان و بازرگانییە هەڵماڵن، کە هەڕەشە لە تەواوی هاونیشتیمانیان دەکات.


دەبێ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاشکراکردنی کەیسەکان بە ئەرکی خۆیان بزانن و ببنە بەشێک لەو چاکسازییەی پێویستە ئەنجام بدرێت و هەنگاوی جدی بۆ دەهاوێژرێت.

پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی:

بارزانیی نەمر کەسایەتییەکی مەزن و بەهەیبەت و سەربەرز بوو، ئەزموونی سەختی ژیان فێری کردبوو چاونەترس بێ لە دوژمن

دیمانە: زانیار سەردار قەرەیی/ سلێمانی

پرۆفیسۆر د. عەبدولوەهاب کوڕی کەسایەتیی ئایینی ناسراوی شاری سلێمانی (مەلا عەبدوڵڵا چروستانی)یە، کە پەیوەندییەکی دێرینی لەگەڵ بارزانیی نەمر هەبووەو ماوەی چوار ساڵ وانەی ئایینی بە بارزانی گوتووە. دواتریش چەندین جار ئاڵوگۆڕی نامە لەنێوانیاندا هەبووە، بە مەبەستی زانینی زانیاری و مێژووی مستەفا بارزانی و ئەو رۆژگارەی بارزانییەکان شۆڕش و راپەڕینیان کردووەو پاشان ڕاگواستراون، بەتایبەت بۆ سلێمانی و پەیوەندی نێوان (مەلامستەفا بارزانی)و (مەلاعەبدوڵڵای چروستانی) سەردانی د. عەبدولوەهاب چروستانی کوڕی (مەلا عەبدوڵڵا چروستانی)مان کرد. چروستانییەکان لە دێرینەوە خانەوادەیەکی خوێندەواری ئایینی و زانستیی ناسراو بوون و پێگەیەکی بەرزیان هەبووەو بە رەچەڵەک دەچنەوە سەر پیرخدری شاهۆ، خەڵکی بە چاوی ڕێزەوە لێیان ڕوانیون.


لەئەرشیفی کاروان محەمەد سینۆ



*** بەیاننامەی ڕێککەوتنی یازدەی ئادار، بە یەکێک لەو ڕێککەوتنە مێژوویانە دادەنرێت، کە بۆ یەکەمجاربوو عێراق دانی بە مافەکانی گەلی کورددا ناوە، کە تا ئەمڕۆ کاریگەری و شوێنەوارەکانی لەسەر کوردستان هەیە، ئایا ڕۆڵی مستەفا بارزانی لەو ڕێککەوتنە چی بوو؟ بەتایبەتی دژی ئەو کەسانەی، کە بە فرتوفێڵ دەیانویست ناوەڕۆکی ڕێککەوتنامەکە جێبەجێ نەکرێت؟**

– **پرۆ**فیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی: بەیانی یازدەی ئادارى ساڵی 1970، ڕێککەوتننامەیەک بوو لەنێوان سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد و دەسەڵاتی بەعسییەکان لە بەغدا، کە چەند بەندێکی باشی لەخۆگرتبوو، ئەگەر جێبەجێ بکرایە، بەڵام لەبنەڕەتدا بەعسییەکان لەپشت ئەو ڕێککەوتنەوە، مەرامی خراپیان حەشار دابوو.

لەو ڕێککەوتنەدا ئەوەی گرنگ بوو، کەسایەتیی بەهێزی بارزانی دەرکەوت، بە سەپاندنی داواکاری و مافەڕەواکانی گەلی کورد بەسەر دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئەگەرچی ئەوان لەپشت ئەو ڕێککەوتنەوە، کۆمەڵێ ڕەهەندی ژەهراویتریان مەبەست بوو، نەک چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کە سەرکردایەتیی کورد هەستی بە هەندێکیان کردبوو.

*** ئەو ڕەهەندە ژەهراوییانەی سەرکردایەتیی کورد هەستی پێکردبوون، چی بوون؟**

– پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی: لەوانە، **یەکەم:** بەداخەوە کاتێ شەڕی براکوژی بەرۆکی کوردی گرتبوو، بەناوی جەلالی و مەلایەوە، پێش بلاوکردنەوەی بەیاننامەکە، دەسەڵاتی بەغدا داوای لە بارزانی کردبوو، کە لەگەڵ لایەنی ناکۆکدا ڕێکبکەوێ، کە پێیان ئەگوترا جەلالی. بارزانی گوتبووی بەهیچ جۆرێک لێبوردن و ڕێککەوتن لەگەڵیاندا نییە، بەڵام هەر دوای بلاوکردنەوەی بەیانی یازدەی ئادار، بارزانی بڕیارێکی بلاوکردەوە کە هەموو براین و هەرکەس ڕەفتاری خراپ بەرامبەریان بکات، بەتوندی سزا دەدرێت و هەرکەس تاوانی کوشتن ئەنجام بدا، دەکوژرێتەوە. ئەمە یەکێک لەو مەبەستانە بوو کە بارزانی لە گۆڕی نا، چونکە ڕەهەندێکی ڕێککەوتنەکە ئەوە بوو کە دەسەڵات خۆی لە شەڕی کورد بەدوور بگرێت و بەجێی بهێڵێت بۆ شەڕی کورد بە کورد، بەوە کۆتایی بە شەڕی ناوخۆیی هات و کورد بوو بە یەک دەست.

دووەم: تیرۆرکردنی ژمارەیەک لە سەرکردە دیارەکانی شۆڕش بوو، بەتایبەتی خودی بارزانیی نەمر، بۆ ئەو مەبەستەش یازدە مامۆستای ئایینی ڕاسپارد، خۆیان ئامادە بکەن بۆ سەردانی بارزانی، بۆیە جلوبەرگی بۆ ئامادەکردن، بەڵام بۆمبڕێژکراو بوون، بێ ئەوەی مامۆستاکان پێیان زانیبێت. لە کاتی کۆبوونەوەیان لەگەڵ بارزانی، تەقیبوونەوە، بە ڕێکەوت لەو کاتەدا چایچییەکە چا بۆ بارزانی دائەنێ و خوای گەورە بارزانی ئەپارێزێ، ئەو ڕووداوە بووە ئاوازی سەردەمی خەڵکی لەو کاتەدا کە ئەیان گوت:

هات لە بەغدای زەمینەوە
یازدە کەس بەناوی دینەوە

لای بارزانی تەقینەوە

هەروەها هەوڵی تیرۆرکردنی کاک ئیدریسی جوانمەرگ درا لە بەغدا، کە هێشتا مەرەکەبی ڕێککەوتننامەکە وشک نەبووبووەوە، لەکاتێکدا ئەو بۆ گفتوگۆکردن لە بەغدا بوو، بەڵام ئەو هەوڵەشیان بۆ نەچووەسەر و کاک ئیدریس ڕزگاری بوو و یەکێک لەوانەی هاوڕێی بوو، بەسەختی بریندار بوو، هەوڵی تیرۆرکردنی زۆری تر درا، کە ئێستا لە یادم نەماون.

سێیەم: لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی بەناو گفتوگۆیەدا، گەرایەکی زۆی بە بەعسی کردنیان دانا، کە بەداخەوە کەسانێکی زۆری نەفس نزم بوون بە بەکرێگیراویان.

چوارەم: مەبەستێکی تری بەغدا خۆسازدان و پرچەککردنی سوپای عێراق بوو، بەجۆرێ بتوانن بە شەڕ کێشەی کورد یەکلایی بکەنەوە، بەڵام دوای ئەوەی لە (1974)دا پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیان دا و شکست دوای شکستیان ئەهێنا، بۆیە عێراق ناچار بوو لەگەڵ ئێران، بە چاودێریی ئەمەریکا ڕێککەوتنامەی جەزائیر واژۆ بکەن، بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە، ئێران کە تەنیا دەروازەی گەیاندنی هەموو پێویستییەکان بە کوردستان بوو، بە جۆرێ گرت، تەنانەت ئەگەر بۆیان بکرایە هەواشیان لێ ئەگرتین، لەکاتێکدا دەیان هەزار خێزان لە شار و شارۆچکە و لادێکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوو، جگە لە بوونی دەیان هەزار پێشمەرگە.

بۆیە ئەو ڕاستییەی ئەبێ لێرەدا بگوترێ ئەوەیە، کە بارزانی بەناچاری باشترین هەنگاوی نا، بە سڕکردنی کاتیی شۆڕش، بەڵایەنی کەمەوە بۆ ئەوەی خێزانەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، چونکە شەڕکردن چەک و فیشەک و دەرمان و نانی ئەوێت، بەتایبەتی شەڕی پێشمەرگەی ئەوسا لەگەڵ عێراق شەڕی ڕووبەڕووبوونەوە بوو، بەڵام خۆ ساڵی بەسەردا نەچوو، پێشمەرگە سەری هەڵدایەوە و خەباتی چەکداری دەستی پێ کردەوە.

پێنجەم: مەبەستێکی تری سەددام حوسێن، کە دەستی بالای هەبوو، ئەوەبوو کە بواری ئەوەی هەبێت نەیارەکانی لە دەسەڵات دوور بخاتەوە، بە کوشتن بێ یان بە لابردنیان، هەرواش بوو، کورد گوتەنی ببڕ و بکوژ هەر خۆی بوو.

*** دوای ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار، پەیوەندیی نێوان مەلاعەبدوڵڵا چروستانی و بارزانی تا چ ئاستێک ڕووی لە پەرەسەندن کرد؟**

– **پرۆ**فیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی: دوای ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار، خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی خەتیب و چەند مەلایەک هەوڵیاندا لەگەڵ باوکم بچن بۆ لای مستەفا بارزانی، باوکم ئەگەرچی تەمەنی نزیک 75 ساڵێک بوو، زۆر تاقەت و توانای سەفەری نەبوو، بەڵام وەک خۆشەویستییەک بۆ بارزانی، لەگەڵیان ڕۆیشت، دیارە کە مەلامستەفا زانیبووی مەلاعەبدوڵڵا چروستانییان لەگەڵدایە، لە حاجی ئۆمەرانەوە تا گەلاڵە بەرەو پیریان چوو بوو، وەک وەفایەک بۆ مامۆستاکەی، لەوێ دەستی مەلاعەبدوڵڵای ماچ کردبوو، ئەمەش بۆ ڕێز و پێگەی گەورەی مەلامستەفا دەگەڕێتەوە، کە چۆن ڕێز و وەفای بۆ مەلا و مامۆستا و بیرمەندانی کورد هەبووە.

*** باس لەوە دەکرێ کە گۆڕینەوەی نامە لەنێوان مەلاعەبدوڵڵا و بارزانیدا هەبووە؟ ئەوە چۆن بوو؟**

– پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی: ئەویش هەر لەدوای 11ی ئاداری 1970 بوو، زۆر لەوانەی ئەیانویست کاریان لای مەلامستەفا مەیسەر بێت، ئەهاتن بۆ لای مەلاعەبدوڵڵا نامەیەک بۆ بارزانی بنووسێت، ئەویش ئەگەر بیزانیایە داواکەیان ڕەوایە و هاوکاریکردنیان خێرە، نامەکەی دەنووسی بۆ بارزانیی نەمر، ئەویش وەڵامەکەی بۆ ئەنووسییەوە و لەکۆتایی هەموو نامەکاندا ئەینووسی (خزمەتکارت بارزانی) یان (خزمەتکاری بچووکت بارزانی). بەداخێکی زۆرەوە، دوای ئەوەی لە ساڵی 1974دا شەڕی پێشمەرگە و دەسەڵاتدارانی بەغدا دەستی پێکردەوە، ئێمە هەموومان ڕوومان کردە سنووری پێنجوێن، تەنیا باوکم و دایکم و خوشکێکم نەبێت لە سلێمانی مابوونەوە، دیارە لە ترسان هەموو نامەکانیان سووتاندبوو.


سلێمانی/ باغی گشتی1952 لە ئەرشیفی کاروان محەمەد سینو

شەهیدی زیندوو ڕێناس فەرزندە نەزهەت گەردی

نموونەی قارەمانی و فیداکاری لەپێناو کورد و کوردستان



دیمانە: سالح میران گەردی

پێشمەرگەو شەهیدی زیندوو "ڕێناس فەرزندە نەزهەت گەردی" کوڕی پێشمەرگەو قارەمانی شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و شەڕی داعش، فەرماندە فەرزندە گەردی و نەوەی شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، شەهید نەزهەت بێڕۆخیە. ڕێناس لەساڵی 1988 دوور لەزێدی باب و باپیری، لەغوربەت و ئاوارەیی و لەنێو ئێش و ئازارو مەینەتی نەتەوە چەوساوەکەی، لە ئێران چاو بەدنیا هەڵدێنێ، لەکاتی لەدایکبوونیدا، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەو داگیرکاری بەردەوامی ڕژێم دابووە، بۆیە ئەوکات باوکی قارەمانی لەبەرەکانی بەرگریدا بووە لەخاکی نیشتمان، دوای ڕاپەرینی مەزنی ساڵی 1991 گەڕانەوەی بنەماڵەکەی بۆ خاکی نیشتمان، باوک و براکانی بەردەوامی دەدەن بەخەباتی نەپساوەیان بۆ دۆزە ڕەواکەیان، لەتەمەنێکی یەکجار بچوک، ڕێناسیش وەکو باوکو باپیری شەهیدی، بڕیاردەدات لە 22/2/2004 بچێتە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان و لەژێر چەترو فەرمانەکانی سەرۆک بارزانیدا، ببێتە پێشمەرگەو بەردەوامی بدات، بەخەبات بۆ ئازادی وولاّت و نەتەوە چەوساوەکەی.

ڕێناس فەرزندە نەزهەت گەردی بەم شێوەیە باس لە چیرۆکی خۆی و پێشمەرگایەتی و خەبات و قوربانیدان دەکات و دەڵێت: ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی یەکجار مەزن پڕبەهایە کە ناتوانرێ بەهیچ پێوەر و سەنگێک بەراورد بکرێ. ڕێناس فەرزندە ئەو ڕۆژ بەڕۆژی کەڕامەت و شکۆ پێناسەی کرد، چونکە پێشمەرگەو گیانفیدایی لەپێناو دۆزێکی ڕەوا لایی ڕێناس و خانەوادەکەی مەزنترین پلەیە کە کەسانێکی کەم دەتوانن پێی شادبن، ڕێناس بەدرێژایی ئەو ساڵانە لە کاروانی پێشمەرگایەتی بەردەوامدەبێ و تاکو شەڕی داسەپاوی تیرۆرستانی داعش، لەو شەڕشدا لەژێر سەربەرشتی (سەرۆک بارزانی) و هاوشان لەگەڵ باوک و چواربرایی، لە "لەشکری تایبەتی گوڵان" و بەفەرماندەیی بەڕێز "مەنسور بارزانی" مەردانەو بوێرانە، بەرگری و قارەمانیەتیەکی بێ وێنە تۆماردەکەن، و چەندا شوێن لە تیرۆرستان پاکدەکەنەوە، ئەفسانە خەیاڵاویەکەی (داعش) تێکدەشکێنن.

دوای ئەوەی داعش لەسەرەتادا چەند شوێنێکی داگیرکردبوو، پاش ماوەیەکی کورت، پێشمەرگە دەستی کرد، بەڕزگارکردنی ئەو ناوچانەو دەرهێنانیان لەدەست تاریک پەرستانی دژی مرۆڤایەتی، بەداخەوە لە ڕۆژی 30/9/ 2014 لەکاتی ڕزگارکردنەوەی زۆمار لەگوندی ئەبوجیرە لەشەڕێکی سەخت و قارەمانانەدا، کە چەندان ڕۆڵەو قارەمانی نیشتمان تیایدا خۆیان فیداکردو شەهیدبوون، خۆیی و باوکی و دووبرایی، لەگەڵ چەندان قارەمانیتر بریندار دەبێ و لەئەنجامدا دەستێکی لەدەستەدا، کاتی سەربوردەکەی دەگێڕایەوە، بەجۆرێک بووە کەمرۆڤ توشی شۆکدەکات، گوتی براکانم و هەڤالانم هاتن بۆ ڕزگارکردنم و بەڕێکردنم بۆ نەخۆشخانە، بەبرایەکم گوت، بڕۆ باوکم بێنە من باشم، ئەویش گوتی بابۆ تەواو بووە لەژیاندا نەماوە، با تۆ ڕزگارکەین، چونکە برینەکەت سەختەو دەستێک لەدەستداوە، لەدرێژەیی قسەکانیدا بەردەوام بوو، گوتی کاتێ ئێمەیان بردە ناو ئیسعاف، یاسری برام (کە ساڵێک دوای ئێمە بە ئاواتی گەیشت و شەهیدبوو) لەگەڵ نەزهەتی برام، ئامادەنەبوون لەوکاتە هەستیاردا سەنگەر چۆڵ بکەن و گوتیان هەرگیز سەنگەر جێناهێڵین، کوردستان پێویستیەکی زۆری پێمانە، دواتر ئەم هەواڵە بە جەنابی سەرۆک ڕاگەیەنراو، بەڕێزیان ناردی بەدوایاندا، فەرمووین شادمانم قارەمانی وەک ئێوە دەبینم لەم کاتە هەستیاردا، ئێوە هێماو شکۆیی نەتەوەکەمانن، هەتا لەچەندان کۆڕۆ سمینداری حزبی و سەربازی جەنابیان، باسی لە بوێری و قارەمانیەتی ئەوان کردەوە، وەکو نمونەیەکی خۆڕاگری کورد وەسفی کردون، کە کورد چ قارەمانێکی تێدا هەڵکەوتوە.

ڕێناس ئێستا خۆشحاڵە، کە (داعش) تێکشکێنراوە و چەندان دەستکەوت بۆ نیشتمان زامنکراون، گوتی: ئامادەم دەستەکەی تریش لەدەستبەدەم بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، چونکە مرۆڤ گەر بیەوێ بەئازادی و هەمیشە شانازی بەخۆمەوە دەکەم، کاتێک دەبینم فەرماندەی دوژمن شکێن بەڕێز "مەنسور بارزانی" لە حاڵ و تەندروستیم دەپرسێتەوە، ئەوانە بۆ من هەرەستی بژی، ئەبێ باج و قوربانی بۆ بدات، بۆ زامنکردن و دەستبەرکردنی ئەو مافەی، ئێستاش دەبینم کە سەرۆک و نیشتمانەکەم لێم ڕازین، هەموو سەروەتی دونیا دەهێنێ.

شیاوی گوتنە، ڕێناس نەوەی شەهید "نەزهەت خورشید بێڕۆخی گەردی"ـە کە لە بەرگری و خەبات و بەرخودان و گیانبەخت کردن لەپێناو ئەو ئامانجەی کە چەندەها ساڵە بۆیی تێدەکۆشێ.



بەشێک لە ژیانی پڕ سەروەری حەمەئاغای ئەورەحمان ئاغای کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر و خاوەن هەڵوێست



قادر سدیق مەحمود ئاغا*

حەمەئاغای ئەورەحمان ئاغا لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی هاتۆتە ژیانەوە، خانەوادەی ئەم کەڵەپیاوە لە ڕووی کوردپەروەری و نیشتیمانپەروەرییەوە تا سەر ئێسک کوردپەروەر بوون و داکۆکییان لە نەتەوەکەیان کردووە. خانەوادەیەکی ڕێزدارو سەربڵندی سلێمانی بوون، خاوەن زەویوزارو مووڵکێکی زۆر بوون، هەروەها خاوەنی بەشێکی زۆری گەڕەکی (مەڵکەندی) بوون، کە بەداخەوە بەهۆی هەندێ زروفی ناسروشتییەوە مووڵک و مااڵێکی زۆریان دەستی بەسەرداگیراو دابەش کرا.



حەمەئاغای ئەورەحمان ئاغا وەک پیاوێکی هەڵکەوتوو و کوردپەروەر و نیشتیمانپەروەر چۆکی بۆ دوژمنانی نەتەوەکەی دانەنواندووە و خاون خوان و خێرومەندێکی سۆزداربووە و دەستی خەڵکی کەمدەرامەتی گرتووە و بۆ هەر کارێکی خێریش دەستی نەناوە بە ڕووی هیچ کەسێکدا، ئەم کەڵەپیاوە تا لە ژیاندا بووە خەمی هەژارانی شارەکەی و خەڵکی کوردستان بووە.

حەمەئاغای ئەورەحمان ئاغا نوێنەرایەتی خەڵکی سلێمانی کردووە لە پەرلەمانی ئەو سەردەمەی عێراق و داکۆکیکارێکی سەرسەختی ڕاستەقینەی مافەکانی کورد و خەڵکی سلێمانی بووە.

حەمەئاغای ئەورەحمان ئاغا لە کاری سیاسیدا ئەندامێکی چاالکی حزبی هیوا بووە، ئاواتی سەربەخۆیی کوردستان بووە، دوای نەمانی حزبی هیوا ساڵی 1958 ئەندامێکی کارای پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و ئەرکەکانی کوردایەتی و پارتایەتی بەجدی جێبەجی کردووە.

لە ساڵی 1961 کە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر سەربەهەڵدا حکوومەتی عێراق هێرشێکی دوژمنکارانەی بەربالاوی کردە سەر کوردستان و شەڕێکی سەخت لە نێوان پێشمەرگەو حکوومەتی عێراق لە دەربەندیخان ڕوویدا، حکوومەتی داگیرکەر لەو شەڕدا تێکشکاو زەرەری گیانی و مادەی زۆر بەر سەربازانی عێراق کەوت، هەر دوای شکاندنی سوپای عێراقی لە دەربەندیخان پارێزگاری سلێمانی کە ئەو سەردەمە موتەسەریفیان پێ دەگوت، دەنێرێت بە دوای ڕێزدار حەمەئاغای ئەورەحمان ئاغا و دەیەوێ بە زۆرەملێ چۆک بە حەمەئاغادا بداو بە زۆر دەیەوێ حەمەئاغا بروسکەی پشتگیری بۆ داگیرکەرانی کوردستان بنێرێ لە عێراق و پشتگیری لە حکوومەت بکات.

بەاڵم حەمەئاغای کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر زۆر بە تووندی وەاڵمی پارێزگای ئەوسای حکوومەتی عێراق دەداتەوە و دەڵێ "من بە هیچ شێوەیەک پشتگیری لە داگیرکەرانی کوردستان ناکەم". بۆیە لەسەر ئەو هەڵوێستە جوامێرانەو کوردانەی سزای زیندانی بەسەر حەمەئاغادا دەسەپێنن.

هەر لە ماوەی زیندانیکردنەکەیدا نەخۆش دەکەوێت، حەمەئاغا لە زیندانیدا بڕیار دەدا کە هیچ خزم و کەسوکار و بڕادەرانی سەردانی نەکەن بۆ بەندیخانە بۆ ئەوەی دوژمن پێی خۆش نەبێت.

لە وێستگەیەکی ئەم کەڵەپیاوە کوردپەروەرە لە دایکداو لەسەروبەندی ئاڵۆزی و هەراکەی ڕەشید عالی کە لە بەغدا بەڕپا دەبێ، شێخ مەحمودی نەمر دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لە گوندی (سیتەک)ی سەر بە شاری سلێمانی نیشتەجێ دەبێت.

بۆیە حەمەئاغای ئەورەحمان ئاغا و چەند هاوڕێیەکی نیشتیمانپەروەر دەچنە خزمەت شێخی نەمر و داوای لێ دەکەن کە هێزێکی نوێ لە پێشمەرگە پێکبهێنرێ و سەر لە نوێ شۆڕش بەڕپا بکەنەوە.

حەمەئاغا لە ساڵی 1935 بڕیار ئەدا حزبێکی نوێ دامەزرێنێت بە ناوی کۆمەڵەی فیدایی وەتەن، بەاڵم مخابن حکوومەتی داگیرکەری ئەوسای عێراق دەرفەتی پێ نادەن.

حەمەئاغای ئەورەحمان ئاغا وەک پیاوێکی سەربەرزی کوردستان چۆکی بۆ دوژمنانی نەتەوەکەی دانەناوە، حەمەئاغای ئەورەحمان ئاغا مرۆڤدۆست و کوردپەروەر جگە لەوەی هەوڵ و کۆششی بۆ ئازادی کورد و کوردستان بوو، پیاوێکی خانەدان و جێگەی ڕێزی خەڵکە بەشەرەفەکەی شاری سلێمانی بوو، ئەم کەڵەپیاوە نەمرە لە دوای خۆی نەوەکانی ڕێچکەی باوکیان بەرنەداوەو کۆڵیان لە کوردایەتی نەداوە. کۆڕەکانی بە ناوی سەردار و سالار و شاسوار پەیوەندییان بە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کردووەو وازیان لە هەموو مووڵک و زەویوزار و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هێناوەو بەشداری شۆڕشیان لا گرنگتر بووە، پێشمەرگە بوون لە ڕیزەکانی شۆڕشدا و پلە و پایەیان دیار بووە و لەژێرسایەی بارزانیی نەمردا پەرەیان بە خزمەت کردنی میللەتەکەیان داوەو تاکو ئێستا لە بەرەی گەل دان. هەروەها دڕێخیان نەکردووە لە هاوکاری کردنی خزم و کەسوکاریان و هەمیشە بەرژەوەندی میللەتیان لە پێش مووڵک و ماڵ و قازانجی خۆیانەوە ویستووە.

بە هۆی ئەم هەڵوێستە کوردانەو جوامێرانەیان وەک خانەوادەیەکی پایەبەرزی شاری سلێمانی. دیارە باوکی ڕووحی کورد مستەفا بارزانی حەز بە خزمایەتی و تێکەڵبوونی ئەم بنەماڵە ناودارەی سلێمانی دەکا. دەستی خزمایەتی و تێکەڵ بوونیان بۆ دردێژ دەکاو کاکە ئیدریس بارزانی هەمیشە زیندوو دەبێتە زاوای خوا لێی خۆش بێت حەمەئاغای ئەورەحمان ئاغا.

حەمەئاغا لە نێو شاری سلێمانی و ناوچەکە جێگەو پێگەی دیارو بەرچاویان هەیە، ئەم بنەماڵەیە چەندین کاری خێرخوازیان ئەنجام داوە یەکێک لەم شوێنە خێرخوازییە دیارانە هۆڵی بۆنەکانی خاتوو نیعمەت خانی حەمەئاغایە کە بەشێوەیەکی جوان دروست کراوە هەمیشە دەرگای والآیە بۆ هەر بۆنە و پرسەیەک. یادت بە خێر حەمەئاغا ئەورەحمان ئاغا ناوت لە مێژووی پڕ سەروەری تێکۆشاندا لە ناو میللەتەکەت و شاری سلێمانی بەزیندووی ڕادەگیرێ. مخابن حەمەئاغای بە هەڵوێست و کوردپەروەر هەر بەو نەخۆشیەی لە زیندانەکانی ڕژێمی داگیرکەردا تووشی بوو لە بەرواری 8/8/1962 چووە بەر دلۆڤانی خودا و لە گردی سەیوان بە خاک سپێردراوە.

*** عەمیدی خانەنشین**

وون بوون

ناسنامەی پێشمەرگەی زیرەڤانی بەناوی کاروان خدر حمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٦١٢٦٠ بەرواری ٢٠١٩/٧/١٧ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ دینار بەناوی مراد فاروق عثمان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
کۆلێژی پەروەردە
سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە: ٢/٢ج/٦٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٧
بۆ: بەڕێز (د. سردار صباح عبدالله)
بەناونیشانی (مامۆستا) لەبەشی (بایۆلۆجی)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر دابرانت لەکار لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١١ تاکو ئێستا بەبێ هۆ ئاگاداری ئێمە داوات لێ دەکەین کە بگەڕێتەوە سەر کارەکەت بۆ ماوەی (٧) ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی عێراقابی وە بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی عێراقابی و بەپێی برگەی (٤) لەبەندی ٣٧ یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٧) لە ساڵی ١٩٦٠ ڕاستکراوە کۆتایی بەڕاژەکەت دەهێنن.

پ.ی.د. سعید عمر ابراهیم
ڕاگری کۆلێژە بەوەکالەت

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ١٦/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/١٢/٢٢
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتباڕێ ڕەڤی/ دیار محو هسن

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٦/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا برایەتی ب هژمار ٢٠١٨/١٠٣ ل سەر مادده ٤٠٦ یاسا سزا, ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕۆژا ٢٠٢٠/٣/١٩ بو دادگەهکرنا تە و بەرۆڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.

دادەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ١٧/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/١٢/٢٢
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتباڕێ ڕەڤی/ بسام عیدو علی حسین

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٧/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا شێخان ب هژمار ٢٠١٨/٢٦ ل سەر مادده ٢٨١ یاسا سزا, ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕۆژا ٢٠٢٠/٣/١٩ بو دادگەهکرنا تە و بەرۆڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.

دادەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٤٠٢/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/١٢/٢٢
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتباڕێ ڕەڤی/ موسی امین الیاس

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٤٠٢/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل ڕێقەبەریا فەکولینا دهوك ب هژمار ٦٨/ق.ك٢٠١٦/٣٠٨ ل سەر مادده ٣٠٨ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕۆژا ٢٠٢٠/٣/٢٦ بو دادگەهکرنا تە و بەرۆڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.

دادەر/ عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە/ ٧٣٤/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٢٤
ئاگەهداری

بو کەسێ دادگەهکری (جوان عبدالقادر محمود) یت یێ هاتینە دادگەهکرن بێ ئامادەبوون بزیندانکرنێ بو ماوێ (٣) سێ سال ل دیف بەندێ (١٧ ژیاسا پاسپورتا یا ژمارە ٣٢ یا سالا ٢٠١٥ و بدلالەتا بەندێ ١٥/رابعا ژ هەمان یاسا) و ژبەر نەنیاسا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتەدان تو بهێنە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕێکا دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی، و تە مافێ هەی نەرازیبوونا خو دەربری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاساییدا بو دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەرۆڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهئینان.

دادەر/ بیان ادیب رشید
داوەرا دادگەها کەتن سێمێل

***

دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە: ٢٨٣٦/ب/٢٠١٨/٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٨
ڕاگەیاندن

بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای نیمرخ سەرەڕای کارەکەی)
داواکار (شازاد حسن احمد) داوای ژمارە (٢٨٣٦/ب/٢٠١٨)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای نیمرخ سەرەڕای کارەکەی) دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە:٤٩٧٩/ش/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٢/١٧
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (صدام حسین عبدالله)
شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (هناء محمد عبدالله) داوای ژمارە (٤٩٧٩/ش/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (سەماندنی گرێبەستی هاوسەری) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (هەولێر/ ناحیەی قراج/ گەرەکی شاهر سلطان) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١/١٢, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادەر/ طارق حسین کریم

***

سەرۆکایەتی لێژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٨
ئاگاداری
بڵاوپۆش

دوابەدوای هەردوو بڵاوکردنەوەمان لە ڕۆژنامەی خەبات بە ژمارە (٥٦٣٣) لە ٢٠١٨/١١/١٤ و ژمارە (٥٧٩٣) لە ٢٠١٩/٧/٢١ سەبارەت بەجێبەجێکردنی ناوەرۆکی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (١٢٦٧) لە ٢٠١٨/٣/٢٦ کە هاوپێچی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێرە بەژمارە ٥٩١٢ لە ٢٠١٨/٦/٢٦ وە ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زار ژمارە (١٠٨٨) لە ٢٠١٩/٢/٢٦ سەبارەت بە پشکنین و لێکۆڵینەوە لەسەر پارچە زەویەکانی ژمارە (١٢ ، ١٤ ، ٢٣ ، ٢٧، ٣٢ ، ٣٥ ، ٣٨ ، ٥٦ ، ٦٦ ، ٦٧ ، ٦٨ ، ١٦٢ ، ٢٢٥ ، ٢٣٤ ، ٢٣٥ ، ٢٥٨/٢ ، ٢٦٠ ، ٣١١ ، ٣١٣ ، ٣١٩ ، ٣٢٢ ، ٣٢٧ ، ٣٣٩ ، ٣٤٢ ، ٣٤٣ ، ٣٤٩) کەرتی ٢٩/ دەشتی کۆیە وە پارچە زەوی ژمارە (٣٥) کەرتی ٤٥/ هەواوان و پارچە زەوی ژمارە (٩) کەرتی ٤٧/ حمەبایزان بەمەبەستی هەڵوشاندنەوەی (حل) کردنی ئەو پارچە زەویانەی کە ڕووبەرەکانیان سیفەتی کشتوکاڵیان لەدەستداوە و بەپێی یاسای ١١٧ی ساڵی ١٩٧٠ وە بڕیاری ١٢٥٣ی ساڵی ١٩٨٥ وە ڕێنمایی ٩ی ساڵی ١٩٨٨ وە بوونەتە بەشێك لە گەڕەکەکانی ناو شاری کۆیە، وە ئاماژە دەکەین کە بەهەڵە هەردوو پارچە زەوی ٣٥ کەرتی ٤٥/ هەواوان و پارچە زەوی ژمارە ٩ کەرتی ٤٧/ حمە بایزان لە بڵاوکردنەوەکانی پێشوو نەهاتووە (درج) نەکراوە وە پارچە زەوی ژمارە ١٦٤ کەرتی ٢٩/ دەشتی کۆیە بەهەڵە لەبڵاوکردنەوەی دووەم ژمارە (٥٧٩٣) لە ٢٠١٩/٧/٢١ هاتووە کە (حل) نایگرێتەوە بەڵام دوای پشکنین و لێکۆڵینەوە و ڕێکارەکانی هەڵوشاندنەوە (حل) سەبارەت بەم سێ پارچە زەویە ئەنجام دراوە بەئامادەبوونی نوێنەرانی سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە و بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی کۆیە و یەکەی ئیداری ناوچەکە لەڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/٥ جا هەرکەس و لایەنێك و خاوەن مۆڵکەکان و موختاری گوند بەرهەڵستکاری هەیە لەسەر هەڵوشاندنەوەی هەرسێ پارچە زەوی (٣٥) کەرتی ٤٥/ هەواوان و پارچە زەوی ژمارە (٩) کەرتی ٤٧/ حمە بایزان پارچە زەوی (١٦٤) کەرتی ٢٩/دەشتی کۆیە هاوشان لەگەڵ پارچە زەویەکانی ژمارە (١٢ ، ١٤ ، ٢٣ ، ٢٧ ، ٣٢ ، ٣٥ ، ٣٨ ، ٥٦ ، ٦٦ ، ٦٧ ، ٦٨ ، ١٦٢ ، ١٦٤ ، ٢٢٥ ، ٢٣٤ ، ٢٣٥ ، ٢٥٨/٢ ، ٢٦٠ ، ٣١١ ، ٣١٣ ، ٣١٩ ، ٣٢٢ ، ٣٢٧ ، ٣٣٩ ، ٣٤٢ ، ٣٤٣ ، ٣٤٩) کەرتی ٢٩/دەشتی کۆیە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام ددات بەپێی یاسا بۆ بلاوپۆش.

سەرۆکی لێژنە/ کاروان ابراهیم اسماعیل
٢٠٢٠/١/٨

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنوسی کەلار/یەك
ژمارە / ٢
ڕیکەوت ٧ / ١ / ٢٠٢٠
ئاگاداری

بەپێی ئەو داوایەی کەلەلایەن داواکار (حسن محمد مجید) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی کارگەی (گەرمەسێر) بۆ دروست کردنی جبس کە لە (کەلار / ناوچەی پیشەسازی) دانراون و ئامێرەکان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەساڵی (١٩٩٨) بڵاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.

١ ناوی ئامێر ا ژمارەی ئامێر ا دروستکراو ا مۆدێل ا توانای کارەبای ا
١- کابیسەی کیسەی جبس ا ٠٠٣١٠١ ا ئیرانی ا ٢٠٠٨ ا ١ ا ئەسپ ا
٢- ئەکستررودر ا ٠٠٣٠٩٩ ا ئیرانی ا ٢٠٠٨ ا ٣٠ ئەسپ ا
٣- ئەکستررودر ا ٠٠٣٠٩٨ ا ئیرانی ا ٢٠٠٨ ا ٣٠ ئەسپ ا
٤- گیزەری گەرم کردن و تێکەڵ کردن ا ٠٠٣٧٢٣ ا ئیرانی ا ٢٠٠٨ ا ١ ئەسپ ا
٥- ئامێری فڕینی وشك کردنەوەی بەرهەم بەستراو بە دوو کۆنفایەر (١٤) م ا ٠٠٣٧٢١ ا ئیرانی ا ٢٠٠٨ ا ٩ ئەسپ ا
٦- گیزەری گەرم کردن و تێکەڵ کردنی ڕۆن ا ٠٠٣٧٢٢ ا ئیرانی ا ٢٠٠٨ ا ١ ئەسپ ا
٧- ئامێری تێکردن و کەپس کردن ا ٥٩١ ا ئیرانی ا ٢٠٠٨ ا ١ ئەسپ ا
٨- ئامێری تێکردن و کەپس کردن ا ٠٠٣٧١٩ ا ئیرانی ا ٢٠٠٨ ا ١ ئەسپ ا
٩- ئامێری تێکردن و کەپس کردن ا ٠٠٣٧١٨ ا ئیرانی ا ٢٠٠٨ ا ١ ئەسپ ا
١٠- ئامێری تێکردن و کەپس کردن ا ٠٠٣٧١٧ ا ئیرانی ا ٢٠٠٨ ا ١ ئەسپ ا
١١- فرنی ووشك کردنەوە ا ٠٠٣٧١٦ ا ئیرانی ا ٢٠٠٨ ا ٣ ئەسپ ا
١٢- ئامێری ئکستررودر ا ٠٠٣٧١٥ ا ئیرانی ا ٢٠٠٨ ا ٣٠ ئەسپ ا
١٣- ئامێری ئەکستررودر ا ٠٠٣٧١٤ ا ئیرانی ا ٢٠٠٨ ا ٣٠ ئەسپ ا
١٤- ئامێری تێکەڵکردن ا ٠٠٣٧١٣ ا ئیرانی ا ٢٠٠٨ ا ١ ئەسپ ا
سیامندمحمد صالح / دادنوسی یەکەمی کەلار
٢٠٢٠/١/٧

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنوسی کەلار/یەك
ژمارە / ١
ڕیکەوت ٧ / ١ / ٢٠٢٠
ئاگاداری

بەپێی ئەو داوایەی کەلەلایەن داواکار پشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە،بە ناوی (یحیی محمد مجید) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی کارگەی (نمە) بۆ دروست کردن و پاراستنی خۆراك لە ساردیدا کە لە (کەلار / ناوچەی پیشەسازی) دانراون و ئامێرەکان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەساڵی (١٩٩٨) بڵاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.

ژ ا ناوی ئامێر ا ژمارەی ئامێر ا دروستکراو ا مۆدێل ا توانای کارەبای ا
١- کۆمپرێسەر لەگەڵ یەکەی چڕکردنەوە ا ١٢٢ ا ئەڵمانی ا ٢٠٠٨ ا ١٨ ئەسپ ا
٢- کۆمپرێسەر لەگەڵ یەکەی چڕکردنەوە ا ١٢٣ ا ئەڵمانی ا ٢٠٠٨ ا ١٥ ئەسپ ا
٣- کۆمپرێسەر لەگەڵ یەکەی چڕکردنەوە ا ١٢٤ ا ئەڵمانی ا ٢٠٠٨ ا ١٥ ئەسپ ا
٤- کۆمپرێسەر لەگەڵ یەکەی چڕکردنەوە ا ١٢٥ ا ئەڵمانی ا ٢٠٠٨ ا ١٥ ئەسپ ا
٥- کۆمپرێسەر لەگەڵ یەکەی چڕکردنەوە ا ١٢٦ ا ئەڵمانی ا ٢٠٠٨ ا ١٥ ئەسپ ا
٦- کۆمپرێسەر لەگەڵ یەکەی چڕکردنەوە ا ١٢٧ ا ئەڵمانی ا ٢٠٠٨ ا ١٥ ئەسپ ا
٧- کۆمپرێسەر لەگەڵ یەکەی چڕکردنەوە ا ١٢٨ ا ئەڵمانی ا ٢٠٠٨ ا ١٥ ئەسپ ا
٨- کۆمپرێسەر لەگەڵ یەکەی چڕکردنەوە ا ١٢٩ ا ئەڵمانی ا ٢٠٠٨ ا ١٥ ئەسپ ا
٩- کۆمپرێسەر لەگەڵ یەکەی چڕکردنەوە ا ١٣٠ ا ئەڵمانی ا ٢٠٠٨ ا ١٥ ئەسپ ا
١٠- کۆمپرێسەر لەگەڵ یەکەی چڕکردنەوە ا ١٣١ ا ئەڵمانی ا ٢٠٠٨ ا ١٥ ئەسپ ا
١١- کۆمپرێسەر لەگەڵ یەکەی چڕکردنەوە ا ١٣٢ ا ئەمریکی ا ٢٠٠٨ ا ١٥ ئەسپ ا
١٢- کۆمپرێسەر لەگەڵ یەکەی چڕکردنەوە ا ١٣٣ ا ئەمریکی ا ٢٠٠٨ ا ١٥ ئەسپ ا
١٣- کۆمپرێسەر لەگەڵ یەکەی چڕکردنەوە ا ١٣٤ ا ئەڵمانی ا ٢٠٠٨ ا ١٥ ئەسپ ا
١٤- کۆمپرێسەر لەگەڵ یەکەی چڕکردنەوە ا ١٣٥ ا ئەڵمانی ا ٢٠٠٨ ا ١٥ ئەسپ ا
١٥- مۆلیدەی کارەبا ا ١٣٦ ا تورکی ا ٢٠١٢ ا KV ٥٠٩ ا
سیامند محمد صالح / دادنوسی یەکەمی کەلار

***

دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ١٣/ك.ب/٢٠١٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٢٣
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو/ فەرمان
محمد احمد محمد
ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٧) لە یاسای کەتنی بەڕەنگاربوونەوەی خێزان لە تۆندوتیژی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە (بەڕێوەبەرایەتی تۆندوتیژی خێزان/ نوسینگەی ڕۆژئاوا) لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بریارماندا لە (٢) دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیدا ئاگادارت بکەینەوە کە ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بنگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/شیرین علی حمەسور

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٦٠٠٠/ش/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠٢٠/١/٦
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (امولە امل هەزار) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (دلدار یاسین طە) داوای ژمارە (٦٠٠٠/ش/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق قبل دخول) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی رزگاری کوران) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١/٢٨, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادەر/ طارق حسین کریم

***

دادگەها بەرایی ل ئامێدی
ژمارە/ ٣٠/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠٢٠/١/٧
ڕاگەهاندن
بۆ داوالیکراوا شەشێ (کیفی عبدالرحمن سلیم) جهی ئاکنجیی نادیار

فی دادگەهی بریار دایە ل ڕیکەفتی ٢٠١٩/١٢/٣ د داوایا ژمارە (٣٠/ب/٢٠١٩) ئەوا ژلایی داواکار (صلاح الدین اسماعیل حسن وشرکاوە وکەسێن سێیێ عباد حسین محمد وشرکاوە) ی فە هاتیە تومارکرن ب (تایید الحکم البدائی الصادر من هذه المحکمه بالعدد ١٤٠/ب/٢٠٠٦ والمورخ فی ٢٠٠٦/١٢/٣ وتحمیلك الرسوم والمصاریف القضائیة) وژبەر نەدیاریا خو جهیا تە ل دیف اشعارا موختاری ئامێدیی پیتفیکر تو بهیە ڕاگەهاندن ب بریارا دادگەها مە ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێن نافخویی پێن ڕۆژانە وتە مافی نەرازیبونی وپێداچوونەوەی یی هەی لسەر بریاری د ماوی (١٠) دەە ڕۆژان دا ژ ڕۆژا بلافکرنا فی بریاری وبەروفاژی دی بریار پلا فەبر وەرکریت

دادەر / دارا رمضان صالح

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٥٤٢/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠٢٠/١/٦
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (سمیر صالح عبدالله)
جهێ ئاکنجی بونێ نەدیارە

داواکار (شهله محمد رشید) داخازا ژێك جودابوون(تفریق) ژ تە دکەت وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیرە ودەستەکا هەلبژارتنا پارێزگەها دهوك کوندی ئیتیتی لەورا ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەیین ڕۆژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر دەە ل سپیدەهیا ڕۆژا ٢٠٢٠/١/٢٠ ول بەرۆژڤاژی ڤی چەندی دادبینی ل دەرهەقی تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن

دادەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

***

DNO
EST - 1971

Job Title	Wellsite Geologist
Work Location	Field

Additional Details and requirements

Job Summary:

The Wellsite Geologist will supervise at every stage of the drilling process on exploration/development/deviated/horizontal wells. They study and analyse rocks cutting samples of the wells in order to direct the drilling and identify the rock formations. Reporting on time is also a key element of this job.

Health, safety, environment and security are core values at DNO and are taken very seriously. All employees are expected to play their role whereas senior staff is also part of a company-wide safety leadership programme.

Responsibilities for:

Evaluating offset data before the start of drilling
Analysing, evaluating and describing formations while drilling, using cuttings, gas, formation evaluation measurement while drilling and MWD/LWD wireline data
Supervision of Mudlogging Unit
Supervision of MWD/LWD services
Supervision of OH Logging Operations
Rock cutting analysis
Picking Formation Tops
Picking Casing/Coring points
Daily logs preparation / QC
Daily WSG Reports
All Daily & Final all Data and Reports QC
Sending Samples, Data and Reports

Required Qualifications & Experience:

- Geology Degree (or equivalent) and previous experience in Iraq / Kurdistan.
- Previous working experience in Kurdistan with E&P companies.
- As a guide 10+ years' experience in upstream oil field and at least 5 years Wellsite Geologists experience.

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان
من پاریزەر (پێشەوا رفیق تۆفیق) کە بەپێی کۆنووسی بریار دەستەی گشتی (کۆمپانیای التحدی بۆ بازرگانی گشتی و هاوردە و ناردەنی و بریکارنامەی بازرگانی / سنووردار) کە لە ڕۆژی (٢٠١٩/١١/٥) دا بریار دراوە بە دانانم وەک پاکتاوکاری کۆمپانیا، بۆیە ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێک پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە .
پاکتاوکار
پاریزەر / پێشەوا رفیق تۆفیق
٠٧٧٠٢٤٠٤٠١٥

* * *

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ١٨١/ج/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٦
بۆ/ تۆمەتبارانی هەلاتوو (شوکت عەدول اودل و نزار صدیق عدو)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی مادەی ٤٠٦ بەدەلالەی مواد ٤٧ ، ٤٨ ، ٤٩ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەلاتنتان و نادیاری جیگاکەتان لەکاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا و پالپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنتان لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٥ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
سەرۆک/ زرار محمود مرادخان

* * *

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ١٨٢/ج/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٧
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (دیار یاسین مصطفی)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادەی ٢٨٩ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جیگاکەت لەکاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا و پالپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٥ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
سەرۆک/ زرار محمود مرادخان

* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/١
ژمارە: ٢٥٢٥/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/١٢/٢٤
ئاگانامە
داواکار/ هێمن اکرم حسن ناونیشان: سلێمانی
داوالەسەرکراو/ سمین قربان معدی ناونیشان نادیارە
داواکار سمین قربان معدی داوایەکی بەژمارە ٢٥٢٥/ش/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆماکردووە لەسەرت وەلەم داوایەدا هاتووە بە (چەسپاندنی ڕەچەڵەک) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەروارى ٢٠٢٠/٢/٥ کاتژمێر ٩:٣٠ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکارتان ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادەر/ د. سردار علی عزیز

* * *

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار
ژمارە: ٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٨
هۆشداری
هۆشدەر/ پاریزەر (ئازاد جوهر عولا) بریکاری گشتی (نایف عبدالکریم محمد شریف) بەپێی بریکارنامەی گشتی ٢٥٢٥/ش/٢٠١٩ ڕەها (٦٢/٥٦٩٦٠) لە ٢٠١٩/١١/١٢ دەرچوو لە فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر.
هۆشداریکراو/ رواد وسیم شعبان
بەرێزتان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەفەرمانگەکەمان لەلایەن پاریزەر (ئازاد جوهر عولا) بریکاری گشتی (نایف عبدالکریم محمد شریف) بەپێی بریکارنامەی گشتی ڕەها (٦٢/٥٦٩٦٠) لە ٢٠١٩/١١/١٢ دەرچووە لە فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر بە هۆشداری ژمارە (٧/١٣٩٦) لە ٢٠١٠/١/٨ لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنتان بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی سەربەستی (٢٠٢٠/١/٨) لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی فەرمی پێتڕادەگەیەنم تۆ کرێچی بریکاردارمی لە باڵەخانەی ژمارە (٣٢/٨٣٠٧) کەرتی ٤٤ وارش بەپێی گرێبەستی واژوو کراو لەنێوانتان لەبەروارى ٢٠١٦/٣/١ بە کرێی مانگانەی ($١١٠٠٠) یازدە هەزار دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی کرێی مانگەکانی (تەمووز و ئاب و ئەیلول و تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم ساڵی ٢٠١٩)ت نەداوە بەبریکاردارم کە کۆی گشتی دەکاتە بڕی ($٦٦٠٠٠) شەست و شەش هەزار دۆلاری ئەمریکی بۆیە ئاگادارت دەکەمەوە کە هەڵسیت بە دانی ئەم کرێیانە بەبریکاردارم لەماوەی ٧ ڕۆژدا لە ڕۆژی پێراگەیاندنت بەم هۆشداریە بەپێچەوانەوە ناچارم ڕێکاری یاسایی بگرم ڕوو لە دادگای تایبەتمەند بکەم و داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست و چۆڵکردنی بکەیت (هۆشدار بیانو بڕە).
بۆتان کامیران میران
دادنووسی یەکەم

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە: ٢١٣٤/ب/٢٠٢٠/٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٦
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سعدیە یاسین عبداللە)
داواکاران/ ١- سعدیە ٢- عدویە ٣- کلیزار ٤- سلطانة ٥- وزیرە ٦- فوزیە ٧- کول بهار کچەکانی عبدالرحمان اسماعیل عباس)
داوای ژمارە ٢١٣٤/ب/٢٠٢٠/٢ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو سعدیە یاسین عبداللە داواکاران داوایان کرد چۆڵکردنی شوقەی لە باڵەخانەی دروستکراو لەسەر مولکی ژمارە (٣٥٦ کەرتی ٢٠٨ تەیراوە) و دادگا لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٥ بریاری دا بەچۆڵکردنی شوقەی کە دروستکرا لەسەر مولکی ژمارە (٣٥٦ کەرتی ٢٠٨ تەیراوە) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی مستوفی) لە ٢٠١٩/٩/٤ بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ ڕاگەیاندنت وە ئێوە مافی نارەزایی (اعتراض) وە پێداچوونەوە هەیە لە بڕیاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕو کۆتایی وەردەگرێت.
دادەر/ قباد شێرزاد نوری

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٨٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٧
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (GOLD RING(G.R)) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٨٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٧
بڕیاری داخستنی لقی کۆمپانیای (بیانی)
دوای تەواو کردنی ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (کارتال)ی (ترکی) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی و بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە مادەی ١٥ لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.
من وەک تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە داخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراو و سرینەوەی ناوی لە تۆماری تۆمارکاری کۆمپانیاکان.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ١١٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٧
بڕیاری داخستنی لقی کۆمپانیای (بەغداد)
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (الشرق العالمیة للبرمجیات/ المحدودة) لە (بەغداد) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە داخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە و سرینەوەی لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

DNO
EST - 1971

Job Title	Senior HSE Advisor (Fixed term 12 months)
Work Location	Field

Additional Details and requirements

Job Summary:

Supports and advises field leaders and crews towards compliance with legislation, DNO and internationally accepted HSE practices. The senior most HSE person on site working closely with the site leader, security team, medics and contractors to ensure safe and responsible mobilization, execution and demobilization of contractors working for an on-behalf of DNO at the site.

Please visit our website to read more on the job details.

Required Qualifications & Experience:

Minimum Qualifications:

- Technically relevant degree or industry equivalent such as NEBOSH Diploma.
- Other internationally accepted HSE, risk management and crisis management qualifications will seen a positive.

Minimum Experience:

- 15 years in oil and gas and/or petrochemical industry.
- 2 years in a supervisory role for onshore field operations and development.
- At least 5 years in relevant work areas (civils and contractor engagement)

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

Job Title	Senior Contracts Engineer (Fixed term 24 months)
Work Location	Erbil Office

Additional Details and requirements

Job Summary:

Undertake and execute day-to-day operational contracting activities in support of DNO's drilling, production operations and projects in Kurdistan from start to finish. Develop, compilate and execute of pre-qualification exercises, draft contracting strategies, prepare invitation to tenders, facilitate tender openings and evaluation of tenders received, including detailed analysis of commercial and contractual qualifications and execution of contracts. Ensure all drilling, production and project materials and services requirements are procured at best price and delivery terms and in full compliance with DNO Procurement Procedures and PSC terms. Conduct contract management activities to ensure effective contracts administration and performance management of contracts.

Please visit our website to read more on the job details.

Required Qualifications & Experience:

- Minimum 15+ years relevant oil & gas contracting experience, with at least 10+ years international working experience as senior contract engineer with IOC(s)
- Formulation and evaluation experience in a cross section of complex well engineering, production, construction and support contracts.
- Complete understanding of significant legal and commercial issues
- Demonstrable skills & experience in contract engineering, procurement, materials management & logistics for drilling, production & projects and facilities;
- HND preferably technical or BA / MBA or Quantity Surveying.
- Awareness of Best Practices in corporate and project supply chain procedures;
- Preference for CIPS or RICS (or equivalent) certification.

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٦٣٩/ت/٢٠١٩/ ب
رۆژ: ٢٠١٩/١٢/١١
بۆ/ تاوانبار ئیڤان جبار علی رسول
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٣١ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٦٣٩/ت/٢٠١٩/ ب وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ٤١٢ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە (٦ شەش سال) وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادەر/احمد حجی داهر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٢٦٥٦/ك/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو:
بەختیار محمد رحیم قادر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٤٤٦/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٢٤
بۆ/ تاوانبارکراو محمد وحید ایوب
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووی لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٤ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٤٤٦/ك/٢٠١٩ بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی بەشی ١/٢١ لەیاسای هاتووچۆ حوکم درا بەسەرتا بە غەرامەکردنی بەبڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بەگوێرەی بەشی (١/٢١) لە یاسای هاتووچۆی ژمارە ٨٦ بۆ ساڵی ٢٠٠٤. وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادەر/شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارەی داوا: ٢٢٩٣/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: نورالدین فتاح حمید
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (هەواری شار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / بێخاڵ محمد مصطفی
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارەی داوا: ١٤٩٢/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو:
ڤیداد عبدالوهاب جمال
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٩) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / بێخاڵ محمد مصطفی
***

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (Q.A.Q) یا (بەلێندراتێت بیناسازی وخانوبەرا وکارێن ئەندازیاری / سنۆوردار) بریارا گهورینا (ناڤێ کومپانیی) دایە ژ کومپانیا (Q.A.Q) یا (بەلێندراتێت بیناسازی وخانوبەرا وکارێن ئەندازیاری / سنۆوردار) بۆ کومپانیا (بابك) یا (بەلێندراتێت بیناسازی وخانوبەرا وکارێن ئەندازیاری / سنۆوردار) لەوما هەر کەسەکی نەرازی بیت یانژی مافەکێ یاسایی ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا سەرەدانا ریڤەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل (باژێرێ دهوکێ - جادا مازی) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن

ریڤەبەرێ کومپانیان لدهوك

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ١٠٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٧
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (راتوول) بۆ (بازرگانی کەل و پەلی خۆراك/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٩٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٧
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (WEST ENERGY) بۆ (خزمەتگوزاری نەوت/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ١٣٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٨
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (رۆندك) بۆ (پیشەسازی گشتی و شکاندنی بەرد/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

DNO
EST - 1971

Job Title	Project Execution HSE Advisor(Fixed term 12 months)
Work Location	Field

Additional Details and requirements

Responsibilities for:

- Ensures full compliance with DNO's safe working practices and EIA commitments in field.
- The conscience of the execution works with a direct reporting line on site and a reporting line to the BU HSE Manager as the functional reporting line.
- Active input into the daily and forward plans of project execution through Permit to Work Planning meetings with Site Superintendent and site HSE resources and contractor supervisors.
- Engagement in forward looking risk assessments of project execution work.
- Planning and supervision of SIMOPS activities (concurrent drilling, construction and production).
- To provide training and coaching for the Contractor's safety advisors and for the contractors where required.
- Provide training and coaching for national DNO HSE staff developing skill sets through onsite coaching and if required formal training.

Please visit our website to read more on the job details.

Required Qualifications & Experience:

- 15 years HSE experience in HSE with at least 5 years spent in a construction/project execution role.
- Relevant degree / Diploma in Occupational Health & Safety

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

Job Title	Maintenance Project Engineer
Work Location	Tawke

Additional Details and requirements

Job Summary:

To plan, manage and supervise small to medium upgrade projects within oil and gas facilities and supporting infrastructure. This will involve both civils and structural work including but not limited to camp moves, road maintenance, drainage, pipework installation and construction of new facilities.

Please visit our website to read more on the job details.

Required Qualifications & Experience:

- Engineering Degree or technical qualification with 12 years' experience
- 10 years' experience
- Installing new camps
- Installing structural steel
- Hydrocarbon and non-hydrocarbon pipework
- Project Management
- Working on multiple job fronts
- Mentoring and/or Training
- Experienced with CMMS systems (Epicor advantageous)
- Reporting and data gathering
- Computer literate with ability to use Microsoft: Outlook, Word, Excel, PowerPoint.
- English language oral and written

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

www.xebat.net
پێنج شەمە 2020/1/9 ژمارە (5907)
خەبات

سینۆگرافیا... لە ئەزموونی نوێ‌ی شانۆی کوردی دا



حەیدەر عەبدولڕەحمان

ناتوانین نکۆڵی لەوەدا بکەین کە چمکی ڕاستەقینەی سینۆگرافیا پەیوەستە بە تەکنیکی شانۆیی و هەموو ئەو جوانکاریی و پێکهاتە دەرەکی و ناوەکییانەی شانۆ بە جوانی و ڕۆحە زیندووەکەی خۆیەوە بەرجەستە دەکەن، سینۆگرافیاش وەک هونەرو زانست چونکە پەیوەست بوونێکی ڕاستەوخۆی بە دیدو دەروونی بینەرەوە هەیە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر بینەرو وروژاندنی، تا ئەو ئاستەی هەندێ جار لە ژێرتینی ئەو کاریگەر بوونە بە سەر بینەردا دەگاتە ئەو ئاستە کە بە نهێنی لە ناو تاریکایی شانۆدا فرمێسکی خۆشی پێ بڕژێنێ بینەر لەو لەحزانەدا وا هەست دەکا دەگەڕێتەوە سەر خەسڵەتە ڕەسەنەکانی ئینسانیەتی خۆی، هەستە فسیۆلۆژییەکانی تێکرا چەشنی شەپۆلێک لەسۆزو ئەندێشە هەڵدەچن، کە هەندێ جار بەرگەی ئەو هەڵچوونە لەودەرگتنی چێژو ستاتیکاو سۆز ناگرێ بە بێ ویستی خۆی لەژێر فشاری ئەو قەوارە بێ سنوورە لەچێژ وەر گرتنی سینۆگرافیا.

وای لێ دێت کۆنترۆڵی خۆی لەدەست بدات، بەتایبەت ئەو کاتانەی نمایش هەموو پێکهاتە سینۆگرافیاکانی بەیەکەوە بەگەڕ دەخا، لەگەڵ ڕیتمی موزیک و سەما، ئەدای جەستە و ئیلقای جوانی ئەکتەر،کاتێ ئاوێزانی موزیک و ڕووناکی دەبن، نمایش لەباگ ڕاوندی ژێر پەردەی شانۆو ڕووداو نەبینداراوەکان، کە هەندێ جار وێنەی سینەمایی تێدا دروست دەکرێت و تێکەڵ بەموزیک دەکرێت، یان دروست کردنی تابلۆیەک لە بێدەنگی و کپی و خامۆشی و بە ئاگا هێنانەوەی لە ناکاوی بینەر و بەهاوسەنگ ڕاگرتنی ڕیتمی شانۆ، بەکارهێنانی موئەسیراتی دەنگ، لەگەڵ ڕێژنەی باران و هاژەی شەپۆل و دەنگ و لووڕەی ئاژەڵە کێوییەکان لەکەشو هەوایێکی خامۆش و دەیان کەرەستەی دیکەی بەسیحراوی بوونی شانۆ نغرۆ کردنی لەنێو ئامرازەکانی سینۆگرافیا، هەموو ئەم دیمەنانە چەند نموونەیەکن لەسیحری سینۆگرافیای شانۆیی بۆ بە ئاگا هێنانەوەی هەستەکانی بینەرو جولاندنیان

سینۆگرافیا تاکە هونەرێک نیە بینەر بتوانێت هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات بەتەنها، بەڵکو کۆمەڵە هونەرێکی یەکگرتووە کەلە هارمۆنیایێک دەچن پێکەوە لەشانۆدا یەک دەگرن و تەوژمێک لەجوانی دەخەنە سەر هەموو ئەندامە هەستیارەکانی بینەرو ناچاری ئەوەی دەکەن بێ کەوتنە ژێر ئەو هارمۆنیا هونەرییانە لە هۆڵی شانۆدا، بە دیدو دەروونێکی خاڵی نەچێتە دەرەوە، بەڵکو وای لێ دەکەن نەتوانی، تا دێر دەمانێکییش لە ژێر کاریگەرییەکانی سینۆگرافیاو تەکنیکی شانۆیبدا خۆی ڕزگار بکات.

شانۆی هاوچاخ چەند ئەوەندەی بایەخی بەناوەڕۆک و نمایش و ئەکتەر داوە لە ناوەوە، ئەوەندەش زێتر بایەخی بەشێوە داوە، چونکە لە ڕەسەندا هەردوکییان تەواوکەری یەکترن، نە ناوەڕۆک بەتەنیا دەتوانێت بینەر بەهەموو ئەندامە هەستیارەکانی تێر بکات، نە شێوەی بێ گیانیش دەتوانێت شانۆ بە زیندوویەتی ڕابگرێت.

دەرهێنەر ناتوانێت لەو نێوەندەدا بایەخی خۆی بە تەنیا لایەکدا بدات، ئەگەر هاوسەنگی لە نێوان شێوەو ناوەڕۆکدا دروست نەکات، کە ڕەنگە هەموو دەرهێنەرێکیش دەسەلاتی ئەو هاوسەنگ دەوڵەتە ڕاگرتنەی نەبێت، یان پێی وابێ تەنیا تێکست دەتوانێت هەموو بۆشاییەکانی شانۆی بۆ پرکاتەوە، خۆ ئەگەر وابوایەو تەکنیک و سینۆگرافیا نەبونایە، دەبوا هەموو تیکستەکانی چیخەف تا ئەمڕۆش لە دەلاقەکاندا تۆزیان لەسەر هەڵبنیشێ شانۆنامەکانی شکسپیر گەردەلوولی زەمەن رایان مالێ ئەو تێگەیشتنە بەهەڵەیە بووە تا زۆمەنێکی دوور شانۆی کوردییان دووچاری چەقین کردووە و لە بازنەیەکی داخراودا خولی خواردۆتەوە، بایەخ نەدانی هونەریی و زانستی وەک پێویست لەرووە ستاتیکی و سایکۆلۆژی ومەعریفی و تەکنیکییەکانی شانۆ، لایەنێکی هەرە گەورەی لاوازی شانۆی کوردی بووە، وەک هەمان لاوازی بەگشتی لە دروست کردنی ئەکتەریشدا هەبووە، لە ڕابوورودوودا هەندێ لە دەرهێنەرانمان پەروەردەیەکی بەهەڵەی ئەکتەریان کردووە، ئەکتەریان چەشنی تووتی لە قەفەس ناوە، بێ ئەوەی هیچ ئازادییەکی پێ ببەخشن، هەموو کەرەستەکانی سینۆگرافیایان بە فۆرمێکی واقیعی و سروشتی لە نمایشدا بەرجەستە کردووە، قورسایی هەرە زۆری خۆیان خستۆتە سەر دەق، دوور لە دروست کردنی دەلالەت و هیمای گوزارشت بەخش لەو سینۆگرافیا لاوازانە، بۆیە ئێستاش لەگەڵ دابێت خۆ ڕزگار کردن لەو تەقلیدیەت و مەئلوفیەتە، پێویستی بە دەست پێکردنی سەرەتایێکی تر هەیە کە هاوکوف بێت لە گەڵ گۆڕانکارییەکانی زەمەن و پێشکەوتنەکانی، کەچی دەرهێنەری وا هەیە لەسەردەمی ئەمڕۆکەشدا هەمان ئەو توتیانەی پەنجا ساڵ دێنێتەوە سەر شانۆ هەمان شێوازو فۆرم و ستایلەکەی نیو سەدەی بەر لە ئێستا بەکاردێنێ ?هەرگیزیش دان بە کۆتایی خۆی ناهێنێ...



ئەمە بەڵگەی مەرگی شانۆیە لەهەندێ جوغزی جوگرافی و لای هەندێ دەرهێنەری ماوە بە سەرچوو.

هەتا ئێستاش لەنێوەندی هەندێ لەدەرهێنەرە گەنجەکانیشمان کێشەی سینۆگرافیا هەیە لەوانە

بەکارهێنانی سینۆگرافیا بە مانای گەورە کردنی قەوارەی دیکۆرو ئارایشت و هەندێ پێکهاتەی دیکەی سینۆگرافیا نیە، وەک لە نمایشی هەندێ لەو دەرهێنەرە گەنجانەدا دەردەکەوێت، بەڵکو هەر زێدە کارییەک لەو پێکهاتانە وەک سیمایەکی زەق و ناوازە لە نمایشدا دەردەکەوێت کە سینۆگرافیا لاواز دەکات، چەند ئەوەندەی ماندوو بوونی تێدا کرابێت، بەڵکو یەکێک لەڕووە جوانیەکانی سینۆگرافیا ئەوەیە کە دەرهێنەر سیناریۆ بەسادەیی بەرجەستە بکات، بەڵام لە ناو سادەییەکەدا مەغزاو فەلسەفەو ستاتیکای شانۆیی وەک پێویست بگەیەنێت

هەندێکی دیکەیان قورسایی هەرە گەورەیان دەخەنە سەر یەکەیەکی سینۆگرافیا کەچی پێکهاتەکانی دیکە فەرامۆش دەکەن، ئێمە لەشانۆدا گرنگە تا بزمان بکرێت سوود لە هەموو پێکهاتەکانی سینۆگرافیا ببینین بۆ خزمەتی ئەکتەر کە کرۆکی ڕاستەقینەو ڕیشەیی نمایشە

ناکرێت دەرهێنەر لە ڕووی پراکتیکییەوە بۆ دروست کردنی سینۆگرافیا تەنها پشت بەخۆی ببەستێت، وەک هەندێ لەدەرهێنەرە لاوەکانی ئێمە پیادەی دەکەن، بەڵکو گرنگتر لەوە ئەوەیە کەسانی پسپۆر لەوبوارەدا بەشدار بن بۆ دروست کردنی سینۆگرافیا و بەرجەستە کردنی وەک پێویست، چونکە زۆر جار بەکارهێنانی بەهەڵە لە ڕووناکی ، لە موزیک ، لە دیکۆر دەبێتە مایەی لەبار بردنی سینۆگرافیا

دەبێت ئەوکەسانەی ئەرکی کاری سینۆگرافیا دەگرنە ئەستۆ تێگەیشتنیان هەبێ بۆ شانۆ و لەو بوارەدا خاوەن ئەزموون بن، دەرهێنەر هەر کات ویستی ئەو بۆشاییانە بە کەسانی ناپسپۆر پڕ کاتەوە، ئەوە دەبێت ئەگەری ڕوخانی نمایشەکەی بەدوور نەبینێ،

بۆ بونیاتی نمایش دەرهێنەر پێویستی بە دابەشکردنی قۆناغەکانی جێ بەجێ کردن هەیە، هەر لە ئامادەکردنی تێکست و ئەکتەرەوە تا دەگاتە دیاری کردنی کات بۆ پرۆڤەو ماوەی پرۆڤە و بەپراکتیک کردنی، ئینجا خۆ ئامادە کردن بۆ سینۆگرافیاو ڕتووش کردنی نمایش دەرهێنەر ئەگەر هەر قۆناغێک لەو قۆناغانە بە کاڵی بەجێ بهێڵێ و هەر لە سەرەتاوە زۆربەی کاتی خۆی بۆ سینۆگرافیا تەرخانبکات، ئەوە بۆشایی لە پێکهاتەکانی شانۆ دروست دەکات، بە تایبەت لە دروست کردنی ئەکتەردا، کەدواتر کاتی ئەوەی بە دەست نامێنێ پڕبان کاتەوە، سینۆگرافیاکەش ئەو ئامانجانە ناپێکێ، کە دەرهێنەر زۆر لە ئاواتەکانی خۆی لەسەر بونیات نابوو هەندێکی دیکە لەو دەرهێنەرانە تێکست بەهەند وەرناگرن و پێیان وایە تەنها سینۆگرافیا دەتوانێت بینەر ڕازی بکات، دیسان دەرفەتێکی دیکە لەسەرکەوتنی نمایش لە دست دەدەن، چونکە تەکنیک هەر چەند بەهێز بێت ئەگەر نەخرێتە نێو فەلسەفەیەکی دیاری کراو، ئەوە بینەر بە تەنها (شێوە)ی بێ ئامانج نمایشەکەت لێ وەرناگرێت کە هیچ فەلسەفەیەک لەگەڵ خۆیدا نەباتە دەرەوە لە هۆڵی شانۆییدا

شانۆی وێنە جگە لەوەی لە زۆر لە ولاتانی جیهاندا بەرجەستە کراوەو بینەرێکی زۆری هەیە، لە ئێراقیشدا لەساڵانی هەشتاکاندا لەسەر دەستی دەرهێنەری ناسراو (سەلاح قەسەب) وەک ئەزموونێکی نوێ ی شانۆیی گواستراوەتە ئێراق، ئەو کات ژمارەیک لە قوتابیانی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بەغدا کە کورد بوون، توانیان سوود لە شانۆی وێنە وەربگرن، ئەوانیش وەک ئەزموونێکی نوێ بە ناوی شانۆی ئەزموونگەری بیگوازنەوە کوردستان و کاری لەسەر بکەن، سینۆگرافیا لەهەموو قۆناغەکانی ڕابوورودوودا لە شانۆی کوردی دا بەکار هاتووەو ئاستەکانیان بەپێی ئەزموونی تایبەتی دەرهێنەرەکان گۆڕاوە، بەڵام وەک دیاردەیەکی گشتی بە تێرترین شێوە لەکوردستاندا لەشانۆی ئەزموونگەری دا پەرەی سەندووە، دواتریش لەگەڵ پێگەیشتنی کۆمەڵێ دەرهێنەری خاوەن ئەزموون لەو ماوەیەدا سەر لە نوێ بایەخدان بەسینۆگرافیای شانۆیی زێدە بووە

ئێستا بایەخ دان بەسینۆگرافیا نەبۆتە ئارەزوو بە دەست دەرهێنەرەوە، بگرە بۆتە چارەنوسی نمایش بە دەست بینەرەی هوشیاریی شانۆییەوە کە زۆر بەوردی هەڵسوکەوت لەگەڵ نمایشدا دەکات، تا دەرهێنەر لە نمایشدا هەموو مافێک بە بینەر نەبەخشێت،بینەر ئامادە نیە نمایش لە دەرهێنەر وەربگرێت،ئەو دەسەلاتەیە وا دەکات دەرهێنەر بەئاگاییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ نمایشدا بکات، لە نێوان دوو بژاردەدا یەکێکیان هەڵبژێرێ یان ئەوەی بینەر لێی وەردەگرێ یان بێدەنگ بوون.

پایزی خەزان
ئاکۆ عەبدولا



هێشتا زامی کۆچیدوایی کاک (نەجات حەمید) مان ساریژنەبوو، ئێوارەی ڕۆژی 19/12/2019کاک (ئەحمەد حاجی مەولود)، ئەندامێکی دیکەی ستافی هزر و هونەر، مالئاوایی لێکردین و گیانە پەپولەکەی بەرەو دونیایەکەی دیکە، لە شەقەی باڵیدا. بەوەش کۆستێکی دیکە کەوتە دڵی کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان. ناوبراو کە بە ڕەفتاری جوانەکانی، خۆشەویستی هەموو لایەک بوو، هەر لە منداڵیەوە بە ئازارەکانی ئاوارەیی و سەختیەکانی ژیان گۆشیبوو. سەختیەکان وچانیان پێنەدا و تا ساتی کۆتایی، هاوشانی بوون، بەڵام ئەو کە خاوەن ناخێکی پاک و ڕەفتاری ڕەوان و کەسایەتیەکی شکۆدارنەبوو، هەرگیز ملی بۆ کەچ نەکرد. لە تەکیدا نەوەستا و لەبەرامبەر دژواریەکانیش بە خەندەی ڕوخسار و هەنگاوی تۆکمانە بەرگەی گرت.

بەر لە گەڕانەوەی لە ولاتی ئێران، لە بواری ڕۆژنامە کاریکرد. دوای گەڕانەوەش بە زانیاری و لێهاتوویەکی زۆرەوە سەرەتا وەک تایپیست و دواتریش وەک سەرپەرشتیاری دۆسیەی هزر، لە پاشکۆی (هزر و هونەری خەبات) و ئینجا لە لاپەڕەکانی (هزر و هونەر) ی ڕۆژنامەکان کاریکرد. بە درێژایی ئەو ماوەیەش وەک نووسەر، بەشداری کردوو و ژمارەیەکی زۆر وتاری نووسیوە. ئەوە جگە لە وەرگێڕانی بابەتی هزری لە زمانی فارسی کە لەو بوارەدا شارەزایەکی باشبوو.

ئەوەندە من ئاگاربم، بەر لە گەڕانەوەی ساڵی 2004کتێبی (ڕەوان خوێندنەوە و تەجویدی قورئان) ی لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی سنە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە چاپ گەیاندووە. حەقی خۆیەتی وتارەکانی دیکەی کۆبکرێنەوە و لە دووتۆی کتێب بئاخنرێن. ئەو کارەش هەم کتێبخانە دەوڵەمەند دەکات هەمیش گیانی خوالێخۆشبێ ڕازیدەکات. لە ڕوخساردا کارێکی ئاسانە و مافێکی ئەویشە لە سەر هەموومان.

داواخوازین خودای گەورە گیانی کاک ئەحمەد بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و ڕۆژنامە و کارمەندەکانیشی بپارێزێ.

حەسەن حەیران
حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری

جەمال گردەسۆری

بەشی هەشتەم

دەربارەی دوا لاوک

ئەم لاوکە باس لە نسکۆی شۆرشی ئەیلوولی مەزن دەکات کەچۆن سێ دەوڵەت پیلانیان دارشت و بە شێوەیەکی کاتی نسکۆیان بە شۆڕش هێناوە، ئەوانیش یەکیان شایە، دووەمیان دیان بۆما دایانا، سێیەمیان سەدامە، بەڵام بە خەیاڵ خاویان دەزانی لەبەر ئەوەی کورد خاوەنی میرانەو شیعاریان یان کوردستان یان نەمانە، کەواتە خاوەن وڕەی بەرزن و دوورن لە ئومێد بڕی لە ئەنجامیش ئەو ڕاستیە هاتە ئاراوەو شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز سەری هەڵداو نێستاش ڕەنجی بەری ئەو شۆڕشەیە بوویتەتە خاوەن پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی بەڕێوەبەو هەرسێ پیلان ڕێژیش بوونە پەندی زەمانەو ئومێدی نسکۆیان بردە ژێرگل، کوردیش سەربەرزانە ژیاو گەیشتە ئەمڕۆی ئازادی

-4-
دوا لاوک

لە بارەی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن
ئەوە چ قەوماوە
تەمە یان تومانە
یان ئەستێرەیە
لەمە داڕێژتییە مەیدانە
سەرۆک بارزانی لە وەڵامدا دەڵێ:
نەتەمە
نەتومانە
نە ئەستێرەیە داڕێژترایە
لە مەیدانە
بەڵکو ئەمە سێ دەوڵەتە
تەگبیری خۆی دانایە
یەکیان شایە
دووەمیان دیان بۆما دایانا
سێیەمیان سەدامی بێ دین و بێ وێژدانە
بەڵام خەیاڵی وان خاوە
فکرو هۆش سەرێ وان نەمایە
شۆڕشی میرانە
شۆڕشی مەرانە
شوعارێ مە
کوردستان یان نەمانە.

-5-
مێوان مێوان
دەربارەی مێوان مێوان

ئەم لاوکە دەربڕینی هەستی خۆشەویستیە دەربارەی ئەو خۆشەویستانەی کە خۆشیان دەویست و هەر لەبەر ئەو خۆشەویستیەوە سەردانیان دەکرد بە تایبەت لە سەردەمی شۆڕش و غەریبایەتی چونکە ئەوزاتە زۆر بەڕێز بوو زۆر خۆشحاڵبێش دەبوو بە میوانان، ئەم لاوکەش لە هەوێنی خۆشەویستەکانی دایڕشتووەو لە دوای کەمێک دانیشتنی زۆربەی هاتنی میوانەکانی ئەم لاوکەی بۆ چڕیون چونکە دوای وتنی لاوکەکە ئاسوودە دەبوو تاوەکو لای میوانەکەش ڕوون و ئاشکرا بێت کە خۆشحاڵە بە هاتنی ئەو برادەرەی بەمەش دانیشتنەکە لایان خۆشتر دەبوو.

مێوان مێوان

دەمێوان، مێوان ،مێوان ،مێوان، مێوان ،مێوان
دەمێوانۆ ڕێ دوورو مسافرۆ
دێبێیا بابێ کەوکوژۆ مالێ بابێ بە مێوانۆ
کەچێ دەبێ مێوان دایێ
مێوانە کاوا هاتە مارێ بابێ
مێوان لەخۆ چەندە تەرزی
دەبم بە خولامی جوانیە وسفی کوڕە لاوکی خۆنە
کا کۆمی سوارانی سەتجار
زەینێ خۆ بدە بە نیشانێ
دەمێوان، مێوان، مێوان، مێوان، مێوان، مێوان
دەمێوانۆ ڕێ دوورۆ مسافرۆ
دێبێیا بابێ کەوکوژۆ مالێ بابێ
مێوان بە مێوانۆ
دەمێوان مێوان، مێوان، مێوان، مێوان، مێوان
کەچێ دەبێ دایێ دیسان میوانەکا
هاتە مارێ بابێ مێوانێ بە مێوانێ
ئەزێ دەبم خولامی جوانیە وەسفی کوڕە لاوکێ
خۆش بێ داسوار بەرنگار وێ قەزوانێ
کورۆ مێوانۆ شیرینۆ شەکرۆ
دێبێیا بابە مەعلومە تە مێوانێ
مێوانێ جوتێ مەمکێ خڕێ دفنجانێ
گەر دایک و بابێ من گز واچیە شەوێ نیێ پاراشەوێ لێف و دۆشەکان دابنێ
هەموو گۆزانییانە تۆمار بکرانایە بێگومان خۆی لە دەیان گۆزانی دەداو ئەوکات هەم دەوڵەمەندی ئەم کتێبەو هەم دەیان گۆزانی فۆلکۆری کوردی لە فەوتان ڕزگاری دەبوو، بەڵام حەسەن حەیران ئەوەی بە هەند هەڵ نەگرتووە، ئەو هەردەم بەو ئومێدە بووە لە زۆربەی بەڕەنگار بوونەوەکانی بەرامبەر دوژمن بەشدار بێت تاوەکو بە زوویی دوژمن ناچاربێت دان بە مافی ڕەوای کورد بنێت و لە پێناویدا بحەسێتەوەو وەک دەوڵەتە سەربەخۆکان بە ئازادی بژی، حەیف لەو میژووە پاکەیەیی و ئەو هەموو هەوڵ و بەشداریەی لە شۆڕشدا ئەمڕۆی ئازادی بە چاوی خۆی نەبینی، بەڵام دڵی شادەو ژیانێکی سەربەرزانەو مەردانەو کورد پەروەردانەی بەسەر برد، هەموو کورد پەروەردێک شانازی پێوە دەکات.

-1-
دەرێ و دەرێ

هەی دەرێ و دەرێ و دەرێ و دەرێ
هەی مارە بابم کێرێ
هەی دەرێ و دەرێ و دەرێ و دەرێ
هەی مارە بابم کێرێ
* * *
لەسەر کێوی ئەرمە لوو
هەی کورتەکەی خاڵ لە ڕوو
پێم گۆت لە بۆ ماچەکی
سوتام ئاگرم تێبەر بوو
دوو مسقال ژینم هەبوو
دامنا لەسەر باڵای تروو
سپی- یە دەرێی قەنداوە
برندی بە ڕەک چاوە
سینگت پەمۆی سیساوە
دانە دانە کراوە
* * *
هاتە خوار لە تەلانی
وەک بڕنۆی دەست کوردانی
سینگت بەفری یەک شەوی
مەمکت لیمۆی دوکانی
پەنجەم گەییە سەر مەمەی
دەرێ داکم دەزانی
* * *
دەبڕۆ دەبڕۆ شوێنێک
جوان دەڕوا لە پێشێ
کراسەکی لە بەر دایە
تەنکە وەک پەڕی میشێ
پەنجەم گەییە سەر مەمکی
دەگریا دەیگۆت دێشێ
ماچەکە سەری کوڵمەکان
داخی دڵەکەت با برشێ
* * *
هەی دەرێ و دەرێ و دەرێ
دەک مالە بابم کێرێ
هەی دەرێ و دەرێ و دەرێ
د

کانی کاوە کچە یاریزانی تۆپی دەستی یانەی قەڵا:

ئەگەر پۆستێکی وەرزشیم هەبوایە کەسی شیاوم بۆ شوێنی شیاو دەستنیشان دەکرد







دیمانە: سەرهەنگ نەجمەدین

زۆر بەهرە هەن بەهۆی دوور یاریان لەنێو دەزگا ڕاگەیاندنەکان و میدیاکانی وەرزشی کوردستان بەشێوەیەکی باش لەلایەن خوێنەرانی وەرزشی کوردستان تایستا نەناسراون ، بەتایبەتی زۆر لەیاریزانانی کچانی یانەکانی کوردستان هەن بێگومان خاوەن بەهرەیەکی یەکجار بەرز و بەتوانان لەبواری وەرزش و یاریکردندا، بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی بایەخ و گرینگی بەیاریزانەکانی بیانی و وڵاتانی دەرەوە دەدرێت ئەوەند بایەخ وگرینگی بەهەوالّ و چالاکییەکانی نێو خۆیی نادرێت وەک پێویست، بۆ ئەم مەبەستە بەباشمانزانی کچە وەرزشوانێکی یانەی قەڵا لەیاری تۆپی دەست بدوێنین خاتوو کانی کاوە تاهیر خوێندکاری زانکۆ لەبارەی سەرەتا وەدەستپێکی ژیانی وەرزشی خۆی بۆ ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند:

بێگومان لەسالّی 2008تاوەکو سالّی 2013 یاریزانی تۆپی بالە بووم، پاشان ڕوومکردە یاری تۆپی دەست و یەکەم دەستپێکی ئەو یارییەم لەیانەی وەرزشی قەڵا بوو، ئەگەرچی ئەم وەرزە بەهۆی هەندێک کاری تایبەت نەمتوانی بەشداری لەخولی ئێراق وکوردستان بکەم، بەڵام بەنیازم دووبارە دەست بەیاری تۆپی دەست بکەم کەماوەیەک لێی دابراوم، بەڵام تائێستا کردنەوەی خول وپاڵەوانیەتی لەهەموو ئێراقدا بەتەواوی ڕاگیراوە ئەمەیش بەهۆی بارودۆخی ناسەقامگیری شەقامەکانی ئێراقە کەتیایدا خۆپیشاندان دەکرێت.

هەر لەدرێژەی قسەکانیدا ئەم کچە وەرزشوانە لەبارەی دنیای وەرزشەوە گوتی: وەرزش زۆر شتی پێ بەخشیوم، خۆشەویستی هاوڕێیانی نێو بواری وەرزش ، هەروەها ناسینی کۆمەڵێک کچی وەرزشوان کەبەهاوڕێیەتیان زۆر خۆشحاڵ و ئاسوودە بووم.

توتیشی: زۆر سەرسامی ئاستی لۆرا فان دێری کچە یاریزانی تۆپی دەستی هۆڵەندیم ، کەناوبراو یاریزانێکی ئاست بەرز و بەتوانای ئەم یارییەیە.

سەبارەت بەوەرگرتنی پۆستێکی وەرزشی لەکوردستان یەکەم کاری بەرێزتان چی دەبێت لەم بوارەدا ئەگەر هاتوو بەرێزتان بوونە بەرپرسێکی تەورەی وەرزشی ئەم وڵاتە، خاتوو کانی بۆ ئەم پرسیارە گوتی: پێش هەموو شتێک بووجەیەکی باش بۆ هەموو وەرزشەکانی کوردستان دابین دەکەم و هەموو وەرزشەکان بەیەک چاو سەیر دەکەم بەبێ جیاوازی، پاشان کەسی شیاو لەشوێنی شیاوەکان دەستنیشان دەکەم بەتایبەتی شارەزایەکی تەواوی لەبواری وەرزشدا هەبێت.

بۆ وەرگرتنی هەندێک زانیاری دوور لەبواری وەرزش ئەم چەند پرسیارەی ئاراستەی خاتوو کانی دەکەین :

ئەگەر دیاریەکی تایبەتیت هەبێت پێشکەشی کام کچە یاریزان دەکەیت؟

بێگومان پێشکەشی خاتوو پەرێز یاریزانی یانەی هەولێر دەکەم.

هاوڕێی باش: بەیەکێک لەئەندامانی خیزانەکات هەژمار دەکرێت.

ژیان: واتە بەردەوامبوون و کۆڵ نەدان تاکۆتایی .

کوردستان: جوانترین و پیرۆزترین ناوە لەهەموو ژیانمدا.

ڕەنگێکی جوان بەداتەوە کام ڕەنگە: هەموو ڕەنگێکم خۆش دەوێت.

دایک: بەهیچ شێوەیەک وەسفی دایک ناکرێت، ئەو لەخۆم لەهەموو کەسێک خۆشەویستر.

گواردیۆلا چاودێری 4 بەرگریکار دەکات

دەیەوێ لای چەپەی یانەکەی بەهێزبکات و پێی وایە ئەو شوێنە وەک پێویست نەتوانراوە پڕبکرێتەوە.

گواردیۆلا ناوی 4بەرگریکاری پێشنیارکردووە کە بیانباتە ریزی یانەکەی ئەوانیش سکرینیاری بەرگری یانەی ئەی سی میلان، ماتفینکۆ بەرگریکاری یانەی شاختار دۆنیستک، ناسان ئاکی بەرگریکاری یانەی بۆرنموس.



ئیمرسۆن دەگەڕێتەوە بەرشلۆنە



ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتالۆنی بەهەوالێک هەموانی تووشی شۆک کرد، کاتێک بلاوی کردەوە کە ئیمرسۆنی یاریزانی یانەی بیتسی ئیسپانی.

بەرشلۆنە ئەگەر لە سالی 2021بیەویت ئیمرسۆن بگێڕێتەوە ئەوا لەسەرەتای بری 16ملیۆن بورۆ بدات نەوەک 12 ملیۆن کە میدیاکان باسی لێوەدەکەن، ئیمرسۆن کە بەخوازراوی چوەتە یانەی بیتس، تا سالی 2021 بەرشلۆنە مافی هەیە بیگێڕێتەوە.

جێی باسە ئیمرسۆن لەم مانگەدا بەدرێسی ریال بیتس 3 گۆڵی تۆمارکردوە لەگەل 4شاسیست، کە یەکێکە لەدیارترین بەرگریگار لە خولی ئیسپانی بەشداری کردوە لە گۆڵ تۆمارکردن.

لە خولی نایابی کوردستان

سبەی سیروانی نوێ و دەربەندیخان، نەورۆز و هەندرێن، زێرەڤانی و هەولێر بەیەک دەگەن





هەولێریش لە شاری دهۆک لەسەر یاریگای یانەی زێرەڤانی رووبەڕووی یانەی خاوەن یاریگا دەبێتەوە، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری باشیان کردوە و چاوییان لەوەیە سێ خاڵی یارییەکە بۆ خۆیان یەک لای بکەنەوە، دهۆکیش لەسەر یاریگای خۆی میوانداری یانەی پێشمەرگەی هەولێری بریندارەدکات بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانەی ئامادەکاری پێویستیان کردوە بۆ ئەوەی بتوانن سێ خاڵی یارییەکە بۆ خۆیان یەک لای بکەنەوە، پێشمەرگە هەرچەندە ئەرکی قورسە، بەڵام دەیەوێت لە دهۆکەوە کێبڕکێ پێشەنگی یانەکان بکات، ئەم هەفتەیەش یانەی سۆران چاوەڕوان دەبێ، سەرجەم یارییەکانیش لەکاتژمێر 2خولەکی دوای نیوەڕۆ بەرێوە دەچێت.

1-سیروانی نوێ16خاڵ
2-سۆران15خاڵ
3-پێشمەرگەی هەولێر15خاڵ

کارزان کانەبی

لەمیانی یارییەکانی هەفتەی یازدەهەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە قۆناخی یەکەمی خولەکە بڕیارە سبەی هەینی شەش یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانەکانی کوردستان بەرێوەبچێت لە نێوان یانە بەشداربووەکان، لە شاری سلێمانی سلێمانی ئەم هەفتەیە سێ رووبەڕووبوونەوەی بەهێز بەرێوەدەچێت. یانەی سیروانی نوێ پێشەنگی یانەکان لەسەر یاریگای خۆی و لەبەردەم هاندەرانی یانەکە میوانداری یانەی دەربەندیخان دەکات بۆ ئەم یارییە یاریزانانی هەردوو یانە بە ووردیەکی بەرز رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، بۆ ئەم یارییە سیروانی نوێ دەیەوێت پێشەنگی یانەکان بپارێزێت و سێ خاڵی تریش بخاتە سەر کۆی خاڵەکانی، دەربەندیخانیش دەیەوێت بە سێ خاڵ زیاتر خۆی لە پێشەنگی یانەکان نزیکتر بکاتەوە ئەم یارییەش یەکێک لە یارییە بەهێزەکانی ئەم هەفتەیە دەبێت، هەر لە سلێمانی یانەی نەورۆز لە سەر یاریگای زانکۆ میوانداری یانەی هەندرێنی شاری هەولێر دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی یانەی نەورۆز بە ورەیەکی بەرز یاری دەکەن کە هەفتەی رابردوو گەورەترین سەرکەوتنیان بەسەر پێشمەرگەی هەولێر تۆمارکرد، بۆیە ئەم هەفتەیەش دەیانەوێ بە هەمان ریتمی هەفتەی رابردوو یاری بکەن و زیاتر خۆیان لە پێشەنگی یانەکان نزیک بکەنەوە، یانەی هەندرێن چاوی لەوەیە لە دەرگای یانەی نەورۆزەوە هەڵستانەوەیەک بکات و ئەنجامی خۆی چاک بکات و بە سێ خاڵی گرنگ بگەڕێتەوە پایتەخت، پێشمەرگەی سلێمانیش لەسەر یاریگای فەرماندەیی میوانداری یانەی زاخۆ دەکات، بۆ ئەم یارییەش هەردوو یانە ئامادەکاری باشیان کردوە بۆ ئەوەی بتوانن سێ خاڵی یارییەکە پێشکەشی هاندەرانیان بکەن، هەردوو یانەش چاویان لەوەیە بتوانن بە سێ خاڵ لە یاریگا بێنە دەرەوە ئەنجامی تیپەکەیان باشتر بکەن لەم قۆناخە، لە هەولێریش یانەی برایەتی میوانداری یانەی شێروانەی گەرمیان دەکات، کە ئەم وەرزە یانەی شێروانە هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە هەرچەندە ئەرکیان قورسە بەرامبەر برایەتی، بەڵام گەرمیانییەکان دەیانەوێ لە سەر حیسابی برایەتی یەکەم سەرکەوتن تۆماربکەن، برایەتیش بە پاڵپشتی هاندەران و یاریگا دەیەوێت درێژە بە ئەنجامە باشەکان بدات و لەسەر حیسابی یانەی میوان بە سێ خاڵی گرنگ زەنگی مەترسی بۆ یانەکانی تر لێبدات،

خانمە راهێنەریکی فلیپین بۆ خەبات: راهێنەر لەسەریەتی بەردەوام ئاگاداری دوا گۆڕانکاری و پلانە تازەکانی شەترەنج بێت



ڕاپۆرت: هاوار مورتکەیی

ماری جۆی ئینکالادۆ ئەو خانمە راهێنەرەی شەترەنجی وڵاتی فلیپینە کەلە ساڵی 1983لە ئەبرا لەدایک بووە، پێی وایە کە شەترەنج یاری دروستکردنی بڕیارە و هەر لەبەر ئەمەشەوە خۆی داوەتە ئەو یارییە و ئێستا ژمارەیەک شەترەنجزان لەژێر راهێنە رایەت

ی ئەودان، ئەو خانمە لە لێدوانێکیدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات رایدەگەیەنێت کە خەونی ئەو ئەوەیە یاریزانەکانی نازناوی گراندماستەر بەدەست بهێنێت.

خەونی گراندماستەری یاریزانەکانیەتی

ماریا دەڵێت: لەبەر ئەوە شەترەنج هەڵبژارد لەنێو وەرزشەکانی تر چونکە سەرەتا وەک ئارەزوویەک بوو بۆ من، دواتر بووە سەرچاوەی بژێوی ژیان، ئەگەرچی ئاستم نەگەیشتە ئەوەی نازناوی ئاسیا بەدەست بهێنم، بەڵام بەشداری چەند خولێکی راهێنەرایەتیم کرد و ئەو شارەزاییەی پەیداشم کردبوو، ویستم کاری لەسەر بکەم و بەردەوام بم ئەویش وەک راهێنەر لە یانەی شەترەنجی ئۆنیسان، کە ژمارەیەک یاریزانم هەنە و جێی ئومێدن لەدوارۆژدا، خەونی منیش ئەوەیە کە ئەوان لەدوارۆژدا نازناوی گراندماستەر بەدەست بهێنن، بڕوایەکی تەواویشم پێیان هەیە کە لەداهاتوودا شانازیان پێوەبکەم.

شەترەنج کەسایەتی منی دروستکرد

دواتر ماریای خانم راهێنەر زیاتر گوتی: بەردەوام ئامادەی خولەکانی راهێنەرایەتی دەبم، چونکە راهێنەر لەسەریەتی ئاگاداری دوا پلان و زانیاریەکانی شەترەنج بیت، ئەگەر تۆ زانیاریەکانت ئەپدیت نەکردووە، ئەوا لە سوچێک دەچەقیت، و پێش ناکەوی، بڕیاریشم داوە بەردەوام بم لەسەر راهێنەرایەتی و ەزناهێنم، دەتوانم بڵێم شەترەنج تێکەڵ یەخوێن و ژیانم بووە، ئەوەی شەترەنج لەژیانی رۆژانەمدا فیری کردووەم، هەرگیز لەیادی ناکەم و شەترەنج منی کردە کەسایەتییەکی دیکە.

لوکاکۆ: رۆنالدۆ منی لە خولی ئیتالیا ئاگادار کردەوە



یاریزانی بەلژیکی، ڕۆمیلۆ لوکاکۆ، هێرشبەری یانەی ئنتەرمیلانی ئیتاڵی، ئەو ئاگادارکردنەوەی ئاشکراکرد، کە لەلایەن کریستیانۆ ڕۆنالدۆ، ئەستێرەی یانەی یۆڤانتسەوە پێی گەیشتووە، بەر لەوەی ڕوو بکاتە ریزەکانی یانەی نیراتزۆری. ئەمەو لوکاکۆ، لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەی ڕابردوودا، بە بڕی 83ملیۆن یۆرۆ، لە یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزییەوە، ڕووی کردە ریزەکانی ئینتەرمیلان و تاکو ئێستا 12 گۆڵی لە کالچیۆ تۆمار کردووە و، بە دوو گۆڵ لە پێش ڕۆنالدۆوە دێت. لوکاکۆ، لە میانی لێدوانی بۆ ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) گوتی: کریستیانۆ ڕۆنالدۆ، پێی وتم، خولی ئیتالیا خاوەنی باشترین هێڵەکانی بەرگرییە لە جیهاندا.

هەروەها گوتی: ڕۆنالدۆ پێی گوتم، لە هەموو شوێنێک یاری کردبێت گۆڵی تۆمار کردووە، بەڵام دووبارەکردنەوەی هەمان شت لە خولی ئیتالیا، زۆر ئەستەمە". وتیشی:"کاتێک شتەکە بەلای ڕۆنالدۆوە ئەستەم بێت، دەبێت بەڕاستیی ئەوها بێت". لوکاکۆ ئەوەشی وت:"تۆپی پێ لە ئیتالیا، زۆر لە هاوتاکەی لە ئینگلتەرا ئەستەمترە، لە پریمەرلیگ یارییەکان بەهێزترن، بەڵام لە کالچیۆدا، هەموو شتەکان لە چواردەوری پلان و تەکتیکەکان دەخوڵێنەوە". ئەمەو لوکاکۆ، دڵخۆشی و ئاسوودەیی خۆی دەربڕی، لەوەی چیتر ناچار نییە مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی ئینگلتەرا بکات، کە زۆر بە دەستییەوە وەڕەس بوو. شیاوی باسکردنە، ڕۆمیلۆ لوکاکۆ، لە دوایین وەرزی لەگەڵ شەیتانە سوورەکاندا، توانی 12 گۆڵ لە 32 یاریی تۆمار بکات، کەچی لە کالچیۆدا، تەنیا لە 15یاریی، توانیویەتی ئەوەندە گۆڵ تۆمار بکات لەم وەرزەدا.

ڕەمزی میرەکانی

ئەمشەو گریزمان لە بەرەنگاربوونەوەیەکی تازەیدا دەبێت

بەرەنگاربوونەوەیەکی تازە چاوەڕێی گریزمانی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە دەکات کاتێک ئەمشەو کاتژمێر 10بەکاتی هەولێر، لە میانی جامی سووپەری ئیسپانی لە سعودیە ڕووبەڕووی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەبیتەوە.

گریزمان هەوڵی ئەوە دەدات لەو یارییەدا خۆی بسەلمێنێت و ڕابەرایەتی یانەی بەرشلۆنە بکات لە بردنەوەی لە ئەتلەتیکۆ و دواتر سەرکەوتنیان بۆ یاریی کۆتایی، بەڵام پێدەچێت لەم ئەرکەیدا سەرکەوتوو بێت، چونکە چەندین ساڵ لەو یانەیە یاری کردووە و میدیاکانی کەتالۆنیاش چەند ڕۆژێکە ئەو پرسەیان وروژاندووە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Thu.9. Jan. 2020 No: (5907)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

نەتەوەی کورد و ژیان لە کوردستان باشترین هەوێن بۆ هەڵبژاردنی ئایدیای فیلمێک

دەرهێنەری لاو بڕیار بەختیار: زۆربەی فێستیڤاڵە سینەماییە ناوخۆییەکان لە ئاستێکی لاوازی بەڕێوەبردندان

سینەمای کوردی لەسەر ئاستی کورتەفیلم لە ئێستادا قۆناغێکی باشی بڕیوە و بەرهەمی باش هەن کە لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا کێبڕکێی بردنەوەی خەڵات دەکەن



دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

بڕیار بەختیار ، لەدایکبووی ساڵی 1992 لە شاری سلێمانی ، ماوەی 13ساڵە لە بواری سینەما و ڕاگەیاندن و ڕێکلامی ڤیدیۆیی کار دەکات، بە چەند پۆزشنێکی جیاواز بەشداری زیاد لە 10کورتە فیلم و فیلمی ماوە درێژی دۆکیومێنتاری کردووە ، نوێترین بەرهەمیشی کە وەک دەرهێنەر و ڤیدیۆگرافەر کاری تێدا کردووە بەرهەمهێنانی کورتەفیلمێکی دۆکیومێنتارییە بە ناوی(MOM.)ئەم دەرهێنەرە لاوە لەدیمانەیەکدا بەم جۆرە بۆخەبات دوا:

نوێترین بەرهەمت دروستکردنی کورتە فیلمێکی دۆکیومێنتۆری بوو بەناوی (MOM)، لە ئێستادا کارەکانی ئەو بەرهەمە بە چ قۆناغێک گەیشتووە؟

سەرجەم کارەکانی ئەو کورتەفیلمە کۆتایی پێهاتووە و لە ئێستادا سەرقاڵی دارشتنی پلانێکی تۆکمەین بۆ ناردنی بۆ فێستیڤاڵە سینەماییەکانی جیهان ، بە ئومێدی بەدەستهێنانی ئەنجامی باش.

پاش ئەو هەموو ساڵە کارکردن وەک سینەماتۆگراف، بۆچی ویستت لە کورتەفیلمی (MOM) دا وەک دەرهێنەر کار بکەیت ؟

پێشتر لە چەندین کورتەفیلمی سینەماییدا بە چەند پۆزشنێکی جیاواز کارم کردووە ، ئەزموونی چەند ساڵەم ڕێگام پێدەدات کە بتوانم وەک دەرهێنەر بەرهەمم هەبێت ، بەڵام هۆکاری سەرەکیی دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی دەرهێنەری پڕۆفێشنال، بۆئەوەی سینەماتۆگرافەریش بتوابێت جێدەستی لە کارەکەیدا دیار بێت و گونجاوترین و باشترین کار ئەنجام بدات و دواتر بتوانێت شانازی بکات کە لەو بەرهەمە سینەماییەدا وەک سینەماتۆگرفەر کاری کردووە.

لەگەڵ کام دەرهێنەری سینەمایی کارت کردووە کە پێتوایە بەتوانایە و ئاسودەبوبت لە هەڵسوکەوتی وەک دەرهێنەر؟

یەکێک لە باشترین دەرهێنەرەکان کە زۆر ئاسودەبووم لە کارکردنمان بەیەکەوە دەرهێنەر و ئاکتڕێس خاتوو کاردینا هێمنە ، لە نوێترین کاریدا من وەک سینەماتۆگرافەر کارم بۆ کرد ، بینیم کە چۆن دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئاستەنگییەکانی کە لەکاتی بەرهەمهێنانی فیلمدا بۆی دێتە پێش.



ئومێدت بەسینەماکارە لاوەکان هەیە کە بتوانن داهاتووی سینەمای کوردی بەرەو پەجیهانیی بوون ببەن؟

سینەمای کوردی لەسەر ئاستی کورتەفیلم لە ئێستادا قۆناغێکی باشی بڕیوە و بەرهەمیی باش هەن کە لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا کێبڕکێی بردنەوەی خەڵات دەکەن یاخوود چەندین خەڵاتیان بەدەستهێناوە کە بەرهەمی سینەماکارە لاوەکانن ، بەهیوام ئەم کورتەفیلمانە ببنە هەوێنی دروستکردنی چەندین فیلمی درێژ و باش تا بتوانین بۆ جیهانی بسەلمێنین کە بەڵێ کورد و سینەماکارانی کوردیش بەرهەمیان هەیە و جێدەستیان دیارە و لەکۆتاییدا سینەمای کوردی پانتاییەکی گەورەی دنیای سینەما داگیر بکات .

بۆچی بەرهەمە سینەماییە ناوخۆییەکان کەمتر لە فێستیڤاڵە ناوخۆییەکان دەبینرێت ؟

چونکە زۆربەی فێستیڤاڵە سینەماییە ناوخۆییەکان لە ئاستێکی لاوازی بەڕێوەبردندان ، هەروەها خەڵاتەکان لەسەر بنەمای پەیوەندی تاکەکەسی و چەند بنەمایەکی تر دابەش دەکرێت کە نامەوێت باسیان بکەم .

بینەر و هۆڵەکانی سینەما بەرەو ئاشتبوونەوە دەچن ، پێت وایە هۆکار چیبە ؟

وەک هەمیشە هونەرمەندانی سلێمانی دەستپێشخەر بوون لە هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی درێژی سینەمایی و بەرهەمیان هێنا ، ئەگەرچی لەڕووی هونەری و تەکنیکی و ناوەڕۆکەوە قسە هەیە لەسەر فیلمەکان ، بەڵام لەکۆتاییدا توانیان کارێک بکەن کە بینەر و هۆڵەکانی سینەما بەیەک شاد بکەنەوە ، ئەمەش جێی دەستخۆشییە . حەزدەکەیت لەکام ژانرای سینەمادا فیلم دروست بکەیت ؟

پێمخۆشە لە ژانرای درامی و چیرۆکی ڕاستەقینەدا فیلم دروست بکەم ، نەتەوەی کورد و ژیان لە کوردستان باشترین هەوێن بۆ هەڵبژاردنی ئایدیای فیلمێک .

دوا کار و پڕۆژەت لەبواری سینەما چیبە؟

لەساڵی 2020دا چەندین پڕۆژەی هونەری ئەنجام دەدەین ، گرنگترینیان بەرهەمهێنانی فیلمێکی فێکشنە کە ماوەکەی زیاد لە 40 خولەک دەبێت ، بەهیواین بتوانین بەرهەمی باش دروستبکەین و خزمەت بە سینەمای کوردی بکەین



فرمێسک: بە هیوام ئەمساڵ ببێتە ساڵی سەلامەتی بۆ هەمووان

توانا زرار:

خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ،ساڵی ڕابردوو بەساڵیمی پڕ ئەزموون و سەرسوڕهێنەرە لەژیانی خۆیدا وەسف دەکات.فرمێسک دەڵێت: ساڵی ڕابردوو بۆ من پڕبوو لەئەزموونی نوێ و سەرسوڕهێنەر، تەنیا تێپەڕبوونی یەک ساڵ لەتەمەنم نەبوو ،بەڵکو لەو ساڵەدا بیر و هزر و ئەزموونەکانی منیش ساڵێک گەورەتر پوختتربوون،شتی نوێم بینی و لەگەڵ مرۆڤ گەلێکدا ئاشنابووم و هەڵگری بیر و بۆ چوون و هەڵوێستی جیاجیا و سەیر و سەمەرە بوون و پێم ایە سەرجەم ئەم بۆمن جوان و بوون.

بەڵام لەهەموو ئەوانە جوانتر بۆمن تێگەیشتم هەموو شتێک لەو جیهانە دەگوزەرێ و تێپەڕ دەبێت، ئەوەی دەمێنێت بیرەوەرییەک و ئەزموونێک دێتە یاد. لە کۆتایشدا دەڵێت بەهیوام ئەم ساڵە تازەیە بۆ هەمووان ببێتە مایەی ئازادی و تەندروستییەکی سەلامەت.

ئەپدەیتی نوێی Xbox one ڕاگەیاندرا



هەردەوان: بەپێی هەواڵێک کە وێبسایتی (Engadget) ئاماژەی پێداوە، دوای ئەو هەموو ماوە چاوەڕوانیە لە کۆتایدا ئەپدەیتێکی سۆفتوێری وەرزی بەهاری کونسوڵی ئێکس بۆکس وەن بڵاوکرایەوە وە بەردەست کرا بۆ گشت بەکارهێنەرانی، ئەم نوێکاریەی مانگی ٤ ، پێش هەموو شتێک تێیدا دیزانێکی نوێی ڕووکارەکەی تێدا بەدی دەکرێت، و زیاتر سادە بوونی و خێراتربوونی لەم نوێکاریەدا گرنگترین خاڵەکانی ئەپدەیتەکەیە.

خێراتربوون دۆزینەوەی گروپێک تاوەکو بتوانی تێیدا نیشتەجێ ببیت.هەروەها جگە لەوانەش، بەشی Guideیش زیاتر خێراتر بوو لەچاو ڕابردودا و دەتوانی دەستت بگات بە نوێترین ئەپلیکەیشنەکان و موزیکی پاشبنەما و ڕێکخستنی گەیم پلەیەکان تاوەکو خێرایەکی زیاتریان تێدا بەدی بکرێت، و لەهەمان کاتیشدا هەندێک لە گۆرانکاریەکانی بە شێوازێکی فراوان لە مولتی تاسکینگدا کراوە. ڕووکاری بنیات نانەوەی هاوکاری کەری کۆرتانا تێدا بەدی دەکرێت .لەگەڵ ئەو هەموو نوێکاریە نوێیەکە خاڵێکی نێگەتیڤیش هەیە کە پێویستە باسی لێوە بکرێت ئەویش سڕینەوە و لابردنی باروودۆخی SNAPـە بەڵام شتێکی ئەوتۆ و گرنگ نییە.

شایەنی باسە کنسوڵی نەوەی هەشتەمی مایکرۆسۆفت، ئێستە سود لە تایبەتمەندی ستریمی لەڕێگای BEAMوەردەگرێت ، و گەیمەران دەتوانن سەرکێشیەکانی یاری کردنیان لە جێگای تویچ ، لە ڕێگای سێرڤەری ستریمی Micro-softs in-houseـەوە پەخش بکەن ، دەکرێت بڵێین بە باشترین نوێکردنەوەی ئێکس بۆکس دێتە هەژمار .

